





# ئەحمەد کایا؛

## چریکەیەکی بەسۆز بۆ خۆشەویستیی و هاوارێک بۆ ئازادیی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:

١- ئەحمەد کایا........................................................... ویکیپیدیاوە ..... ٣
٢- ئەحمەد کایە و دیدگای بەرامبەر بە ژیان و سیستەمی سیاسی................................ باسنیوز ..... ١٢
٣- ئەحمەد کایا؛ ژیانی سەخت و مردن لە ئاوارەییدا.......................................... پەیسەر ..... ١٥
٤- لەبارەی کۆچی (ئەحمەد کایە) وە............................................... پەیڕەو ئەنوەر ..... ١٩
٥- دەربارەی ئەحمەد کایە و ڕەسیزمی هونەرمەندانی تورک.................................. د. مەغدید سەپان ..... ٢٢
٦- ئەحمەد کایا هونەری ئازادی و خۆشەویستی............................................ ڕێژوان تەها ..... ٢٦
٧- سەردار ئۆرتاچ، هونەرمەندی دیاری تورکیا، لە نوێترین لێدوانیدا ئاماژە بە پەشیمانیی خۆی دەدات بۆ ئەو هەڵوێستەی بەرامبەر بە ئەحمەد کایا نواندوویەتی........................................................ ٣٤
٨- ئەحمەد کایا.. هونەرمەندی شۆڕشگێڕی کورد............................................ حەسەن فەلاح ..... ٣٦
٩- هەردوو چاوم ئەحمەد.................................................................. شوان ئەحمەد ..... ٤٠
١٠- ئەحمەد کایا ڕۆحێکی یاخی.......................................................... علی جمال ..... ٤٢
١١- ئەحمەد کایا، دەنگێک دەبێ لەسەر نۆتەی خشپەی گەڵا و لەبەر سوناتای باراندا هەڵیمژی...... شادی نیکخا ..... ٤٥
١٢- لە یادی ١٥ ساڵەی ماڵئاوایی ئەحمەد کایا............................................. ئاسۆ حامدی ..... ٤٩
١٣- ئەحمەد کایا........................................................................ کورد کۆلێکت ..... ٥٦
١٤- ئەحمەد کایا وەکو شاعیر، هونەرمەند، شۆڕشگێڕ....................................... پەیسەر ..... ٦٣
١٥- ئەحمەد کایا؛ چریکەیەکی بەسۆز بۆ خۆشەویستیی و هاوارێک بۆ ئازادیی.................. ڕۆژ نیوز ..... ٨٢
١٦- ئەحمەد کایا؛ دەنگ و زایەڵەی چەوساوەکان و گەلە ستەم دیدەکەی........................... ڕاماڵ خونچە ..... ٨٥
١٧- ئەحمەد کایا........................................................................ میکائیل عەبدوڵلازادە ..... ٩٢
١٨- ئەحمەد کایا، هونەری کرد بە چەک بۆ ئازادیی گەلەکەی.................................... بەرهەم لەتیف ..... ١٠٠
١٩- نامەیەکی ئەلیف شەفەق بۆ ئەحمەد کایا...................... محەمەد عەطا ..... وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی ..... ١٠٥
٢٠- ئەحمەد کایا دیموکراتی ماندو......................................................... ئازاد نجم ..... ١٠٨
٢١- ئەحمەد کایا ٢٠ ساڵ پێش بە خاک سپێردرا بەڵام هێشتا لە دڵی کوردەکاندا زیندووە........... دارکا مازی ..... ١١٦
٢٢- ئەحمەد کایا ١٦ی نۆڤامبری ٢٠٠٠....................................................... عەزیز سیامەندی ..... ١١٩
٢٣- کچەکەی ئەحمەد کایا: باوکم زۆر حەزی دەکرد فێری زمانی کوردی بێت............................ وشە ..... ١٢١



سەرچاوە
Serchawe

# ئەحمەد کایا



**لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە**

ئەحمەد کایا (٢٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٧ لە مەلەتی، تورکیا — ١٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٠

لە پاریس، فەڕەنسا) گۆرانیبێژ، ئاوازدانەر و مۆسیقاژەنێکی کورد بوو کە لە شاری مەلەدیی باکووری کوردستان لەدایکبووە. لە دوای ئەوەی باوکی سازێکی بۆ کڕی، ئەحمەد لە تەمەنی شەش ساڵییەوە خەریکی مۆسیقا بووە. پێش ئەوەی وەک گۆرانیبێژ دەرکەوێت، ماوەیەک لە ئەستەمبوڵ شۆفێری تەکسی بووە. هەروەها لەگەڵ دۆستێکی خۆشەویستی بەناوی بەشار ئابی کاری شۆفێری پاسیشی کردووە.

کایا لە ساڵی ١٩٨٥ یەکەمین ئەلبومی خۆی بە ناوی «مەگری کۆرپەکەم» بڵاو کردەوە، بەڵام لەبەرئەوەی شێوازەکەی شێوازێکی نوێ بوو و ناوەڕۆکی شیعرەکانی شۆڕشگێڕانە بوون، هیچ دەزگایەکی هونەری ئامادە نەبوو هاوکاری بکات. هەرچەندە ئەمە نەبووە هۆکاری ساردبوونەوەی و بەهاوکاری دۆستەکانی یەکەمین ئەلبومی خۆی بڵاوکردەوە، بەڵام حکوومەت ئەلبومەکەی قەدەغە کرد.-

کایا لە مناڵییەوە ڕۆحێکی یاخی هەبووە و هەندێک جاران لەگەڵ یاسا تووشی کێشە بووە، هەر لەو کاتەوەی لە ١٦

ساڵێدا لەسەر چاپکردنی لافیتەی نایاسایی گیرا. لەگەڵ هاوڕێکانیدا بەردەوام بوو لە مۆسیقا و گۆرانی لە «یانەی زانستەکانی خەڵک» کە وای کرد کایا زیاتر برەو بدا بە گیانە یاخییەکەی.— ئەمەش دواتر لە زۆربەی ئەلبوم و گۆرانییەکانی کایادا ڕەنگ دەداتەوە و ڕووداوەکانی تری ژیانی کایاش بەدوای خۆیدا دەهێنێت. لەیەکەم هەوڵیشیدا بۆ دەرکەوتن، دوای کۆنسێرتێکی سازژەنی بەناوبانگ بە ناوی «ڕووحی سو»، چووە زانکۆی «بۆغاز ئیچی» و داوای لە ڕووحی کرد کە گوێ لە سازژەنینەکەی بگرێ. دوای ئەوەی داواکارییەکەی قبووڵ کرد، ڕووحی لە نیوەی ژەنینەکەی کایادا سازەکەی لەدەست وەرگرت و پێی وت «ساز نابێ بە شێوەیەک بژەنرێ وەک ئەوەی سواری ئەسپ بی، بەڵکو دەبێت بە نەرمی بیژەنی.» کایا لەسەر شێوازی ژەنینەکەی خۆی سوور بوو.

## ژیان

### سەرەتای ژیان

کایا پێنجەم و دوا مناڵی خێزانەکەی بووە، باوکی کورد و دایکی تورک بوو. باوکی بە ئەسڵ خەڵکی سەمسوور بووە، و بۆ دۆزینەوەی کار ڕۆیشتووەتە مەلەدی. کاتێک کایا لەدایک بوو، باوکی لە کارگەیەکی دەوڵەتدا کاری دەکرد. دایک و باوکی و هەر پێنج مناڵەکە لە خانوویەکی بچووکی کارگەکەدا دەژیان. لە نۆ ساڵیدا لە کارگەکەی باوکی دەستی بە گۆرانیوتن کرد بۆ کرێکارەکانی تر لە شەوی جەژنی کرێکاراندا.-

دوای ئەوەی گەورەتر بوو، کایا دەچوو بۆ خوێندنگە و کاتەکانی تریش لە فرۆشگەیەکی فرۆشتنی قەوان و کاسێتدا کاری دەکرد. ئیشکردن لەو فرۆشگایەدا وای لە کایا کرد کە بە شێوەیەکی باشتر شارەزای مۆسیقا و ئاوازدانان بێت.

### هاوسەرگیری لەگەڵ گولتەن

گولتەن کایا (پێش شووکردن بە کایا نازناوی خەیاڵئۆغڵوو بووە) دوای بڵاوکردنەوەی دووەم ئەلبوومی بەناوی "تێکئالان بە ئازار" هاوسەرگیری دەکات لەگەڵ کایا. لە ساڵی ١٩٨٥دا گولتەن هەڵبەستی "ئاوازی شەبەق"ی نەوزاد چەلیک دەگەیەنێتە کایا کە بۆ دایکی نەوزاد نوسراوە لە سجنەوە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٦یشدا "کاتێک دێ" بڵاو دەکاتەوە. لەدوای هاوسەرگیری لەگەڵ گولتەن، کایا دەبێتە ناسراوی یوسف خەیاڵئۆغڵوی برای گویلتەن کە زۆرێک لە گۆرانییەکانی کایا هۆنراوەی ئەون.

## شەوی خەڵاتەکە



گۆڕی ئەحمەد کایا لە پاریس. بە تورکی نوسراوە: لەلایەن کچەکەی مەلیس و ژنەکەی گولتەنەوە دروست کراوە بەو وزە و شەرەفەی بۆی بەجێ هێشتن.

ئەحمەد کایا کە بە گۆرانییە کۆمەلایەتییەکانی لایەنگری خەڵکی هەژار و کوردی تورکیا دەکات، ئەم شێوازەی گۆرانیوتن و لایەنگری کەمینەکان دەبێتە هۆی لە بەندیخانە کران و قەدەغە بوونی گۆرانییەکانی کایا و هەروەها ڕێگای گۆرانی گوتنیشی لێ تەنگ دەکرێتەوە.

لە ١٠ی شوباتی ١٩٩٩ کایا براوەی خەڵاتێکی ڕێکخراوی ڕۆژنامەنوسانی چاپی تابلۆید دەبێت و براوەی خەڵاتەکە دەر دەچێت. کاتێک خەلاتی باشترین گۆرانیبێژی ساڵ کە لە بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنیدا پەخش دەکرێ وەردەگرێ، ڕای دەگەیەنێت: «من گۆرانییەکی کوردیم لە ناو ئەلبۆمە تازەکەم داناوە، چونکە من بە ڕەسەن کوردم. گومانم نییە گەلێ کۆمپانیای مۆسیقا حەز دەکەن ئەلبۆمە تازەکەم بڵاوبکەنەوە.» دوای تەواو بوونی ئەم قسانە، چەند هونەرمەندێکی تورک هێرشیان کردە سەری و هاواریان کرد: (خاین! برۆ دەرێ).

## دادگاییکردن و دەرکران لە تورکیا

دادگای ئاسایشی نیشتمانی تورکیا لە ٣٠ ی نیسان تۆمەتی خەیانەت بە نیشتمانی، دایە پاڵی و لە هەموو لایەکی

تورکیاوە تورکە توندڕەوەکان هێرشیان کردە سەری و هەندێ ڕۆژنامە و دەزگای ڕاگەیاندن داوای حوکمی ئیعدامیشیان بۆ کرد. لەوانە ڕۆژنامەی حوریەت بوو کە یەکەم بابەتی دوو ڕۆژ دوای پەلامارەکەی کاتی وەرگرتنی خەڵاتەکە یەکەم بابەتی دژی کایا بڵاوکردوە بە وێنەیەکی دروستکراو گوایە کایا لە بەرلین کۆنسێرتی کردوە و پارەی بۆ پەکەکە کۆکردووەتەوە کە هەڵبەستراو بوو. دواتریش چەن بابەتی دیکەی بە دواتا هات. بەڵام ئەحمەد کایا، لە بەردەم یەکەمین دانیشتنی دادگا ئامادەبوو، هەموو ئەو تۆمەتانەی ڕەت کردەوە کە درابوونە پاڵی. لەو ماوەیەدا، ئەحمەد کایا چووە ئەورووپا. دادگای ئاسایشی نیشتمانی تورکیا لە دوا دانیشتنیدا، بەبێ ئامادەبوونی کایا، سزای ١٠ دە ساڵ زیندانی بۆ ئەو دا. ئەمەی خوارەوە بەشێکە لەو داکۆکینامەیەی ئەحمەد کایا لەبەردەم دادگای ئاسایشی نیشتمانی تورکیا پێشکەشی کرد لە ساڵی ١٩٩٩دا:

"لەساڵی ١٩٨٥ەوە مۆسیقارێکی پیشەییم. ژنم هێناوە و دوو کیژی حەڤدەو دوازدە ساڵەم هەیە. سەدان سترانم داناوەو گەلێ ئاوازیشم بۆ کەسانی دیکە داناوە. حەڤدە ئەلبومم بلاوکردووەتەوە کە چەندان ملیۆن دانەیان لێ فرۆشراوە."..."لەولاتانی دنیا کۆنسێرتم کردوە و چەند جارێک وەک گۆرانیبێژی ساڵ لەلایەن دەزگا هونەرییە جۆراوجۆرەکانەوە هەڵبژێردراوم و خاوەن دەیان خەڵاتم. تا تەمەنی چلودوو ساڵی لەم وڵاتەدا بە تورکی بیرم کردووەتەوە، بە تورکی گۆرانیم نوسیوە و گوتوە. هاوولاتییەکی ئەم دنیایەم کە خۆی بەموڵکی هیچ ناوچەیەک نازانێ و هەست و سۆزم سنوردار نەکردوە بە هیچ شێوەیەک تا ئەو ڕادەیە کەسێکی مۆسیقاژەنم. دڵم ئەوەندە گەورەیە جێگای چاکەی گشت زمان و کولتوور و باوەڕو گۆرانییەکانی دنیای تێدا دەبێتەوە. خەڵاتێکی ترم وەرگرت (مەبەستی شەوی ١٠ی شوباتی ١٩٩٩یە) کەچی دنیام لێگۆڕا. لەلایەن هەندێ هێزی دیار و نادیارەوە بە یەک شەو تۆمەتی خەیانەت، دووبەرەکی خواز، ئەڵقە لەگوێ و بێئەدەب و بێئەقڵ و شێت یان دایە پاڵم."... "ڕوانگەو قسەی مرۆڤێک، کە بنەمای هەموو ئەم تۆمەتانە، لە هیچ وڵاتێکی پێشکەوتوو و یاسا پەروەردا بە تاوان و تۆمەت ناژمێردرێن".-

## مەرگ

لە ١٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٠، کاتێ بۆ سازکردنی کونسێرت لە پاریس بوو، لەشوێنی حەوانەوەی خۆی، کۆچی دوایی کردو لە گۆڕستانی ناودارانی پاریس «پیرلاشیز» بەخاک سپێردرا. یڵماز گونەیش هەر لەوێ بەخاک سپێردراوە کە کایا گۆرانی «ناوی یڵماز»ەی بۆ وتوە. گویلتەنی خێزانی وتویەتی: «تا لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی تورکیا بە کوردی گۆرانی نەوترێ ئەمەوێ مەزاری لە فەرەنسا بێت».-

## دوای مەرگ

دوای خۆی، «گوڵتەن»ی هاوسەری ئەلبوومە تەواو نەکراوەکەی بەناوی «گوێ بگرە وڵاتە خۆشەویستەکەم» بڵاوکردەوە. چەن ئەلبومێکی تریش دوای خۆی بڵاوکرانەوە و بەهاتنە سەر حوکمی ڕەجەب تەیب ئەردۆغانیش ناوبانگی کایا زیاتر گەشەی سەند. هەر لە ماوەی ئەوەی بە «کرانەوەی دیموکراسی» ناوزەندکرا، بۆ یەکەمجار دەزگای پەخشی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی تورکیا TRT قەدەغەی هەڵگرت لەسەر بەرهەمەکانی ئەحمەد کایا.-

## دیسکۆگرافی

### ئەلبومەکان

مەگری کۆرپەکەم) ١٩٨٥

- تێکئاڵان بە ئازار) ١٩٨٥(
- ئاوازی شەبەق) ١٩٨٦(
- کاتێ دێ) ١٩٨٦(
- دیموکراتی ماندوو) ١٩٨٧(
- سەربەرزدەکەمەوە) ١٩٨٨(
- خوێندنەوە-١) ١٩٨٩(
- گوڵێکی نییەت چاک - کۆد ناوی بەختیار) ١٩٨٩(
- خوێندنەوە-٢) ١٩٩٠(
- دیواری خۆشەویستی) ١٩٩٠(
- تووشی بەڵا بووم) ١٩٩١(
- بەرم مەکەوە ئەسوتێی) ١٩٩٢(
- ناجێگیر) ١٩٩٣(
- گۆرانییەکانم بۆ شاخەکانە) ١٩٩٤(
- بمدۆزەوە) ١٩٩٥(



سەرچاوە Serchawe

- ئەستێرە و مانگاشەو) ١٩٩٦(
- بەرامبەر دۆست و دوژمن) ١٩٩٨(

**پاشمەرگ:**

- خوات لەگەڵ چاوەکەم) ٢٠٠١(
- تۆزێکیش تۆ بگری) ٢٠٠٣(
- با داواکەم بمێنێ) ٢٠٠٥(
- فرمێسکەکانم بوونە هەزارساڵە) ٢٠٠٦(
- بابا-ئەرۆ تەنهام ئەحمەد کایا) ٢٠١٢(

## ڕێزلێنانی ئەردۆغان

ڕەجەب تەییب ئەردۆغانی سەرۆکی تورکیا لە ٢٦ی ئەیلوولی ١٩٩٩دا کاتێک لەسەر خوێندنەوەی شیعرێکی سیاسی ١٠ مانگ زیندانی دەکرێ ئەو ڕۆژە بۆ زیندان دەبرێ، کایا بەیادی ئەو گۆرانی «ئاوازی شەبەق» دەڵێت و دەڵێ «ئەمە بۆ هەموو ئەوانەی لە زیندانن و دەچنە زیندان« بۆیە ئەردۆغانیش دوای هاتنە سەر حوکوم ئەوەی لە یاد بوە و ڕێخۆشکەر بوو بۆ ئەوەی دواتر بە فەرمی کایا دوای مەرگی ڕێزی لێ بگیرێت. لە کاتی ڕووداوەکانی پارکی گێزی ئەستەمبوڵیشدا، دەستەواژەی «هەتیو هەمووتان لەوێ بوون» بڵاو بووەوە کاتێ ئەردۆغان باسی ئەو هونەرمەندانەی دەکرد کە دەیانوت ئەو شەوەی کایا لەوێ نەبوون.

## خەڵاتی سەرۆکایەتیی تورکیا

عەبدوڵا گولی سەرۆکی تورکیا خەڵاتی «گەورە»ی بەخشییە کایا پاش مەرگی لە ڕۆژی لە دایکبوونیدا لە ٢٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٣دا. یەکێ لەو هۆیانەی دەکرێ ئەم سەرۆکەی تورکیا ئەو کارەی کردبێ ئەوەیە کە سەرۆک وەزیران ڕەجەب تەیب ئەردۆگان ڕێزی تایبەتی لە کایا گرت دوای هاتنە سەر حوکم.



سەرچاوە
Serchawe

## ناوبانگ




**لە ناوبانگی كایا لە ئۆكمەیدانی، ئەستەنبوڵ، گرافیتییەكە نوسراوە: "تەنها دەرمانێك بە گوێ بكێشرێ ئەحمەد كایایە" لە توركیا**

پێش دەرچوونی لە توركیا، جگە لە دەركەوتنی تر، ١٣ ئەڵقە بەرنامەی كەناڵ دیی توركی لە ١٩٩٥ بەناوەوە بووە بەناوی «كەشتییەكەی كاك ئەحمەد» (بە توركی Ahmet Abinin Vapury ) هەم بەهۆی ئاست و ئاخاوتنی لەگەڵ گوێگر، هەم بەهۆی ڕووداوەكانی شەوی خەڵاتەكەوە، ناوبانگی كایا گەورەیە. جگە لەوەی هەم ئەوانەی شەوی خەڵاتەكە ئازاریان دا دوای مەرگی داوای لێبوردنیان لێ كرد هەم لەناو خەڵكیشدا باوە. هەروا كتێبیش نوسراوە چ دەربارەی خۆی چ دەربارەی هونەر و گۆرانییەكان، بۆ نموونە كتێبی «خوات لەگەڵ چاوەكەم» كە هەمان ناونیشانی ئەلبومەكەی ٢٠٠١یەكە زۆر لە هونەرمەندە توركەكانیش گۆرانییەكانی كایایان وتووەتەوە و بەناوبانگتریان كردوە.

## لەناو كورد

زۆرێك لە گۆرانییەكان و كلیپەكانی كایا وەگێڕدراون بۆ سەر سۆرانی. زۆرێك لە شوێنەكانی باشووری كوردستان بەناوی ئەحمەد كایاوە ناونراون، لەوانە شەقامی كایا و پاركی ئەحمەد كایا لە سلێمانی. چەندین بەرنامە و دۆكومێنتاری لەسەر ژیانی كایا لەلایەن كەناڵە كوردییەكانیشەوە ئامادەكران و بڵاوكراونەتەوە. لەوانە، «كۆلارەكەم بوو بە تەلەوە» وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی كوردی بەناوی «ئەستێرەیەك ناوی ئەحمەد قایا بوو» لە كەناڵی گەلی كوردستان.

## لە جیهان

کاتێ گۆرانیبێژی ئینگلیز ئەدێل گۆرانی - Million Years Ago ملیۆنێک ساڵ لەمەوپێش -ی بڵاوکردەوە لە میدیاکانی بەریتانیا هەواڵی ئەوە بڵاوکرایەوە کە دەکرێ ئەدێل ئاوازی «تێکئالان بە ئازار»ی کایای بەکارهێنابێ لەبەر لێکچوونی ئاوازەکان. ڕەخنەگری تورک نەعیم دیلمەنەر بە تەلەگرافی بەریتانی وتوە: «باوەڕناکەم ئەدێل گوێی لە کایا گرتبێت» دەکرێ هەواڵەکان تەنها وروژاندن بێ بەڵام دەری دەخات کە کایا دەنگێکی ناسراوە لەدەرەوەی تورکیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

## هەڵبەستەکان

### جۆر

زۆرێک لە گۆرانییەکانی کایا هۆنراوەی شاعیری کورد یوسف خەیالۆغلوو بوون و ئەم کردوونی بە گۆرانی. بە گشتی ئەو هەڵبەستانەی کردوە بە گۆرانی کە لەگەڵ حەز و کەش و هەوای ئەو دەمەی تورکیادا ئەگونجان. ئەمەش وای کردوە دوای خۆشی خەڵکێک لە تورکیا هەن کە گوێگرتن لە گۆرانییەکانی ئەو بە گوێگرتن لە کەسێکی «خائین و تیرۆریست» ناو دەبەن. ناونیشانی ئەلبومەکانیش زیاتر ئەمە نیشان دەدەن، بۆ نموونە «تێکئالان بە ئازار»، «بەرم مەکەوە ئەسوتێی» و هتد. هەروا دوای دەرچوونی لە تورکیاش ئاشکراتر خۆی وەک دژی سیستمی دەوڵەتی تورکیا و پشتیوانی بۆ پەکەکە و جووڵانەوەی کورد لە تورکیا تۆختر کردەوە بۆ نموونە گۆرانیوتن بۆ عەبدوڵا ئۆجەلان بە گۆڕینی وشەکانی گۆرانی «بیری ئاشتی دەکەین» لە ڤیستیڤاڵی ئازادی و دیموکراسی لە میونیخ.

### سەردێڕی هەندێکیان

- یاخی دەبم
- فریام کەوە
- تۆو
- ئیدی بەسە
- مەرگیش دەلەرزێ

**– پارچەیەکی:**

**لەو چۆڵە، لەداریان بەستەوە**
**بەشێوەیەک چاوی لێکنا**
**دەتگوت دەچێتە خەوێکی پڕ لەخەون.**
**باسرمەیەک هەڵی کردو**
**هەتا مەرگیشی دەلەرزاند**

**لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە**

---



سەرچاوە
Serchawe

## ئەحمەد كایە و دیدگای بەرامبەر بە ژیان و سیستەمی سیاسی



**هەرگیز نابینن ئەحمەد كایە ڤیلای لە نزیک کەنار دەریادا**

**باسنیوز**

ئەحمەد كایا، بەر لەوەی كۆچی دوایی بكات، لە كەناڵی تەلەڤزیۆنی (٧)ی توركیا دیمانەیەكی ئەنجام دا، گوتەكانی ئەوەندە جوان بوو، حەزمان كرد خوێنەرانی (باسنیوز)ی لێ بێبەش نەكەین و گوتەكانی كایە لەگەڵ ئێوەدا بەش بكەین.

كایە، لەبەر ئەوەی بە مانای وشە هونەرمەند بوو، گوتی حەز ناكەم بچمە شوێنێک گۆرانی بڵێم كە ئەو شوێنە مەشرووبی تێدا بخورێتەوە.

پێشكەشكارەكە پێی گوت، ماڵەكەت چۆنە؟ ئەو، گوتی ماڵەكەم زۆر سادەیە، زۆر زۆر بچووكە و تەنانەت چێشتخانەی

ماڵەکەم ئەوەندە بچووکە، شەرم دەکەیت سەیری بکەیت.

کایە نیگەران بوو لەو کەسانەی پێیان وایە، کایا لە ڤیلایەکدا دەژی و دەڕوانێتە سەر دەریا و گوتی: هەرگیز ئەو ڕۆژە نابینن کە کایە لە ڤیلایەکدا بژی، تا لە تورکیا بارودۆخی خەڵک بەو شێوەیە بێت."

**کایە باسی لە چەمکی ئاشتی کرد و گوتی:** لە تورکیا ئەو چەمکە زۆر بەهەڵە لێک دەدرێتەوە، ئاشتی هەر ئەوە نییە، دوای شەڕ دروست ببێت، نەخێر دەبێت ڕێگە لە شەڕ بگریت، تا ئاشتی بەرقەرار بێت".

ئەو سەیری پێ هات لە کەناڵەکانی تەلەڤزیۆنی تورکیا، باس لە قارەمانی سەربازەکان دەکرێت، کاتێک دەیاننێرن بۆ شەڕ، دەڵێت ئەوانە گەنجن و دڵیان بە ژیان خۆشە، بۆچی بە ئاهەنگ و شایی بەرەو مەرگیان دەبەن، دەبا ئاشتی لە وڵاتەکەماندا بەرقەرار بکەین و ئەو گەنجانەش بژین، نەک بەرەو مەرگ بەرێیان بکەین.

لە بەشێکی تری قسەکانیدا باسی لە سیستەمی سیاسیی تورکیا کرد. کایە پێی وابوو ئەو سیستەمەی تورکیا دیموکراتیی تێدا نییە، بۆیە دروشمی ئەوەیان بەرز کردووەتەوە، "ئەوەی ئەم سیستەمەی خۆش ناوێت با بڕوات."

**کایە دەڵێت:** "مانای چییە ئەوەی ئەم سیستەمەی خۆش ناوێت با بڕوات، ئەم وڵاتە وڵاتی هەموومانە و ئێوە چین تا بڵێن بڕۆن. ئەم وڵاتە وڵاتی هەموو ئەوانەیە کە تێیدا دەژین، تورک و کورد و لاس و چەرکەس و ئەرمەنی. کاتێک دەچمە وڵاتانی ئەورووپی، تورکێک دەبینم پێی دەڵێم، دەبێت تۆ جیاوازی بکەیت لە نێوان ئەوەی ڕقت لە تورکیایە یان سیستەمەکەی؟ ئێمە دەبێت وڵاتی خۆمانمان خۆش بوێت، بەڵام دژی سیستەمەکەی بین."

کایا ئەو کەسانەی پێ بێناموسترین کەسە کە ڕقیان لە وڵاتی خۆیان دەبێتەوە و دەڵێت کێ هەیە ڕقی لە نیشتمانی خۆی بێت.

**دەشڵێت:** "لەم وڵاتەدا پێویستمان بە غیرەت هەیە، ئەمە گەورەترین کێشەی تورکیایە."

**کاتێک دێتە سەر باوکی، دەڵێت:** زۆر حەزی دەکرد ببمە گۆرانیبێژ، بەڵام تا لە ژیان بووە بە چاوی خۆی نەیبینیوە کایە بووەتە گۆرانیبێژ و زوو دونیای بەجێ هێشتووە.

کاتێک هاتوونەتە ئیستانبوڵ، باوکی لە شووشتنگەیەکی سەیارە کاری کردووە، ڕۆژانە سەیارەی دەوڵەمەندەکانی شووشتووە، بۆیە دەڵێت: "منداڵ بووم، کاتێک دەمبینی باوکم سەیارە دەشوات تا ئێمەی پێ بەخێو بکات، دەمگوت دەبێت گەورە بم و بتکەم بە خاوەنی شووشتنگە و بۆت بکرم، بەڵام قەدەر ڕێگەی نەدا ئەو خەونەی باوکم بهێنمە دی."

کایە، دەیتوانی شاهانە و لەناو کۆشکی گەورەی وا کە بڕوانێتە سەر دەریا بژی، چونکە تەنیا بە داهاتی ئەو کاسێتانەی دەیفرۆشتن دەیتوانی ئەو ژیانە دروست بکات، بەڵام کاتێک میللەتی تورکیای دەبینی بەو حاڵەوە، وەکوو سۆسیالیستێک و مرۆڤدۆستێک، ڕێگەی بە خۆی نەدەدا، شاهانە بژی، بۆیە هەمیشە لەناو دڵی میللەتدا دەمێنێتەوە و چۆن بە گەورەیی ژیا، هەروا بە گەورەییش دەمێنێتەوە و یادی دەکرێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی باسنیوز - ڕێکەوتی: ١٩ی جوونی ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## ئەحمەد کایا؛ ژیانی سەخت و مردن لە ئاوارەییدا




پەیسەر

ئەحمەد کایا لە ٢٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٧ لە مالاتیای باکوری کوردستان لەدایکبووە، پێنجەمین منداڵی خێزانێک بووە کە لە ئادیامانەوە بۆ ئیشکردن و بژێوی ژیانیان روویان لە مالاتیا کردووە.

دایکی تورکی خەڵکی ئەرزڕوم بووە و باوکیشی کورد بووە. باوکی لە کارگەی (Sümerbank) کاری رستن و چنینی کردووە. کاتێک تەمەنی شەش ساڵ دەبێت، باوکی ئامێرێکی سازی بۆ دەهێنێت و پێی دەدات.
قۆناغی سەرەتایی لە مالاتیا تەواو کردووە، دوای دەوامی قوتابخانە و لە پشووەکانی هاویندا یان لە دوکانی فرۆشتنی کاسێت و ئەلبومی گۆرانی کاری کردووە یان لە مینیبوسی ناسراوەکانیدا کاری کردووە، کە تەمەنی نۆ ساڵ دەبێت لەو کارگەیەی باوکی کاری تێدا دەکرد چووە سەر ستەیج و گۆرانی وت.

خێزانی کایا دوای خانەنشینبوونی بۆ گەیشتن بە ژیانێکی باشتر روو لە ئیستەنبوڵ دەکات و لە گەڕەکی کۆجا مستەفا پاشا نیشتەجێدەبن. کایا بۆ هاوکاری خێزانەکەی کە تووشی بێپارەیی و کەمدەرامەتیی بوون ناچار بووە واز لە قوتابخانە

بهێنێت و وەک شاگرد و فرۆشیاری سەر شەقام دەست بە کارکردن بکات.

دوای ئەوەی نەیتوانی بگەڕێتەوە بۆ قوتابخانە، بە دەرەکی ئامادەیی تەواو کرد و دواتریش چووە بەشی کەمان لە پەیمانگای پەروەردە.

لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا بەهۆی بەکارهێنانی تابلۆی قەدەغەکراوەوە خرایە زیندان و دواتر ئازادکرا. لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا لە "گروپی یەکەکانی گەل" دەستیان بە کارکردن کرد و لەم ماوەیەشدا و لە چەند چالاکییەکدا سازی دەژەند، بەڵام بەهۆی ئەوەی بە زانستی فێرنەبوو بوو، لەسەر شێوازی خۆی سازەکەی دەژەند.

ساڵی ١٩٧٨ لە شارۆچکەی گەلیبۆلو ئەرکی سەربازیی بەجێهێنا، لە کاتی سەربازیشدا بەردەوام بوو لە ساز ژەنین. دوای گەڕانەوەی لە سەربازیی لەگەڵ ئەمینە کایا ژیانی هاوسەری پێکهێنا و ساڵی ١٩٨٢ کچەکەیان لەدایکبوو، ناویان لێنا چیغدەم، بەڵام دواتر و بەهۆی کێشەی ئابوورییەوە لێکجیابوونەوە.

سەرەتا هیچ هونەرمەندێک ئامادە نەبووە کاری لەگەڵدا بکات و هاوکاری بکات، رووی لە چەند کەسێک کردووە و دەستیان بە روویەوە ناوە، بەڵام دواتر بە هاوکاری هاوڕێکانی یەکەم ئەلبومی خۆی تۆمار دەکات، کە دواتر کۆدەکرێتەوە و قەدەغە دەکرێت، بەڵام دوای ماوەیەک ئەلبومەکە ئازاد دەکرێت و جارێکی دیکە دەفرۆشرێتەوە.

**یەکەم ئەلبومی کایا ناوی "مەگری ئازیزم" بوو، دووەم ئەلبومیشی ناوی "دانگرتن بە ئازاردا" بوو.**

دوای بڵاوکردنەوەی دووەم ئەلبوم لە ساڵی ١٩٨٥ لەگەڵ گولتەن هەیاڵئۆغڵوی خوشکی شاعیری بەناوبانگی کورد یوسف خەیاڵئۆغڵودا هاوسەرگیری کرد.
ساڵی ١٩٨٦ ئەلبومێکی دیکەی بە ناوی "کاتەکە دێت" بڵاوکردەوە کە هۆنراوەی سەرجەم گۆرانییەکان خۆی نووسیبوونی.

دوای ئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ خوشکەکەی یوسف خەیاڵئۆغڵو دەکات، ئاشنایەتیی لەنێوانیان پەیدا دەبێت بەتایبەت لە بواری هۆنراوەدا ، ساڵی ١٩٨٧ ئەلبومی "دیموکرات"ی بڵاوکردەوە کە هۆنراوەی سەرجەم گۆرانییەکان خەیاڵئۆغڵو نووسیبووی.

ساڵێک دواتر و لە ١٩٨٨ ئەلبومی "یاخی دەبم"ی بڵاوکردەوە کە دوو گۆارنییان هۆنراوەکانی هی خەیاڵئۆغڵو بوون، ساڵێک

دواتریش ئەلبومی "گوڵێکی گەشبین"ی بڵاوکردەوە و ساڵی ١٩٩٠یش ئەلبومی "دیواری خۆشەویست"ی بڵاوکردەوە.

لە ساڵی ١٩٩٠ و ١٩٩٢ مۆسیقای بۆ هەردوو فیلمی تاتار رەمەزان و تاتار رەمەزان لە تاراوگە دانا.

کوبا یەکێک بوو لەو وڵاتانەی کە سەرنجی کایای راکێشابوو، هەر بۆیە ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ گویلتەنی هاوسەری، مەلیسی کچیان و گروپێکدا بۆ بەشداریکردن لە بۆنەی یەکی نیسان روویان لە کوبا کرد.

ئەلبومی "گۆرانییەکانم بۆ شاخەکان" بە فرۆشتنی دوو ملیۆن و ٨٠٠ هەزار دانە ریکۆردی شکان، بەهۆی ئەوەی لە یەکێک لە گۆرانییەکاندا بە ناوی "بانگی ئازادی" ئەم دێڕە هۆنراوەیە هاتبوو "کۆرپەکەم کاکەت رۆژێک لە شاخ دەگەڕێتەوە و ئامێزی پێدا دەکەیت" ئەلبومەکە لە بازاڕدا کۆکرایەوە و قەدەغەکرا، بڕیار درا کۆنسێرتکردنیشی لێقەدەغە بکرێت.

زۆربەی گۆرانییەکانی زیاتر باس لە بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دەکەن، کایا ئەو گۆرانیبێژە بوو بە زمانی تورکی باسی لە ئازاری کورد دەکرد، لە ٢٠ ئەلبوم تەنها یەک گۆرانی کوردی هەیە بە ناوی کەرڤان.

لە ماوەی ژیانیدا چەند جارێک رووبەڕووی لێپرسینەوە و گرتن بووە، چەندین دۆسیەی لەسەر کرایەوە، وەک خۆی دەڵێت دەزگای ئاسایش بوو بوو بە دووەم ناونیشان و ماڵی ئەو، بەڵام هەرگیز لە بۆچوون و هەڵوێستەکانی پەشیمان نەبووە و هیچ ئازار و فشارێک راینەگرت.

لە ١٠ی شوباتی ١٩٩٩ لە هۆڵی کۆنگرەی هۆتێلی پرێنسس لەلایەن کۆمەڵەی رۆژنامەوانانی مەگەزین مەراسیمێکی خەڵات بەخشین رێکخرا و خەڵاتی باشترین هونەرمەندی ساڵی بەدەستهێنا.

لە وتاری خەڵاتوەرگرتنەکەدا ئەحمەد کایا وتی، بۆ ئەم خەڵاتە سوپاسی کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤ، دایکانی شەممە، هەموو کارمەندانی راگەیاندن و سەرجەم گەلی تورکیا دەکەم. روونکردنەوە و پەیامێکیشم هەیە؛ لە ئەلبومێکدا کە رۆژانی داهاتوو بڵاویدەکەمەوە و ئێستا سەرقاڵی ئامادەکردنیم، گۆرانییەکی کوردیش دەڵێم و کلیپیشی بۆ دەکەم. دەزانم تەلەفیزیۆنی بە جورئەت هەن گۆرانییەکە بڵاوبکەنەوە، ئەگەر بڵاوینەکەنەوە نازانم خەڵک چۆن هەڵوێستیان لێوەردەگرن.

دوای ئەم قسانە، بەشێک لە ئامادەبووانی هۆڵەکە کاردانەوەیان پیشاندا، جوێنیان دەدا و ئەو کەلوپەلانەی لە



سەرچاوە
Serchawe

بەردەستیان بوو گرتیانە ئەحمەد کایا. رێکخەرانی مەراسیمەکە توانییان ئەحمەد کایا لە دەستی ئامادەبووان رزگار بکەن. سالّی ١٩٩٣ لە شاری بەرلین کۆنسێرتێکی پێشکەش کرد کە لەلایەن کۆمەڵەی بازرگانانی کوردەوە رێکخرابوو، دوای بڵاوبوونەوەی وێنەکانی کۆنسێرتەکە لەلایەن رۆژنامەی حورییەتەوە، لەلایەن دادگای ئاسایشی دەوڵەتیی ئیستەنبوڵەوە دۆسیەیەکی لەسەر کرایەوە، دادگاکە کایای تۆمەتبار کرد بەوەی کە "هانی دوژمنایەتی و رقی داوە، دەستی لەگەڵ پەکەکە تێکەڵ کردووە و هاوکاری کردوون." لەسەر ئەم تۆمەتانە دوو دۆسییەی لەسەر کرایەوە و داوا کرا ١٠ ساڵ و نیو سزا بدرێت.

لە حوزەیرانی ١٩٩٩ تورکیای بەجێهێشت و رووی لە ئاوارەیی کرد، دواتر دادگا بڕیاری سێ ساڵ و نۆ مانگ زیندانیکردنی بۆ دەرکرد، بەڵام لەبەرئەوەی لە دەرەوەی وڵات بوو، سزاکەی بەسەردا جێبەجێنەکرا.

والییەتی شاری ئۆردو فرۆشتنی ئەلبومەکانی ئەحمەد کایای لە ناوچەکەیدا قەدەغەکرد.

دوای ئەوەی ساڵی ١٩٩٩ لە مونیخ کۆنسێرتێکی کرد کە لەلایەن لایەنگرانی پەکەکەوە رێکخرابوو، لەلایەن دادگای ئاسایشی دەوڵەتیی جارێکی دیکە دۆسییەی لەسەر کرایەوە.

ئەو کاتەی سەرقاڵی تۆمارکردن و ئامادەکردنی ئەلبومی "ماڵئاوا چاوەکەم" بوو، لە ١٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٠ لە ماڵەکەی خۆی لە شاری پاریس بە نۆبەی دڵ کۆچی دوایی کرد.

دواتر دەرکەوت کاتێک کاتژمێر شەشی بەیانی دەرمانەکانی هێناوە بەکاریان بهێنێت، تووشی نۆبەی دڵ بووە و بەو هۆیەوە کۆچی دوایی کردووە.

گۆڕەکەی ئەحمەد کایا لە گۆڕستانی (**Père Lachaise**)ە لە شاری پاریس.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پەیسەر - ڕێکەوتی: ١٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## لەبارەی کۆچی (ئەحمەد کایە) وە



**پەیڕەو ئەنوەر**

"ئێمە هەرگیز پێناگەین، بەتایبەتیش جەستەمان، منداڵێتیمان لەگەڵماندایە و هەرگیز لە ژیانماندا ڕەش نابینەوە".

ڕۆلان بارت

١٧ی ١١ ساڵڕۆژی کۆچ و مردنی (ئەحمەد کایە)بوو. بونەوەرێک ١٧ ساڵ بەر لەئێستا لە تەنیایی دەمرێت بەڵام مردنێکی ئاسایی نامرێت! چەند شێوە مردنێک هەن لەدایکبوونەوە و تازەبوونەوەن. جەستەی فیزیکی مرۆڤەکە دەمرێت و جەستەیەکی تری سیمبۆڵی لەدایک دەبێتەوە. ئامادەگی مرۆڤەکە بە شوێن دەپچڕێت و ئامادەگییەکی تری ناشوێن لەدایک دەبێتەوە. کۆچی ئەحمەد کایە لەدایکبوونەوەی شوناسێکی تازەی کوردبوون و مۆدێلێکی تازەی مانیفێستۆبوونی کوردایەتییە! (کوردبوونێک) سنوورەکانی جوگرافیای کوردی و دونیای کوردی بەتەواوی دەبڕێت، هەموو هێڵ و ڕەگەزەکانی کوردبوونێکی کلاسیکی و تڕادیسیۆنانە تێکدەشکێنێت.

بەمردنی (کایە) کۆمەڵێک شت لەدایک دەبێت، کایە دەمرێت، (کایە)یەکی تر بە کۆمەڵێک وێنە و ڕەگەزی تر و سەرخانی نەتەوەییەوە لەدایکدەبێتەوە. جەستەی کایە دەمرێت! تارماییەکەی ئامادەگییەکی هەمیشەیی دەبێت.



سەرچاوە
Serchawe

ئەمجۆرە مردن و کۆچەی (کایە) بەرهەمی فاشیزمی تورکی و پان - تورکیزمە. ئەمجۆرە فاشیزم و بیرکردنەوەیە کاتێک جەستەیەک دەکوژێت، سەدانی تری لێ کۆپی دەبێت، هەموو سنوورەکان دەبڕێت، لەهەموو جوگرافیاکان ئامادەگییەکی ئۆنتۆلۆژییانەی زیاتر و گەورەتری دەبێت.

ئەحمەد کایە لە ڕووبەرێکی فەڕەنسی دەژیا و لە جوگرافیایەکی فەڕەنسیش کۆچی دوایی کرد، بەڵام لەهەموو جوگرافیایەکی کوردی و لەهەموو پانتایی و ڕووبەرێکی تورکی دەبینرێت و دەبیسترێت و قسەدەکات و دەژیت. [فاشیزم] کارخانەی کۆپیکردن و بەرهەمهێنانی دژەکەیەتی و تا دژەک دەکوژێت سەدانی تر لەناوەوەی خۆی دروستدەکاتەوە و بەرهەمدێنێتەوە و بڵاوی دەکاتەوە!

## ئەحمەد کایە و دونیای تورکی

دونیای تورکی لێرەدا بە مانای ئەو پارادایمە دێت کە هەموو کێڵگەکان لە سیاسەت و ئابووریی و هونەر و فەرهەنگەوە دەگرێتەوە تا دەگاتە مەسەلەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و جوگرافیای تورکی و گۆرانی و میوزیکی تورکی و ئەو فاشیزمەی کە پایە بێزەلەتەکانی تورکبوونی لەسەربونیادنراوە.

دونیای تورکی بەڕژدی کار لەسەر هێڵێکی دوور و درێژی بونیادێکی داخراو دەکات و وەک بونیادێکی باڵادەست و تاک ڕەهەند و تەنیا و دڵ ڕەق کە ناتوانێت هیچ بونیادێکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی تری جیاواز لەخۆی قبوڵ بکات و جێگەی بۆ بکاتەوە و ناتوانێت هیچ لینکێکی گفتوگۆ و تۆلێرانسی فەرهەنگی و وجوودییانەی لەگەڵدا بکات.

ئەوەتا کاتێک ئەحمەد کایە لە بۆنەیەکی هونەری و لەهۆڵێکی هونەریدا لەبەردەم چەند هاوڕێ و هونەرمەندێکی تورکدا کاتێک بە کوردی قسەدەکات و گۆرانی دەڵێت و دەڵێت من کوردم تەواوی ئامادەبووە تورکەکانی ناو هۆڵەکە بەرەنگاری دەبنەوە و هەوڵی دەرکردن و سڕینەوەی دەدەن لەناو ئەو بونیادە تورکییەدا و هەموو جوانییەکانی هونەر دەکوژن بەهۆی فەرهەنگی تۆتالیتارییانەی تورکیزم و ئەو کێڵگە گەورەیەی تورکیزم کە ئامادەنییە هیچ کەلتورێکی جیاواز و هیچ هونەرێکی جیاواز و تەنانەت پارچە میوزیک و گۆرانییەکی کوردیش دانپیابنێت و لەگەڵیدا بژیت.

ئەحمەد کایە دەمرێت و ڕێگەنادرێت تەرمەکەی لە تورکیادا بنێژرێت و لەفەڕەنسادا دەنێژرێت. ئەم جۆرە فاشیزمە بریتییە لە کوشتنی دوانەی (مرۆڤ و پەیوەندییەکانی بە زێد و هێلانە ڕەسەنەکەیەوە). ڕێگریکردن لە پەیوەندیکردنی مرۆڤ بە خاکەکەیەوە لەدوای مردنی تیرۆرکردنی کۆی هەموو ئەو حیکایەتە درۆزنانەیە کە فاشیزم بەناوی جوانی و مرۆڤبوون و



سەرچاوە Serchawe

یەکترقبوڵکردن و سەرکەوتن و ژیان لەگەڵ ئەوانی تردا لەسەریدا دەژی و تەمەنی خۆی پێدرێژدەکاتەوە.

ناشتنی کایە لە تاراوگە و دوور لە ماڵە گەورەکەی خۆی ڕۆحی ئەو هونەرمەندەی نێو دونیای کوردی زیاتر زیندووکردەوە و تەمەنە سیمبۆڵییەکەی زۆر زیاتر درێژکردەوە. دوورخستنەوە و زیادکردنی پانتاییەکانی نێوان مرۆڤ و نیشتیمان نزیککردنەوەیەکی ڕەها و سیمبۆڵیی نێوان ئەم دوانەیە و مۆدێلێکی جوانتر و پتەوتر و زیندووتری لە پەیوەندیکردن و ژیان لەگەڵ نیشتیماندا دادەڕێژێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وێستگەنیوز - ڕێکەوتی: ١٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## دەربارەی ئەحمەد كایە و رەسیزمی هونەرمەندانی تورك



د. مەغدید سەپان

بەهرەیەكی شاراوەی مەزنی هەبوو. ئەو شعری دەنووسی، مۆسیقای دەژەنی، ئاوازی دادەنا و گۆرانی دەگوت

دەربارەی ئەحمەد كایە و رەسیزمی هونەرمەندانی تورك

ئەحمەد كایە هاووڵاتییێكی ئاسایی لەدایكبووی شاری مەڵاتیای باكوری كوردستانە و بۆ باشتر كردنی گوزەرانی ژیان، خانەوادەكەی بۆ ئیستانبۆل كۆچ دەكەن.

ئەحمەد كایە دەنگ و بەهرەیەكی شاراوەی مەزنی هەبوو. ئەو شعری دەنووسی، مۆسیقای دەژەنی، ئاوازی دادەنا و گۆرانی دەگوت.

لە ساڵی ١٩٨٥ یەكەم ئەلبومی گۆرانی بەناوی: **Ağlama Bebeğim** (مەگری بچكۆڵ) بڵاوكردەوە. لەبەرئەوەی

هەڵبەستی گۆرانییەکانی شۆڕشگێرانەبوو، دەزگا ئەمنییەکان زوو قەدەغەی دەکەن، بەڵام لەناو جەماوەر پێشوازییێکی زۆر گەورەی لێدەکرێ، کاسێتەکەی دەستاودەست دەکات. لەگەڵ کات ناو و ناوبانگ زیاتر دەردەکات و لەسەرتاسەری وڵات دەناسرێ.

ئەحمەد کایە، لە ١٠ی شوباتی ١٩٩٩ لە بەرنامەیەکی زندی موسیقی لە کەنالی Show TV خەڵاتی گۆرانیبێژی ساڵی پێدەدرێ و هەر لەوێندەر ئاشکرای دەکات، کە ئەو بەرەگەز کوردە و لە ئەلبومی داهاتوو گۆرانییێکی بە زمانی کوردی تێدا و هیوادارە دەزگاکانی راگەیاندن بڵاوی بکەنەوە و خەڵکانێکی ئازاش هەبن، کلیپەکە پیشان بدەن. بەڵام ئەگەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەو کلیپە کوردییەی ئەو بڵاونەکەنەوە، چ وەڵامێکیان بۆ گەلی کورد دەبێ؟

ئەگەر کەسێک سەیری ئەو بەرنامەیەی کەناڵی (Show TV) بکا، بە بیستنی وشەی کورد و کوردبوونی ئەحمەد کایە، زوو دەبینی چۆن، دەمووچاوەکان دەگۆڕدرێن... هەموو هونەرمەندە تورکەکانی ناو ئەو ستۆدیۆیە لە حاڵەتی شۆکدان و زمانیان لاڵبووە، گوێیان کەڕبووە، چاویان زەقبووە.

بۆ پینەکردنی ئەم کەشوهەوایە و رەواندنەوەی ترس لە شێوەی رۆبۆت Serdar Orta داوا لە ئامادەبووان دەکا بەیەک دەنگ و بە کۆرس گۆرانی: (چەند پیرۆزە وڵاتەکەم) بڵێن... هونەرمەندان پێرانەگەن سەیری یەکتر بکەن، چاو زیاتر دەکەنەوە، هەڵدەستنە سەرپێ و هەندێکیان دەستیان لەسەر سینگ و ئەوانەی دیکەش وەک ئەفسەر لە حاڵەتی وریابووندان، پڕ بەدەمیان گۆرانی (چەند پیرۆزە وڵاتەکەم) دەڵێن... مۆسیقا ژەنەکان، بێئەوەی هیچ پڕاوەیان کردبی یان پێشتر خۆیان بۆ ئەم گۆرانییە ئامادەکردبێ، مۆسیقا دەژەنن و لە چەند چرکەیەک، تەواوی هونەرمەندانی ناو ئەم ستۆدیۆیە بە کۆرس و بە دەنگی زۆر بەرز گۆرانی (چەند پیرۆزە وڵاتەکەم) دەڵێن... ئەوان ئەم گۆرانییە دەڵێن، نەک لەبەر ئەوەی دەمێکە ئەو گۆرانییەیان نەگوتووە و گۆرانییەکەیان پێخۆشە، بەڵکو لەبەر ئەوەی هەست دەکەن ئەمنی قەومی تورک کەوتە مەترسی و هەڕەشەی پارچەبوونی وڵات هەیە... بۆئەوەی لەم ساتانە وەکخۆی بگەیت، لە ناخی رەسیزمی تورک بگەیت، دەبی تەواوی بەرنامەکە لە ئینتەرنێت ببینیت...

ئەو هونەرمەندانەی بە جلە جوانەکانیان، تا پێش چەند خولەکێک پێکیان لە تەندروستی ئەحمەد کایە بەرزدەکردەوە، ئەویان وەک هونەرمەندی ساڵ دیاریکرد، برادەربوون و رۆژانە بەیەکەوە قسەیان دەکرد، لە بەرنامەکانی تەلەفزیۆن بەیەکەوە پێدەکەنین، ئێستا بەپێوە وەستاون و دەستیان لەسەر سینگە و وەک دوژمنێکی هەرە گەورەی تورک، وەک خاک و وڵاتفرۆش، وەک تێرۆریست سەیری ئەو هونەرمەندە مەزنەی ساڵ دەکەن، کە هەرئێستا بەبۆنەی وەرگرتنی خەڵات

چەپڵەیان بۆلێدابوو.

لەم ستۆدیۆیە دەنگی ژنێک دەبیستریّ هاواردەکات: هیچ رۆژنامەنووس لێرە نین، وەڵامی ئەو قسە پووچانە بداتەوە؟ چەند دەنگێکی دیکە هاواردەکەن: (هیچ شتێک بەناوی کورد نییە)...

من بینیم و هەستدەکەم، رەسیزم لەناخی ئەم هونەرمەندانەی تورک بەشێوەیەک چاندرایە، هیچ هێزێک نییە رەشیبکاتەوە یان دەریبهێنێ. رەسیزم لە مێشکی ئەو هونەرمەندانەی تورک بەداخەوە لەجن ناچی، بە ئایەتێک، بە مەلایەک بە دوو حەیزەران لە لەش دەربکریّ، قڕێژ نییە دیار بێ، بە سابوونێکی ڕەقی مێشکیان، دڵیان، روویان پاک بکرێتەوە...

تەنیا دوو وشە، دوو وشەی زۆر هەق و ئاسایی و ڕەوا (من کوردم) لەناو چینێکی دیار و ڕۆشنبیری تورک، لە سەرەتای دوا ساڵی سەدەی بیست، کە هەموو ژیانیان لەگەڵ هونەر و مۆسیقا و کتێبخوێندنەوە و شعرنووسین و مۆسیقا ژەنین و ئاوازدانان بەڕێکردووە هەزم نەکرا...

ئاهەنگ تێکچوو، ئەحمەد کایە لە هۆڵ دەرکرا، هەزار جوێنی خوارد، نهێنییەکی ئاشکرا کرد و مێژوویەکی پڕ لەشانازی بۆخۆی تۆمارکرد، تا کورد مابێ شانازی پێوەبکا... لە رۆژی دوایی و هەفتەکانی داهاتوو، هەزار و یەک درۆ و بوختان بۆ ئەحمەد کایە و خێزانەکەی لە تەواوی دەزگاکانی راگەیاندن هەڵبەسترا.

لە ٣٠ نیسان بە تۆمەتی خیانەت، دابەشکردنی تورکیا، یارمەتیدانی ئیرهاب، بۆبەردەم دادگا راکێشرا و لە یەکەم دادگای، هەموو تۆمەتەکانی رەتکردەوە. ژیانی کەوتە مەترسی و ناچار رووی لە ئەورووپا کرد و پاریس، باوەشی بۆ کردەوە. بە ئاوارەبوونی پرۆسەی دادگا نەوەستا و لە غیابی ئەو دە ساڵ زیندانییان بۆ بڕیەوە.

بەر لە مردنی لە کۆنسێرتێکی گوتی: (من لە ئەورووپا سەرمامە، نەک لەبەر ئەوەی شوێنم نییە، ماڵم ساردە، بەڵکو لە بێ وڵاتی سەرمامە).

مرۆڤی بێ وڵات، هەتیوە، کەسی هەتیویش لە هیچ شوێنێک دڵی ئۆقرە ناگرێت و ئاوناخواتەوە، چونکە مرۆڤی بێ وڵات، لە جیهانێکی هەژار و بندەستە و جیهانی زاڵمان دەژی. مرۆڤی ژێردەستە و بێ وڵات، قەت بۆخۆیان نەژیاین و ناژین.

ئەحمەد کایە لە ١٦ی نۆڤێمبەری ٢٠٠٠ بە جەڵتەی دڵ لە پاریس مرد و لە گۆڕستانی: **Père Lachaise Cemetery**

ناشترا و لەدوای خۆی ١٧ ئەلبومی گۆرانی جێهێشت.

من جارێک، دوو، دە جار، لە ئینتەرنێت سەیری بەخشینی خەڵاتی کایە دەکەم، ڕەدفعلی (Reaction) هونەرمەندانی تورک بە بیستنی (من کوردم) دەبینم، تێدەگەم نەک تەنیا دەبی شێوەی خەباتمان بگۆڕین، بەڵکو دەبی لەمەودوا، خوتبەکانمان زیاتر بۆ میللەتانی: تورک، عەرەب و فارس ئاڕاستەبکەین، نەک بۆ حکومەتەکان، دەبی ئێمە کاربکەین، ڕەسزیم لەناو ئەوان کەم بکەین و پشتیوانی ئەوان بۆخۆمان زیاد بکەین، چونکە حکومەتەکان دێن و دەڕۆن، گەل لە شوێنی خۆی وەستاوە و دەمێنێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان ٢٤ - ڕێکەوتی: ٣ی دێسەمبەری ٢٠١٧

## ئەحمەد کایا هونەری ئازادی و خۆشەویستی



**نووسینی: ڕێژوان تەها**

لە شاری "مەلاتیا"ی باکووری کوردستان لە ٢٨ی ١٠ی ١٩٥٧ چاوی بەدونیا هەڵهێنا، پێنجەم و دوا منداڵی خێزانەکەی بوو لەباوکێکی کورد و دایکێکی تورک. باوکی خەڵکی شاری سەمسوور "ئادیامان" بوو، بەڵام بۆ کار ڕوویکردبووە مەلاتیا و لە کارگەیەکی چنینی سەربەدەوڵەتی تورکیا کاریدەکرد، خێزانەکەی هەرلەوێ و لەناو ژوورێک لە کارگەکەدا دەژیان.

ئەحمەد کایا سەرەتای ژیانی هونەری لەو کارگەیەدا دەستپێکرد، لە شەوچەرە و دانیشتنەکان کایای بچووک گۆرانی دەگووت بۆ باوکی و کرێکارانی کارگەکە.

کایا لە شەش ساڵییەوە دەستی بە موزیککرد و خولیای فێربوون و شارەزابوون لە موزیکی بۆ دروستبوو. هەر لەسەرەتاوە توانا و لێهاتوویی بوون بە هونەرمەندی هەبوو، چونکە هەم دەنگێکی بەسۆز و خۆشی هەبوو، هەم هێدی هێدی توانا و شارەزایی خۆی لەموزیکدا دەبینییەوە.

ئەو لەخێزانێکی هەژاربوو، پێویستیدەکرد کاربکات و جیا لە موزیک سەرقاڵی پەیداکردنی بژێوی ژیانبێت.

لەپاڵ چوونی بۆ خوێندنگە، لە دوکانێکی فرۆشتنی قەوان و کاسێت کاریدەکرد و مۆزیکەکەشی لە ڕۆحیدا هەڵگرتبوو، کە لە چەکەرەکردندابوو.

کارکردنی لەم دوکانە گەلێ سوودی بۆ ژیانی هونەری کایاش هەبوو، ڕۆژانە گوێی لە موزیک و گۆرانی جۆراوجۆر دەبوو و گوێیەکانی ئاشنای ستایل، فۆرم و سکێڵە جیاوازەکان دەبوو.

بەهۆی بارودۆخی خێزانەکەی کایا ناچاردەبێت پاش تەواوکردنی قۆناغی سەرەتایی، واز لەخوێندن بهێنێت.

پاش چوونی بۆ ئیستانبوڵ، دەبێتە شۆفێری تاکسی و پاس، لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆی بەناوی "بەشار ئابی".

هەروەها سەرەتای دەستپێکردنی ژەنینی کایا بۆ باوکی دەگەڕێتەوە کاتێک سازێکی بە دیاری بۆ دەکڕێت، دوای ئەوە چەندین کۆنسێرت و چالاکی بچووکی ئەنجامداوە بۆ کرێکارەکانی هاوڕێی باوکی و خزم و هاوڕێکانی.

کایا سەردانی دۆست و خزمەکانی دەکرد لە گوندەکەی خۆیان، خاڵی (یوسف) گۆرانیبێژ و موزیکژەن بوو، کە کاریگەری لەسەر کایا هەبوو تاوەکو خۆی فێری ژەنینی ساز بکات.

کایا هەر لەسەرەتای ژیانییەوە کەسێکی یاخی بوو، یاخی لە ستەم و زۆرداری و چەوساندنەوە. ئەو هەمیشە چاوەکانی نادادییەکانی دەبینی و گوێیەکانی زریکە و غەمی چەوسێنراوانی دەبیست؛ هەموو ئەمانە لەناخیدا قوڵپی دەدا و بە موزیک و گۆرانی دەریدەبڕین. کایا هەتا ئێستەش گۆرانییەکانی زیندوون و لەناو کورد، تورک، هەرگەلێکی دونیا گوێگرێکی زۆری هەن و ڕۆژانە سیدی و کاسێتەکانی دەفرۆشرێن، لەناو سۆشیال میدیاشدا یەکێکە لەو هونەرمەندانەی زۆرترین گوێگری هەیە و بەردەوام گۆرانییەکانی نوێدەکرێنەوە. چونکە کایا هاواری خەڵکی چەوساوە و هەژاربوو، گۆرانی و موزیکەکانی گوزارشتن لە واقیعی ژیانی کۆمەڵگە و دیاردە و بابەتە دیارەکان، بۆیەش هەمیشە بە زیندوویی دەمێنێتەوە لەیاد و هزری گوێگراندا.

یەکەم ئەلبوومی بڵاوکراوەی لە ١ی ٤ی ١٩٨٥بوو بەناوی "مەگری ڕۆڵەکەم"بوو، ئەلبوومەکەی پڕ لە ناڕەزایی و سکاڵایە لەدەستی نادادی و ستەم، بۆیەش حکومەتی ئەوکاتی تورکیا و دەستگاکان دەترسان لە بڵاوکردنەوەی ئەم ئەلبوومە ناوازەیەی کایای بلیمەت. بەڵام ئەو ساردنەبووەوە و بەهاوکاری هاوڕێکانی ئەلبوومەکەی بڵاوکردەوە.

ئەلبوومەکە لە شیعری شاعیرانی وەک: سەلاحەددین عەلی، ئەحمەد عارف، سەباحەدین عەلی، قەرەجئۆغلان، نازم حیکمەت، دەمار عارف، محەمەد عاکیف ئەرسۆی و کایا خۆشی بەشێک لە شیعرەکانی نووسیبوون؛ وە ئاوازی سەرجەم گۆرانییەکان لە دانان و ئامادەکردنی خۆی بوو.

ڕاستە گۆرانییەکان بە زمانی تورکی بوون، بەڵام بە ڕۆحێکی کوردانە و گوزارشتبوون لە کێشە و ئازارەکانی گەلی کورد بەتایبەت.

وە بەشێکی زۆر لەهونەرمەندان و نووسەرانی باکووری کوردستان لە تورکیادا بەم شێوەیە کاریان کردووە، بە زمانی تورکی بابەتەکانیان پێشکەشکردووە تاوەکو کوردانی زازاکیش بتوانن لێی تێبگەن، وە ئەو کوردانەش کە ئاسیمیلەبوون و کرمانجی نازانن، پەیامی کارەکانیان بەئاسانی پێبگات.

هەرچەند ئێستە بەهۆی خەبات و بەرخۆدانی گەلی کورد لەباکوور، کوردبوون شەرم نییە، ئاسان ناتوانن واتلێبکەن کورد نەبیت و ببیت بەوان؛ بەڵکو سەربەرزی و شانازییە، وە کوردانی شارە تورکییەکانیش بە کوردی قسەدەکەن و منداڵەکانیان فێری زمانی کوردی دەکەن.

ئێستە بەشێوەیەکی بەرچاو ڕێچکەی نووسین و هونەر و کولتوورمان لە باکوور بە زمانی کوردییە و وە بەشێکی زۆر لە هونەرمەندان و کەسایەتییەکان هەر بەکوردی خزمەت دەکەن و کارەکانیان پێشکەشدەکەن؛ هەرچەند ڕێگری زۆریان دێتەڕێیان و کۆسپ و بەربەست دەخەنە بەردەمیان، بەڵام کاروانەکە لەڕێیە و بەرد و داری سەرڕێگە ناتوانێت بیوەستێنێت. کایا چەندین گۆرانی و ئەلبوومی لەسەر ئەم ڕێچکە و پەیامە کوردی مرۆڤانەیە بڵاوکردەوە و بەشێکیان دوای مەرگی هاوسەرەکەی "گوڵتەن" بڵاویکردنەوە، ڕاستە بەم هۆیە بەردەوام ئازاردەدرا و ناڕەحەت دەکرا؛ بەڵام هەوادار و گوێگرێکی زۆری هەبوو لە باکووری کوردستان و تورکیا، ئاسان نەبوو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەناویببەن و تیرۆری بکەن؛ بەڵام حکومەت و نەتەوەپەرستەکان هەمیشە لە هەوڵ و کارکردن بۆ ڕاگرتنی ئەم کەڵەهونەرمەندە بوون.

### ئەلبووم و کارەکانی ئەحمەد کایا:

- مەگری ڕۆڵەکەم Ağlama Bebeğim (١٩٨٥)
- تێکئالاَن لە ئازار Acılara Tutunmak (١٩٨٥)

– ئاوازی شەبەق Şafak Türküsü (١٩٨٦)

– کاتێ دێ An Gelir (١٩٨٦)

– دیموکراتی ماندوو Yorgun Demokrat (١٩٨٧)

– سەرم بەرزدەکەمەوە Başkaldırıyorum (١٩٨٨)

– خوێندنەوە – ١ Resitaller-1 (١٩٨٩)

– گوڵێکی نییەت چاک – کۆد ناوی بەختیار İyimser Bir Gül – Kod Adı Bahtiyar (١٩٨٩)

– خوێندنەوە – ٢ Resitaller-2 (١٩٩٠)

– دیواری ئەوین Sevgi Duvarı (١٩٩٠)

– تووشی بەڵا بووم Başım Belada (١٩٩١)

– بەرم مەکەوە ئەسوتێی Dokunma Yanarsın (١٩٩٢)

– ناجێگیر Tedirgin (١٩٩٣)

– گۆرانییەکانم بۆ شاخەکانە Şarkılarım Dağlara (١٩٩٤)

– بمدۆزەوە Beni Bul (١٩٩٥)

– ئەستێرە و مانگاشەو Yıldızlar ve Yakamoz (١٩٩٦)

– بەرامبەر دۆست و دوژمن Dosta Düşmana Karşı (١٩٩٨)

## * ئەلبووم و کارەکانی کەپاش مەرگی بڵاوکرانەوە:

– خوات لەگەڵ چاوەکەم Hoşçakalın Gözüm (٢٠٠١)

– تۆش بگری تۆزێک Biraz da Sen Ağla (٢٠٠٣)

– با داواکەم بمێنێ Kalsın Benim Davam (٢٠٠٥)

- فرمێسکەکانم بوونە هەزارساڵە Gözlerim Bin Yaşında (٢٠٠٦)

– بابا – تەنهام ئەحمەد کایا Babaero Ahmet Kaya Yanlizim (٢٠١٢)

گەر تەماشای ناوی کارەکان بکەیت سەرجەمیان گوزارشتن لە بابەتێکی قووڵ، وە سەرنجی مرۆڤ ڕادەکێشن و دەزانیت کە پەیامێک لە پشتی کارەکەوەیە.

کاتێک گوێ لەکارەکانیش دەگریت، بەڕاستی هەست و هۆشی مرۆڤ کۆنترۆڵ دەکەن و وابەستەی دێڕەکانی ناو گۆرانییەکە



سەرچاوە Serchawe

دەبن.

کاری هونەری ئەو توانایەی هەیە کە شۆڕش بخولقێنێت، داینەمۆی خەبات و بەرخۆدانبێت و هەمیشە کارێکی زیندوو بێت و لەسەردەم و دۆخەجیاوازەکاندا بەدەرکەوێتەوە. بەمەرجێک هونەرمەند دوای حەز و خواستی کاتیی و کورت مەودای گوێگر و هەوادار نەکەوێت و خۆی ببێتە سەرقافڵەی کاروانی هونەری خۆی، وە مەعریفە و تێگەیشتن و توانایی خۆی بەکاربهێنێت بۆ خولقاندنی کاری نوێ و جیاواز.

ئەگەرچی خەڵکیش کارەکانی بەدڵ نەبێت لەسەرەتاوە، یاخود هونەرمەند لەسەر کارەکانی ئازاربدرێت و بەرژەوەندییەکانی بکەونە مەترسییەوە؛ بەڵام کارەکانی بەدڵنیاییەوە ئەخلاقی دەبن و پێیان دەگوترێت کاری هونەری ڕاستەقینە.

گوێگریش دەبێت بەردەوام پرسیار لەخۆی بکات دەربارەی ئەو کارە هونەرییانەی ڕۆژانە گوێبیستیان دەبێت..

**ئایا ئەم کارە لە ڕۆح و ناوەڕۆکی نەتەوەوەیە؟**

**ئایا گوزارشت لە پەیامێکی قووڵ و ئەخلاقی دەکات یاخود بەپێچەوانەوە؟**

پاشان پرسیار لەوەی کە چ تەکنیک و شێواز و داڕشتنێک لە دروستکردن و بەرهەمهێنانی کارەکە جێبەجێکراوە..

گوێگر دەبێت هونەردۆست بێت و هەمیشە بەچاوێکی پڕ پرسیار و گوێیەکی ڕەخنەئامێز گوێبیست و بینەری کارە هونەرییەکان بێت. نەک ڕاستەوخۆ و بێ هیچ لێکۆڵینەوە و بیرکردنەوەیەکی جدی ببێتە هەوادار و سەرخەری کار و کەسانێکی ناشارەزا و ناهونەری.

ئەگەر گوێگر بەمشێوەیە بەئاگابوو و کارەهونەرییەکانی هونەرمەندی بەم شێوەیە خستە ژێرپرسیار و ڕەخنە، هونەرمەندانیش ناچاردەبن کاری ئاستبەرز و چاک پێشکەشبکەن و خۆیان بەدووربگرن لە کاری سەرپێیی و کاڵوکرچ و بێ پەیام.

گوێگری باش و هونەردۆست، هونەرمەندی گەورە کێشدەکات و دروستدەکات؛ هونەرمەندی گەورە و شارەزاش کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو و بەئاگا بەرهەمدەهێنێت.

کایا لە ساڵی ١٩٧٩ هاوسەرگیری کردووە و جیابووەتەوە، پاشان هاوسەرگیری لەگەڵ "گوڵتەن خەیاڵئۆغڵۆدا" کردووە و خاوەنی دوو کچە بەناوی "مێلیس و چیدەم". پاش ئەم هاوسەرگیرییە کایا زیاتر دەچێتە بواری موزیکەوە، بەهۆی پشگیری و پاڵپشتییە ماددی و مانەوییەکانی هاوسەرەکەی و هاوڕێیەتی برای هاوسەرەکەی بەناوی یوسف، کە زۆرێک لە گۆرانیەکانی کایا لە شیعری یوسف خەیاڵئۆغۆن و کاریگەری زۆر و بەرچاویان لەسەریەکدی هەبووە لەگەڵ کایادا.

کایا لە گرووپی هونەرمەند "فەردی تەیفوور" وەک موزیکژەن کاری کردووە، لەوێوە سەرکردەیەکی مافیای ناسیوە بەناوی "کورت ئیدریس"، وانەی ساز و موزیکی بە کوڕی ئەم مافیایە وتووەتەوە و نزیکبووە لێیانەوە، ئیدی بەهۆی چەکێکەوە کە لە نووسینگەی ئەو مافیایەدا دۆزراوەتەوە کایا تووشدەبێت و بۆ ماوەی ٣٠ مانگ دەستگیرکراوە و لەزینداندا بووە. پاش هاتنەدەرەوەی لە زیندان لەگەڵ "حسێن دەمیراڵ" کۆنسێرتی ڕێکخستووە و پەیوەندی نێوانیان بەهێزبووە، پاشان بەهۆی "گوڵتەن"ی هاوسەرییەوە، کایا باری دارایی و کارەکەشی بەرەو باشتر ڕۆشتووە، هەل و فرسەتی باشی بۆدێتە پێشێ تا گەشە بەهونەرەکەی بدات و کارەکانی بەرەوپێش ببات و ببێتە جێی سەرنجی هەموو ڕەخنەگران و گوێگران.

ساڵی ١٩٩٣ کایا لە شاری بەرلین کۆنسێرتێکی پێشکەش کرد کە لەلایەن کۆمەڵەی بازرگانانی کوردەوە ڕێکخرابوو، دوای بڵاوبوونەوەی وێنەکانی کۆنسێرتەکە، لەلایەن دادگای ئاسایشی دەوڵەتیی ئیستەنبوڵەوە دۆسیەیەکی لەسەر کرایەوە و هەندێک وێنە و بابەت و قسەی کایایان کردە بابەتی تۆمەتبارکردن و لۆمەکردنی؛ دەیانگووت: هانی یاخیبوون و دوژمنایەتی و رقی داوە، دەستی لەگەڵ پەکەکە تێکەڵ کردووە و هاوکارییان دەکات. لەسەر ئەم تۆمەتانە دوو دۆسییەی لەسەر کرایەوە و داوا کرا ١٠ ساڵ و نیو سزا بدرێت.

لە ١٠ی ٢ ساڵی ١٩٩٩، لە مەڕسیمی دابەشکردنی خەڵاتی باشترین هونەرمەندی ساڵ کایا یەکەم بوو و بەباشترین هەڵبژێردرا، لەکاتی وتاردانا گووتی: کە نوێترین بەرهەمم بە زمانی ڕاستی خۆم، زمانی کوردی بەناوی کاروان لەناو ئەلبوومە تازەکەیدا دەبێت. هاوکات گۆرانی کاروان لە دابەشکردنی هونەرمەند "کاوە شێخ"ە.

دوای ئەم ڕاگەیاندنە کایا ڕووبەڕووی لۆمەکردن و تانە و تەشەر و هەڕەشەی کوشتن بووەوە لەلایەن ڕەگەزپەرستەکانی تورک کە لەوێ ئامادەبوون، لەلایەن چەندین کەس و هونەرمەندە لەوانەوە هێرش کرایەسەری و ئازاردەدرا و جوێنی پێدەدرا، ئیدی ناچاربوون لەوێ بیبەنە دەرەوە، دوای سێ مانگ لەو ڕووداوە کایا بەرەو وڵاتی فەڕەنسا کۆچیکرد و ئاوارەبوو؛ بەهۆی ئەو هەڕەشە و داوا و شکاتانەی لێیدەکرا لەلایەن ڕەگەزپەرست و سیاسەتمەدارەکانەوە، پاشان دادگای نیشتیمانی تورکیا لە مانگی چواردا تۆمەتی ناپاکییان خستە پاڵی و لە هەموو تورکیاوە هێرشی توندی دەکرایەسەر، کە هەندێکیان داوایان دەکرد لە سێدارە بدرێت، ئەمانەش بووە هۆی ئەوەی چەندین قسە و قسەڵۆکی تری بۆ هەڵببەسترێت و

تەنانەت ڕۆژنامەی حورییەت بڵاویکردەوە کە کایا بە کۆنسێرت و کارەکانی پارەی بۆ پەکەکە کۆکردووەتەوە و یارمەتیداون و سەر بەو حیزبەیە، لە یەکەم دانیشتنی دادگاییکردنی کایادا، خۆی ئامادەبوو و هەموو ئەو تۆمەتانەی ڕەتکردەوە کە درابوونە پاڵی لە ماوەی دانیشتنەکانی دادگا کایا لە وڵاتی فەڕەنسابوو و بەبێ ئامادەبوونی خۆی، حوکمی ١٠ ساڵ زیندانی بەسەردا درا.

پاشان لە ١٦ی ١١ ساڵی ٢٠٠٠دا بە جەڵتەی دڵ کۆچی دوایی دەکات و لە تەمەنی ٤٣ ساڵیدا لەخاکی غەریبی گیاندەسپێرێت؛ لە گۆڕستانی ناودارانی پاریس "پیرلاشیز" هەمان ئەو گۆڕستانەی هونەرمەند "یەڵماز گۆنەی" تێدانێژرا لە وڵاتی فەڕەنسا دەنێژرێت.

گوڵتەنی خێزانی گووتی: تاوەکو لە ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنەکانی تورکیا بە کوردی گۆرانی نەوترێت ئەمەوێت گۆڕەکەی هەر لە فەڕەنسا بێت.

عەبدوڵا گولی سەرۆکی ئەوکاتی تورکیا خەڵاتی "گەورە"ی بەخشییە کایا پاش مەرگی لە ڕۆژی لە دایکبوونیدا لە ٢٠١٣دا. یەکێک لەو هۆیانەی دەکرێت ئەم سەرۆکەی تورکیا ئەو کارەی کردبێت ئەوەیە کە ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی تورکیا ڕێزی تایبەتی لە کایا گرت دوای هاتنە سەر حوکم و لە چەند بۆنە و وتارێکدا باسی کایای دەکرد.

هۆکاری خۆشەویستی ئەردۆغان بۆ کایا ئەوەبوو کە لەساڵی ١٩٩٩دا کاتێک لەسەر خوێندنەوەی شیعرێکی سیاسی زیندانی دەکرێت و بۆ زیندان دەبرێ، کایا گۆرانی "ئاوازی شەبەق" دەڵێت و دەڵێت: ئەمە بۆ هەموو ئەوانەی لە زیندانن و دەچنە زیندان.

هەڵوێست و هونەرەکەی کایا خێزانەکەی و نەتەوەکەی فێری کوردبوون و خەبات و بەرخۆدانکرد، هونەری کایا لەو هونەرانەیە کە مرۆڤ بەخەبەردەهێنێتەوە و پرسیار و گومانی لەلادروستدەکات. هونەرێکی سادە و ئاسایی نییە کە مرۆڤ تەنها بۆ چێژێکی کاتی گوێی لێبگرێت، بەڵکو بەڕاستی لەناخەوە دەیوروژێنێت و بەرەو کۆمەڵێک بابەتی ئەخلاقی و مرۆڤانەی دەبات.

گەورەیی کایا لەوەدایە کە دوژمنانی دۆزی کوردیش بوونە گوێگری و پەشیمانی خۆیان دەربڕی لەوەی کە دژی ئەم هونەرمەندە وەستاونەتەوە لەبەر کوردبوونی. ئەوەتا کاریگەری کایا لەپاش مەرگی دەستیپێکرد لە تورکیا و دەرەوەی تورکیاشدا؛ کارەکانی دوای مەرگی ناسران و خەڵات و ڕێزلێنانەکان دوای خۆی پێیبەخشران. کایا بەجەستە مرد، بەڵام



سەرچاوە
Serchawe

هونەرەکەی زیندوو مایەوە؛ ڕۆژ بەڕۆژ کاریگەری هونەر و ڕێبازەکەی زیاتردەبێت و دەبێتە هەوێنی تێکۆشان و خەباتی هونەرمەندان لەڕێگەی هونەرەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی موزیکناس - ڕێکەوتی: ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤

---



سەرچاوە
Serchawe

**سەردار ئۆرتاچ، هونەرمەندی دیاری تورکیا، لە نوێترین لێدوانیدا ئاماژە بە پەشیمانیی خۆی دەدات بۆ ئەو هەڵوێستەی بەرامبەر بە ئەحمەد کایا نواندوویەتی.**



**حەسەن فەلاح**

سەردار ئۆرتاچ، هونەرمەندی گۆرانیبێژی دیاری تورکیا، بۆ جارێکی دیکە پەشیمانیی خۆی بۆ ئەو هەڵوێستە دەردەبڕێت، کە ساڵی ١٩٩٩ بەرامبەر بە هونەرمەندی دیاری کوردستان، ئەحمەد کایە نواندوویەتی و دەڵێت، "هەرکاتێک دەگەڕێمەوە بۆ ئەو ساڵە، دەمەوێت خۆم ببڕم"، ئاماژە بەوەش دەدات؛ خودا نەفرەتم لێبکات.

پەشیمانییەکەی ئۆرتاچ دەگەڕێتەوە بۆ رووداوێکی ساڵی ١٩٩٩، ئەوکاتەی لەمیانی مەراسیمی دابەشکردنێکی خەڵاتدا، ئەحمەد کایا لەلایەن ئامادەبووانەوە هێرشی دەکرێتە سەر بە هۆکاری داواکارییەکەی بۆ گوتنی گۆرانی بە کوردی، سەردار ئۆرتاچ، یەکێک دەبێت لەوانەی، بە خێرایی کاردانەوەی بەرامبەر کایا دەبێت و باز دەداتە سەر سەکۆی شوێنەکە و سروودی نیشتمانیی تورکیا دەڵێتەوە، پاش چەند ساڵێکیش، داوای لێبوردنی خۆی پێشکەش کردووە.

هەتاوەکو ئێستاش، ئۆرتاچ نەیتوانیوە لە دۆخی ناهەمواری ئەم هێرش و هەڵوێستە، دەروونی خۆی ئارام بکاتەوە، نهێنییەکی خۆی سەبارەت بە زمانی کوردییش ئاشکرا دەکات و دەڵێت، "ساڵی ١٩٧٠ نەمانتوانیوە سڵاویش بە کوردیی

بکەین، دایکم خەڵکی ئورفەیە، هەوڵیداوە کوردییم فێربکات، بەڵام بە کوردیی قسەمان نەکردووە"، ئۆرتاچ دەڵێت "هەمووان هەڵە دەکەن" و جەخت لەوە دەکاتەوە؛ هەر کاتێک دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ساتانە، دەیەوێت ئازاری خۆی بدات.

ئۆرتاچ وێڕای پەشیمانییەکەی بەرامبەر ئەحمەد کایا، ئاماژە بەوە دەدات، "ئەم پیاوە دەیزانی دەستگیر دەکرێت، چ بوێرییەکە؟ موزیکەکەی جوان بوو."

سەردار ئۆرتاچ ئێستا تەمەنی ٥٤ ساڵە، یەکێکە لە دیارترین گۆرانیبێژەکانی ژانرای پۆپ لە وڵاتی تورکیا و خاوەنی دەیان گۆرانی بەناوبانگە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کاناڵی ٨ تیڤی - ڕێکەوتی: ٢٣ی مای ٢٠٢٤

## ئەحمەد کایا.. هونەرمەندی شۆڕشگێڕی کورد



حەسەن فەلاح

ئەحمەد کایا، رێکەوتی ٢٨ ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٧، لە شاری مەلاتیای باکووری کوردستان لەدایکبووە، یەکێکە لە دیارترین هونەرمەندەکانی کوردستان.

کایا، پێنجەم و دوا منداڵی خێزانەکەی بووە، باوکی کورد و دایکی تورک بووە، هەر لە منداڵییەوە، لە ئاستی ژیانی هونەریی خۆیدا، لەو کارگەیەوە دەستیپێکردووە کە باوکی کاری تێدا کردووە، لە دانیشتن و کۆبوونەوە هونەرییەکاندا، گۆرانیی بۆ باوکی و کرێکارانی کارگەکە گوتووە.



بوونی دەنگێکی خۆش و تواناى ژەنینی ئامێری موزیکی، هەر لە منداڵییەوە کایا دەکەن بە هونەرمەندێکی باش، لە شەش ساڵییەوە تواناکانی بەرەوپێشبردووە و لەگەڵ هونەرەکەیدا کاری کردووە، کە بەهۆی زەحمەتیی ژیان و بژێوییەوە، پاش تەواوکردنی قۆناغی سەرەتای خوێندن، دەستبەرداری خوێندن دەبێت.

ساز هەر لە منداڵییەوە، دەبێت بە هاوڕێیەکی گەورەی ئەحمەد کایا، باوکی بە دیاریی سازێکی بۆ دەکڕێت و لە سایەی "یوسف"ی خاڵیدا، لە گوندەکەی خۆیان، فێری ژەنینی ئەم ئامێرە دەبێت.


لە ئاستی ناوەڕۆکی هونەرەکەیدا، کایا وەکو کەسایەتییەکی یاخی و دژ بە ستەم و زۆرداریی کاری کردووە، ئەمە پاڵنەر بووە بۆ زیندووبوونەوەی هونەرەکەی لەنێو نەتەوەکەیدا، کاریگەرییەکی گەورەی دروستکردووە و دەنگەکەی، کە پاڵنەر بووە بۆ پشتگیریکردن لە خەڵکی چەوساوە و هەژار، وای کردووە بە خێرایی ژمارەی گوێگرانی زیاد ببێت.



کایا رێکەوتی یەکی نیسانی ١٩٨٥، یەکەم ئەلبوومی خۆی بە ناوی "مەگری رۆڵەکەم" بڵاودەکاتەوە، بەهۆی ناوەڕۆکەکەیەوە، کە دژایەتیکردنێکی راستەوخۆ و گەورە بووە دژ بە نادادپەروەریی و ستەم، حکومەتی تورکیا نیگەران دەبێت و دژی دەبن، بەڵام بە هاوکاریی هاوڕێکانی، مکوڕ دەبێت لە بڵاوکردنەوەی.



سەرچاوە
Serchawe




گەرچی یەکێک لەو رەخنانەی ئاڕاستەی ئەحمەد کایا دەکرێن، بریتییە لە بەکارهێنانی زمانی تورکی لە ناوەڕۆکی تێکست و گۆرانییەکانیدا، بەڵام بەکارهێنانی ئەم زمانە، هۆکارێک بووە بۆ گەیاندنی پەیام بە زۆرینەی گەلی تورکیا، بەدیاریکراوییش کوردانی زازاکی، تاوەکو بتوانن بە ئاسانیی لێی تێبگەن، هاوتای کوردان و زۆرێکی دیکە لە نەتەوە جیاوازەکان، کە ناتوانن لە کوردی تێبگەن و ئەم شێوازەی کایا هۆکارێک بوو بۆ گەیاندنی ئاسان و خێرای پەیامەکانی.

**لە دیارترین ئەلبوومەکانی کایا بریتین لە:**

**مەگری رۆڵەکەم**
**ئاوازی شەبەق**
**کاتێ دێ**
**سەرم بەرزدەکەمەوە**

کایا ساڵی ۱۹۷۹ هاوسەرگیریی کردووە و جیابووەتەوە، لە هاوسەرگیریی دووەمیدا لەگەڵ گوڵتەن خەیاڵئۆغلۆ، زیاتر رۆدەچێتە نێو جیهانی موزیک و بەهۆی پاڵپشتیی هاوسەرەکەی و هاوڕێیەتیی برای هاوسەرەکەی بەناوی یوسف، کایا کاریگەرییەکی گەورە دروستدەکات لە ئاستی پیشەسازیی موزیک و بەرهەمهێناندا، زۆرێک لە شیعری کارەکانی کایا، یوسف خەیاڵئۆغلۆ نووسیونی و کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر یەکتر هەبووە.

ئەلبوومی "گۆرانییەکانم بۆ شاخەکان" بە فرۆشتنی دوو ملیۆن و ۸۰۰ هەزار دانە تۆماری شکاندووە، بەهۆی گۆرانییەکی ئەم ئەلبوومە بە ناوی "بانگی ئازادی"، ئەلبوومەکە لە بازاڕەکاندا کۆکرایەوە و قەدەغەکرا، بڕیاری قەدەغەکردنی کۆنسێرتیشی



لەدژ دەردەکەن.

گۆرانییەکانی کایا، زیاتر باس لە بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دەکەن، لە ٢٠ ئەلبووم تەنها یەک گۆرانیی کوردیی هەیە بە ناوی کەرڤان.

ڕێکەوتی ١٠ی شوباتی ١٩٩٩، لەمیانی ڕێوڕەسمی دابەشکردنی خەڵاتی باشترین هونەرمەندی ساڵدا، کایا یەکەم دەبێت، لەکاتی گوتارەکەیدا، ئاماژە بەوە دەدات کە نوێترین بەرهەمی بە زمانی کوردی دەبێت، ئەمەش کاردانەوەیەکی توندی لێدەکەوێتەوە و لەلایەن ڕەگەزپەرستەکانەوە هێرشی دەکرێتە سەر و ئازار دەدرێ، بە ناچاریی دەبرێتە دەرەوەی ڕێوڕەسمەکە و پاش تێپەڕینی سێ مانگ ڕوو لە وڵاتی فەڕەنسا دەکات و لە پەناهەندەییشدا دووچاری تانە و لۆمەکردنی توند دەبێتەوە.

ئەحمەد کایا، ڕێکەوتی ١٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٠، لە تەمەنی ٤٣ ساڵییدا و لە خاکی غەریبی، بە جەڵتەی دڵ کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی پیرلاشیزی شاری پاریس، هاوشانی یەڵماز گیونەی بەخاک دەسپێردرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کاناڵی ٨ تیڤی - ڕێکەوتی: ١٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## هەردوو چاوم ئەحمەد




**شوان ئەحمەد**

ناوەڕستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە گەڵ شیعرەکانی مەحموود دەروێش و عود و میلۆدی و سەدای مارسێل خەلیفەدا، بەشێوازێکی جیاواز و نوێ باوی گۆرانی فەلەستینی و عەرەبی ئاشنابووم.

لەنەوەدەکانیشدا یوسف خەیاڵئۆغلۆ و ئەحمەد کایە کارێکیان کرد، گوێبیستی ئاواز و سترانێکی ڕاقی و تایبەتی کوردانە بین. وەک چۆن بۆ فەلەستینییەکان ئەو کارانەی مارسێل خەلیفە جگە لەگۆرانی، سرودی بەرخودان و کۆڵنەدان بوو، بەرهەمەکانی کایەش بۆ کوردان شەڕی ناسنامە و گەیاندنی دەنگ و سەدای میللەتێکی بەشمەینەت بوو.

دروستکردنی فیلم لەسەر ئەو هونەرمەندە گەورە و بەهەڵوێستە، کاری لەهەرە پێشینەو جێگەی دەست خۆشییە. بەڵام کە کارەکە لەئاستی پێویسدا نەبوو، دەبێت گلەیی خۆمان بکەین.

(هەردوو چاوم ئەحمەد) بەرهەمێکی سینەمایی ئاست نزم بوو. لەئاست چاوەڕوانی عاشقانی دەنگی کایەدا نەبوو. دانیشتنی



سەرچاوە
Serchawe

دوو کاتژمێر بەدیار بەرهەمێکی سینەمایی سادە و ساکارەوە، جاڕسکارە.

ئەم فیلمە بەها و گرنگییەکەی تەنها لەوەدایە کە ناوی ئەحمەد کایەی لەسەرە و بەبیرهێنانەوەی ژیان و هەڵوێستی کوردانەی ئەوە، گەر نا لەڕووی هونەرییەوە شتێکی ئەوتۆی تێدا نییە.

تیتلێک کە بۆ ئەم بەرهەمە دەست بدات، هەر ئەوەندەیە بە پیتی درشت بنووسین:( کارێکی ئاست نزم و سادە، بۆ هونەرمەندێکی مەزن و بەهەڵوێست).


سەرچاوە: ماڵپەڕی هەرمان نیوز - ڕێکەوتی: ٢٤ی مارچی ٢٠٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe

## ئەحمەد كایا رۆحێكی یاخی



**ئامادەكردن و نوسینی علی جمال**

ئەحمەد كایا لە ٢٨ ئۆكتۆبەری ساڵی ١٩٥٧ لە شاری مەلەدی باكوری كوردستان لەدایك بووە كایا پێنجەم منالی خێزانەكەیان بووە باوكی كورد دایك تورك بووە خۆیان لەئەسڵ خەڵكی سەمسور بوون بەڵام بۆئیش وكار باوكی رووی كردۆتە مەلەدی.

لەتەمەنی شەش ساڵیەوە خەریكی مۆسیقابوە ماوەیەك لە ئەستەمبوڵ كاری شۆڤێری پاس و تەكسیشی كردوە پاشان كاتێك لەخوێندنگەش دەگەڕایەوە لەدوكانێكی فرۆشتنی قەوان و كاسێتدا كاری دەكرد كایە لەمناڵیەوە رۆحی یاخی هەبوو لەتەمەنی ١٦ساڵی لەسەر چاپكردنی لاڤیتەی نایاسای گیراوە پاشان دەچێت بۆلای كەسایەتی بەناو بانگی توركیا رووحی سو لەزانكۆی بۆغاز ئیچی بۆئەوەی گوێ لەژەنینی سازەكەی بگرێ كاتێك كایە دەست بەژەنین دەكا دوای ماوەیەك سازەكەی لێ وەردەگرێت دەڵێ :ساز نابێ بەشێوەیەك بژەنرێ وەك ئەوەی سواری ئەسپ ببی بەڵكو دەبێت بەنەرمی بژەنرێ.

لەساڵی ١٩٨٥ یەکەم ئەلبومی خۆی بەناوی مەگری کۆرپەکەم بڵاو دەکاتەوە بەڵام بەهۆی ئەوەی ناوەڕۆکی شعرەکانی شۆڕشگێڕانە بووە هیچ دەزگایەکی هونەری ئامادەنەبوو هاوکاری بکات بەڵام بەهاوکاری دۆستەکانی یەکەمین ئەلبومی خۆی بڵاوکردەوە پاشان حکومەتی تورکیا ئەلبومەکەی کایا قەدەغە دەکەن.

کایا لەساڵی ١٩٨٥ لەگەل گوڵتەن هاوسەرگیری دەکات کە گوڵتەن بەناوبانگ بوون بە خەیاڵئۆغلۆ کەبرای گوڵتەن ناوی یوسف خەیاڵئۆغلۆ زۆریک لەگۆرانیەکانی کایا لەهۆنراوەی ئەون وەلەساڵی ١٩٨٦ ئەلبومی کاتێک دێ بڵاودەکاتەوە وە لەساڵی ١٩٩٩ دەبێتە براوەی خەڵاتی ڕێکخراوی ڕۆژنامەنوسانی چاپی تابلۆید وباشترین گۆرانیبێژی ساڵ دەڵێت:

**من گۆرانیەکی کوردیم لەناو ئەلبومەتازەکەم داناوە چونکە من بە ڕەچەڵەک کوردم گومانم نیە گەلێ کۆمپانیای مۆسیقا حەزدەکەن ئەلبومە تازەکەم بڵاوبکەنەوە لەم کاتەدا چەند هونەرمەندێکی تورک هێرش دەکەنەسەری و هاواریان دەکرد: خائین بڕۆ دەرێ.**

پاشان دادگا ی ئاسایشی نیشتمانی تورکیا لە ٣٠ نیسان بەتۆمەتی خیانەت بەنیشتیمان درایە پاڵ کایا بەڵام تورکە توندرەوەکان داوای لە سێدارەدانی کایەیەیان دەکرد بەڵام کایا چوو بۆ ئەورپا دادگا بەبێ ئامادەبونی کایا حکومی ١٠ساڵ زیندانی بۆ دەرکرد

لە ١٦ نۆڤەمبەری ٢٠٠٠ لەکاتی خۆئامادەکردن بۆ کۆنسێرت لەپاریس لەشوێنی حەوانەوەی خۆی کۆچی دوایی دەکات لە گۆڕستانی ناوداری پاریس پیرلاشیز بەخاک دەسپێرێ

**پاشان گولتەن هاوسەری کایا ئەلبومە تەواو نەکراوەکەی کە بەناوی گوێ بگرە وڵاتە خۆشەویستەکەم بڵاودەکاتەوە**

**ئەلبومەکانی کایا**

ئەلبومی مەگری کۆرپەکەم لە ساڵی ١٩٨٥

ئەلبومی تێکئاڵان بەئازار لەساڵی ١٩٨٥

ئەلبومی ئاوازی شەبەق لەساڵی ١٩٨٦

ئەلبومی کاتێ دێ لەساڵی ١٩٨٦

ئەلبومی دیموکراتی ماندوو لە ساڵی ١٩٨٧

ئەلبومی سەربەرز دەکەمەوە لە ساڵی ١٩٨٨



سەرچاوە
Serchawe

ئەلبومی خوێندنەوە لەساڵی ١٩٨٩

ئەلبومی خویندنەوە ٢ لەساڵی ١٩٩٠

ئەلبومی توشی بەڵابووم لەساڵی ١٩٩١

ئەلبومی بەرم مەکەوە ئەسوتێی لەساڵی ١٩٩٢

ئەلبومی ناجێگیر لەساڵی ١٩٩٣

ئەلبومی گۆرانیەکانم بۆ شاخەکانە لەساڵی ١٩٩٤

ئەلبومی ئەستێرە ومانگاشەو لەساڵی ١٩٩٦

ئەلبومی بەرامبەر دۆست ودوژمن لەساڵی ١٩٩٨

ئەو ئەلبومانەی دوای مردنی بڵاوکرانەوە

ئەلبومی خوات لەگەڵ چاوەکەم لەساڵی ٢٠٠١

ئەلبومی تۆزێکیش تۆبگری لەساڵی ٢٠٠٣

ئەلبومی باداواکەم بمێنێ لەساڵی ٢٠٠٥

ئەلبومی فرمێسکەکانم بونە هەزارساڵە لەساڵی ٢٠٠٦

ئەلبومی بابائەرۆتەنهام لەساڵی ٢٠١٢

دەستم بەرزە بۆ نزا گوێم قوڵاغە بۆ چرپە

بیری مردن دەکەم دایە....

لە کاتێکدا شێتانە شەیدای ژیان بووم

مەگەڕێ بۆمن ، مەگەڕێ دایە

چیدی لە دەرگاکە ناوم مەپرسە

ئەستێرە کەوتونەتە پرچت

هەڵیان مەکێشە دایە ، مەگری

ئازاری ژیان هەڵواسراوە بە ملمدا کەچی

بەتامی گۆرانی

دەموویست بژیم

سەرچاوە: ماڵپەڕی kurdishdc.org - ڕێکەوتی: ٦ی جوولای ٢٠٢١

## ئەحمەد کایا، دەنگێک دەبێ لەسەر نۆتەی خشپەی گەڵا و لەبەر سوناتای باراندا هەڵیمژی



**شادی نیکخا**

حوزنی پاییزانە پابەندی هیچ رێسا و پێوەرێک نییە و بێ هیچ خوڵک و تەقەدەرگایەک، دێت و خۆی لە نووتەکترین کونجی رۆحت دەپەستێوێ، لەوێشەوە دەخزێ بۆ ناو هەنگاوەکانت و سەرت پێهەڵدەگرێ بۆ پیاسەی بێ چەتری بەربارانی ئێوارەی شارێک کە چاوەکانی پڕن لە پرسیاری دزێو لەسەر تەنیاییت.

"باران دەبارێ، تۆ تەڕ دەبی ..
رۆژ هەڵدێ، تۆ ئاوا دەبی ..
تۆ تریفەی مانگی لەسەر دەریا..
دەڵێی هەر بە بێدەنگی دەگریت ..
ئەوا کاتی رۆیشتنە ..
لێگەڕێ با مانگ بڕوا ..
تۆ ئەمشەو هەر لێرە بە، تۆ هەموو هیوامی" ...
(Ahmet Kaya - Yakamoz)

لەناکاو بیری پیاسەی ئێوارەی بارانـاویی باخێک دەکەی، لە ناوچەی بیستی رۆژهەڵاتی پاریس کە ناوی پێر لاشێزە و نیگای دانیشتووانەکەی، تەژی لە مەعسوومییەتی بێدەنگی، مەساج بۆ هەنگاوەکانی تەنیاییت دەکەن.

ئەوە تەنیا حوزنی پێوەرهەڵنەگری پاییز نییە وات لێدەکا غەریبیی شوێنێک بکەی کە پێشتر بە وێنە نەبێ، هەرگیز نەتدیوە و بە خەیاڵ نەبێ، هەرگیز لەوێ نەبووی. ئەوە رایەڵی دەنگە پێناسەهەڵنەگرەکەی ئەحمەد کایایە کە دەڵێی پاییز لە ئەزەلەوە لەهەوڵدایە لە نەرمی و ناسکی و جوانی و فێنکی و حوزن و نامۆیی و تووڕەیی و تەڕی و رەهێڵە و وەرین و بارین و هەزاران هەستی دژوازی دیکەدا، لاسایی ئەو بکاتەوە.

ئەرێ خوایە ئەو هەموو پاییزە پڕئەفسوونە چییە وەریوەتە سەر دەنگەژێکانی ئەو پیاوە؟ ئاخۆ پێش یەکەم گۆرانیگوتنی ئەو، پاییز چ رەنگێک بووبێ؟ ئاخۆ پێش دەنگی ئەو، پیاسەی بەرباران چ تامێکی بووبێ؟ ئاخۆ پێش ئەویش گەڵاکان بە دەم باوە، نازدارانە سەمایان کردووە؟ ئەو هەر لە پاییزدا گۆرانیی گوتووە، یان هەر کاتێک ئەو گۆرانیی گوتووە، دونیا بەجارێک بووە بە پاییز؟

بەدەم رێکردن و گوێگرتنەوە، هەوڵ دەدەی یەکێک نەبی لەوانەی تێناگەن پیاوێک "چۆن دەسووتێ.. چیها جەفای کێشاوە.. لەچی هەڵاتووە.. بۆچی دەخواتەوە.. بۆ بێدەنگە.. لە کێ تۆراوە..؟"

"دیوارە بەردینەکانم رماند و هاتم ..
زنجیرە پۆڵایینەکانم پچڕاند و هاتم..
ژیانی خۆم سووتاند و هاتم ..
ئێوە چۆن تێدەگەن من لە چی هەڵاتووم؟
ئێستا ئەستێرە لە ئاسماندا دەکوژێتەوە ..
ئێستا دایکم بانگم دەکات ..
دڵدارێکم هەیە ئێستا فرمێسکی بووە بە خوێن..
ئێوە چۆن تێدەگەن من بۆچی مەی دەخۆمەوە؟"
**(AHMET KAYA - NERDEN BİLECEKSİNİZ)**

دەتەوێ هەر لەبەر ئەو بارانە، هەر لەژێر ئەو نیگا دزێوانەی شار، بەدەم راژەنینی لانکەئاسای نۆتەکانی ئەو دەنگەوە بنووی، بەڵام دەنگی ئەحمەد کایا بەو هەموو نەرمییەوە، بۆ لایلایە ناشێ و پەیڤەکانی، دڵڕەقانە، نەک تۆ، هەموو

چەمکەکانی ژیان و مەرگ و مرۆڤ رادەچڵەکێنن.

"سۆز و هەیەجان لە مندا، وەک گێڕانەوەی چیرۆکێک، هەموو ساتێک لەگەڵمایە
وەرە.. لە زیندانە تاکەکەسییەکەمدا بە تەنیام
وەرە ئەی ئەوینی ئەفسانەیی من.. رووت ببەوە و خۆتم بۆ ئامادە کە
تا ساتێکی تر، دەمبەن بۆ بەردەم سێدارە
تاوێکی تر، وەک چرۆیەکی تازەپشکوتوو، لە لقم دەکەنەوە و دەمکوژن
ماڵئاوا ئەی هەموو هۆگرییەکانم.. ماڵئاوا ئەی هەموو خیلقەت.. ماڵئاوا ئەی عاشقان
ماڵئاوا ئەی سەمفۆنیای ئاوازە سەماهێنەرەکان.. ئەی سترانە عاشقانەکان و شیعرەکان "...

**Ahmet Kaya - Beni Tarihle Yargıla**

زۆرن ئەوانەی لە تورکی یان کوردیی کرمانجی تێناگەن، بەڵام کەس نییە تەسلیمی تەلیسمی حوزنی ئێوارەبارانی پاییز ببێ، کەچی لە پەیڤی ئەحمەد کایا نەگات.

"ئێمە ئەو دووکەڵە نەبووین کە لە بڵێسەی مۆمێک بەجێدەمێنێ ..
یان ئەو تەمەی چاوەکان لە یەکتر دەشارێتەوە
بە زانایی و وریایی، من بناسە ئەی سۆمای دوو چاوم ..
بە فەلسەفە بمناسە و پاشان بە مێژوو داوەریم لەسەر بکە "...

**Ahmet Kaya - Beni Tarihle Yargıla**

ئەو ئێوارانەی بێ هۆکار حوزنە غەریببەکە دەرگات پێدەگرێ، دوودڵ مەبە، هێدفۆنەکەت لە گوێ بکە و بڕۆ لەبەر سۆناتای باران و لەسەر نۆتەی گەڵا وەریوەکان، پیاسەیەکی گۆڕستانەکەی پێرلاشێز بکە .

ئاە.. دەبێ ئێستا گۆڕستانە ئاوەدانەکەی پێرلاشێز، بە دیار سیناریۆ غەریببەکانی یەڵماز گونەی و دیالۆگە بریندارەکەی قاسملوو و تەنیاییە ئەزەلییەکەی سادق هیدایەت و پیانۆ خەمبارەکەی فرێدریک شۆپێن و شیعرە شەکەتەکانی پۆل ئێلوارەوە، چ پاییزێکی کایائاسای نەرمی هەبێ؟

- ئەحمەد کایا: سترانبێژی کوردی باکووری کوردستان و دامەزرێنەری مۆسیقای نارەزایی لە تورکیا. پاییزی ساڵی ٢٠٠٠ لە

پاریس بە مەرگێکی گوماناوی کۆچی دوایی کرد.

- یەڵماز گونەی: سینەماکاری بەناوبانگی کوردی باکوور. ساڵی ١٩٨٤ لە پاریس کۆچی دوایی کرد.

- دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو: سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران. ساڵی ١٩٨٩ لەکاتی دانوستاندن بۆ چارەسەری کێشەی کورد لەگەڵ ئێران، شەهید کرا.

- سادق هیدایەت: نووسەری نیهێلیستی ئێرانی. ساڵی ١٩٥١ لە پاریس خۆی کوشت.

- فرێدریک شۆپێن موزیسیەنی داهێنەر و پیانۆژەنی ناوداری پۆڵۆنیایی. ساڵی ١٨٤٩ دوای تەمەنێکی کورتی پڕ لە ئازار و نەخۆشی، کۆچی دوایی کرد .

- پۆڵ ئێلوار: شاعیر و نووسەری فەڕەنسی، ساڵی ١٩٥٢ کۆچی دوایی کرد.

ئەوانە و چەندین زانا و کەسایەتیی ئەدەبی، هونەری و سیاسیی جیهان، لە گۆڕستانی پێرلاشیزی پاریس نێژراون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - ڕێکەوتی: ٣١ی دیسەمبەری ٢٠١٧

---

## لە یادی ١٥ ساڵەی ماڵئاوایی ئەحمەد کایا



**نیگایەک لە هونەر و موزیکی کایا، دەنگێکی ئارام بۆ خۆشەویستی و هاوارێکی توند بۆ ئازادی و یەکسانی مرۆڤ.**

**ئاسۆ حامدی**

**بە کورتی؛**

ئەحمەد کایا لە ٢٨ ی ئۆکتۆبەری ١٩٥٧ لە مەلاتیا لە دایک بووە، لە ١٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٠ لە پاریس کۆچی دوایی کردووە. کایا هەم گۆرانی و موزیکی دەچڕی و هەم هونراوەشی دەنووسی.

لێرەدا باس لە هونەر و موزیکی ئەم مرۆڤە دەکەین وهیچ پەیوەندی بە ژیانی کەسایەتی مرۆڤێ نیە کە ئەحمەد کایا بووە و ئێمە چڕی لەسەر بەرهەمەکانی دەکەین و لەو کەناڵەوە دەیناسین و باسی دەکەین. من هەرگیز حەز بە پیاهەڵدانی کەسایەتی مرۆڤەکان ناکەم بەڵام ئەگەر لەم نووسینە وا بەدیاربکەوێت ئەوە تەنها شایستەی بەرهەمە هونەریەکانیەتی و بەس.

## سازو ئاوازی کایا؛

ئەم مرۆڤە دەنگ و ساز خۆشە، هەرکێ مێژووی ئەدەب و موزیکی کۆمەڵگای تورکیا بە کورد و تورک وئەرمەن وعەرەب و هەموو نەتەوەکانی تر بنوسێتەوە ناتوانێ باسی ئەحمەد کایا نەکات. ئەم دەنگە خۆشە تایبەتمەندە هەر دەنگی عیشق و جوانی و دابڕانی خۆشەویستان نەبوو بەڵکو دەنگێکی دلێرانە و ناڕازیە دژی زولم و زۆرداری، دژی نابەرابەری لە کۆمەڵگایەک کە ئیدعای ئازادی و دیموکراسی دەکات، لە نیوەی هەشتاکان تا ساڵی دوو هەزار ئەم دەنگە بە ووشەی بەهێزی شاعیران و سازوئاوازی دەست ڕەنگینەکانی تورکیا بەردەوام بوو، هاواری کرد و بە زوڵاڵەوە بەبێ ترس و بەسەربەرزی ژیاو هەڕەشەی زۆری لێکراو و هێرشیان کردەسەر و زیندانی کرا و تۆمەتبارکرا بە پارچە پارچەکردنی ووڵات و دەربەدەرکرا بەڵام ئەم دەنگە بە سافی مایەوە وەکو ئاوی کانیاوەکانی سەرچیاکان و بە شکۆمەندی جەستەی مرد بەڵام ئەم سەدایە هەر زیندووە و نەوە بەنەوە شانازی پێوەدەکەن.

نەتەوەی کورد زۆرێک لە گۆرانی بێژی بەتوانا و موزیکی ژەنی تیاهەڵکەوتووە و بە زمانەکانی گەلانی باڵادەستی وەکو فارس و تورک و عەرەب دەرکەوتوون، کایا یەکێ لەوانەیە بەڵام میللەتی کورد هەقیەتی شانازی بەم مرۆڤە هونەرمەندە پرۆڤیشیناڵە بکات ئەگەرچی کورد بوونی کایا لە بیروهزر و دەروونی ناسیونالی نەبوو بەڵکو لە بیر و هزرو دەروونی دژی ستەم و چەوسانەوە بوو. کایا ئامادەیی قوربانی بوو بۆ گەلی چەوساوە و هەردەم چقلێ بوو لە چاوی زۆرداران و هاواری دەکرد بە دەنگە زوڵاڵەکەی دژی ستەم و کەلەبچە و چەوسانەوە، حەسرەتم مەملکەتمیز نموونەیەک لە گۆرانیەکانی بوون. بەڵام هیوا بەرز بوو هەردەم باسی لە هەڵاتنی ڕۆژی نوێ دەکرد و دڵی دیاربەکری دەدایەوە دەیگۆت مەگری و جلی ڕەش مەپۆشە هەر بەیەک دەگەینەوە. مرۆڤێکی ساز خۆش و روح سووک و سادەو دەنگ بەهێز بوو، هەروەها شعرەکانی زۆر خۆش دەخوێندەوە و زۆر کاریگەرانە دەیلاواندنەوە. هەربۆیەش کایا هەروا لەگەڵ هەمووان دەژی و داهێنانەکانی هەردەم لە مێژووی موزیکی کوردی و تورکی هەر دەمێنێتەوە. روحە کوردیە سادەو سافەکەی موزیکی کوردی لە سەرەتای گۆرانی بەختیاردا بە ڕاشکاوی بەیان دەکات کە چەندە بەتوانایە لە حەیران و لاوکی کوردیدا یان لە گۆرانیە تاقانە کوردیەکەی کاروان دا کە هەموو هونەرەکەی بەیان دەکات کە لە چ ئاستێ دایە و هەر دەڵێی هەموو ژیانی گۆرانی کوردی چڕیووە. ئەم جگە لە گۆرانیە جیاجیاکانی هەردەم روحی ناوچەیی کوردەواری بەیان کردووە.

## خاڵی وەرچەرخان؛

کاتێ دیاری مافی مرۆڤی بۆ هونەر وەرگرت، نەیتوانی بێ دەنگ بێ. خۆ هەموو کەس دەیانناسی و دەیانزانی کە لە

نەتەوەی كوردە و خەڵكی مەلاتیایە. بەڵام ئەم زەنگە گرنگ بوو هاواری كرد من لەبەر ئەوەی كوردم گۆرانیەك بە كوردی دەڵێم و كلیپی دەكەم. كەسانێ هەن بۆم تۆماردەكەن و بڵاوی دەكەنەوە، ووتیشی ئەوانەشی كە بڵاوناكەنەوە ئەوە دەبێ بەرامبەر مێژووی كورد وەڵامێ بدەنەوە.

نەك دەسەڵات و پۆلیس و دام و دەزگاكان بەڵكو هەموو هونەرمەندە ناسیونالیستە كورتەباڵاكان لێ هاتنە دەنگ و مارشی توركیان ووتەوەو بە چەنگال و چەقۆ و كێك هێرشیان كردە سەر خۆی و ئۆتۆمۆبیلەكەی. كایا ناچار كرا توركیا جێ بهێڵێ و مەحكەمەیەكی بۆ دروستكرا كە گوایە داوای پارچە پارچە بوونی توركیا دەكات و پشتیوانی پەكەكە دەكات.( ئەم تاوانانە لە ئەنجامی ئاهەنگێكی كایاوە هات دوای ئەوەی لە ئەلمانیا هاواری كرد دژی شەڕ و بژی ئاشتی بۆ توركیا و وەستانی ئەم خوێن ڕشتنە). دواتریش لە مانشێتی ڕۆژنامە ناسیونالیست و ئەلترا ناسیونالیستەكان سەدان قسەی ناشیرین و تاوانیان بۆ كایا هەڵبەست و بە شەرەفسز ناوزەدیان كرد بەڵام هەمووان دەزانن كێ شەرەفزس بوو، ئەحمەد كایا وەڵامی ئەمانەی هەموو دایە و ڕسوای كردن.

## دەردی بێ ناسنامەیی؛

كاتێ ئەحمەد كایا لە فەرەنسا بوو ووتی ئێستا هەست دەكەم سەرمامە، نە سەرمای نەبوونی پێداویستی گەرم بوونەوە نا بەڵكو سەرمای بێ ووڵاتیمە. بەڵام ووتی پێیان خۆشبێ و ناخۆشبێ هەر دەگەڕێمەوە توركیا. هەروا گوتی ئەم بێ شەرەف و نامەردانە كە تۆمەتیان بۆ دروستكردووم دەبێ تاوانەكەی بدەن. بەڵام بەداخ و پەژارەی زۆرمەرگ ڕێگای بە كایا نەدا بگەڕێتەوە و لە گۆرستانی نەمران لە تەك قاسملو و یەلماز گۆنای و ئەوانی تر لە پاریس بە شكۆمەندی نێژرا بەڵام دەنگە بە سۆزەكەی ئێستا و تا دەورانێكی زۆریش نەوە بەنەوە لەگەڵ لاوانەوەكانی لەگەل ووشە خۆشەكانی شاعیری بەتوانا ئەحمەد عارف و نازم حیكمەت و یوسف هەیالئۆغلو و حەسەن حوسێن نامرن و فرمێسك لە چاوانی عاشقانی دەنگ و ووشەی ئازادی و یەكسانی دێنێتە خوارەوە.

## بەرهەمەكانی كایا؛

ئەحمەد كایا هەر چەندە تەمەنی كورت بوو بەڵام بەرهەمی هونەری زۆری لە دوای خۆی جێهێشت و پەیامێكی بەرزی مرۆڤایەتی هەبوو، ئەو بە كورتی دژی زوڵم و ئەشكەنجە و كوشتن بوو، ئەو داوای ئازادی بۆ هەمووان دەكرد تەنانەت جارێ ووتی ئێمە بەرگریمان لەوانەش دەكرد كەلەچكیان دەویست لەسەر بنێن لە زانكۆكاندا ووتی بەڵام دوای ئەوانە خۆیان هاتنە سەرحوكم ئازادی مرۆڤی تر زەوت دەكەن.

ئەگەر گویٚ لە گۆرانیەکانی بگری کە هەندێکیان لە هونراوەی خۆیەتی ئەوا بە زمانێکی سادە و مانایەکی قوولٚ باس لە مەسەلەی ژیانی ئینسانەکان دەکات. تەنانەت جاریٚ ژنێکی بۆی دەنووسیٚ دەڵێت دەڵین تۆ کۆمۆنیستی بە هیوام وا نەبی بەلام من تۆم خۆش دەویٚ، خەڵکی تۆیان خۆش دەویٚت کەواتە هەموو خەڵک کۆمۆنیستە. ئەم مرۆڤە سادەیە، ئینسان، زوڵم ، دیاربەکر، منداڵ، دایک، مەملەکەت، موزیک، کەلەبچە و باڵندە، ئازادی و یەکسانی پەنتاییەکی گەورەی لە هەموو گۆرانیەکانی گرتووە.

ئەحمەد کایا کاتیٚ لە گۆرانیەک باس لە دیاربەکر دەکات، لە دیاربەکر بە گوللەیەک پێکراوم لە هەرکویٚ بیٚ ئەم گوللە دەناسمەوە کە هۆنراوەی هەیالئۆغلوە زۆر بە ڕوونی باس لە بریندارى دیاربەکر دەکات وهەموو خەڵک دەزانیٚ چی دەلێت و مەبەستی چیە. یان لە گۆرانیەکی تر بۆ دیاربەکردا دەڵیٚ دیاربەکر ئەترافندە تانکلارە ڤار، هیچ پێویست بە تەفسیر ناکات.

یان لە گۆرانی بەختیار چەند بە سادەیی دەڵیٚ تەنها تاوانی بەختیار خەڵکی دیاربەکربوو و سازی لێدەدا و سنگی شێرانە و پرلە لاوک و حەیران بوو. هەر ئەوکاتیش هەموو تورکەکان دەیانزانی کایا کوردە و هیچ پێویستی بەوە نەبوو بلیٚ من کوردم، بەلام ئەم کاتەی کە کایا ووتی من کوردم فازێکی لە ژیان و موزیکی کوردی لە تورکیا بڕی و دەروازەیەکی تری کردەوەو ترس و خۆفی لادا و موزیکی کوردی لە ژێر دەست و سەرکوتی دەرهێنا، بەلام قوربانی بە خۆیدا. ئەحمەد کایا قومبەلەیەکی تەقاندەوەو هونەر و موزیکی کوردی لە سەرکوت و نهێنی بوون و یاساغی ئازاد کرد. ئەمە کاری هونەرمەندی شۆڕشگێرە کە تەکانیٚ بە کۆمەڵگا بدات و لە فازیٚ بۆ فازێکی تری ببات.

ئێستا کار بەمە گەیشت کەسانی وەک بڵند ئەرسۆی گۆرانی ئاگر کەتیە دلی من لەگەڵ عزەت یلدزخان بڵێتەوەو تۆماربکات. کە لە دەورانیٚ ئەمە هەرگیز بەبیری کەس نەدەهات.

لە ئاهەنگێکی کوردیدا لە ئەوروپا ووتی ئیمە هەر کوردین وتا دواى کوردین و وەلاهی بیری ئاپۆی دەکەین، داوای ئاشتی دەکەین و ئێمە دۆستی ئێوەین. ئەم پەیامەی کایا پەیامێکی ئاشتی و بەیەکەوە ژیان بوو لەگەڵ هەمووان.

لە گۆرانی ئولورەم کارداش دا زۆر بە ڕاشکاوی باس لە زیندانی ناڕازیەکان دەکات، یان لە گۆرانی دومان کالردا وێنەی ڕەزالەتیەکان دووبارە دەکاتەوە.

کایا دەنگێکی بەسۆز و قوربانیەکی بەردەوام بوو، مرۆڤێکی دەم بە پێکەنین و ڕووخۆش بوو، بەڵام پتەو بەهێز وبە بیروباوەڕ بوو. کاتێ شعرەکانی ئەحمەد عارف یان یوسف هەیاڵئۆغلو دەخوێنێتەوە بە موزیک و بە بەدەنگ دونیای خەیاڵی ئەم مرۆڤە ئەوەندە بەهێزە لە گۆرانی سوبحی بیر ئەجایب ئادەم دا مرۆڤ دەزانی چ موزیک سازێکی پرۆفیشنال و بە توانایە. زۆر جوان گۆرانیەکە دەچرێ دەڵێ سوبحی بیر عەجایب ئادەم - بیر جەیبندە دەس کاپیتال هتد. وینای شعری و دەنگ و ئاوازەکەی هەموو چیرۆک و مێژووی کۆمۆنیستی لە تورکیا دا بەیان دەکات.

ئەحمەد کایا زۆر چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی و ڕۆژنامەوانی ئەنجام داوە، لە هەموویان بەرگری لە مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەکات، دژی زوڵم و نا یەکسانی. لە چاوپێکەوتنێ یەکێ لێ دەپرسی بۆ پێت ناخۆشە تیرۆریستی پەکەکە بکوژرێن، لە وەڵامدا دەڵێ من پێم ناخۆشە عەسکەر یان گریلا یان هەر مرۆڤێ بکوژرێ تەنانەت کەسێ بە کارەساتی هاتوچۆش بمرێ.
ئەحمەد کایا زۆر گۆرانی جۆراوجۆر و بە موزیکی جۆراوجۆر چڕیووە، تەنانەت لە گۆرانیە کوردیە فۆلکلۆریەکانیش سیمایەکی تری بە گۆرانیەکان داوە، بەنموونە لە کە گۆرانیەکی فۆلکلۆری کوردی هەیە کە بە سەبریێ هەی سەبرێ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشور ناسراوە ئەحمەد کایا گۆڕیویەتی بۆ دەرسیم دۆرت داغ ئیچندە و دەڵێ دەرسیملەر هەی دەرسیملەر و ئازارەکانی دەرسمیەکان بەیان دەکات.

یان لە گۆرانی کەدەڵین ئەمرۆ دەشت و کێو شینە زۆر بە شێوەیەکی هێواش و نەرم ئەم گۆرانیە دەچڕێ، لە هەموو مەیدانەکاندا و لە موزیکی جیاجیا دا دەست و پەنجەی ئەم هونەرمەندە نەمرە دیارە.

هەقی خۆیەتی میللەتی کورد شانازی بە نەوەیەکی وا جەسوور و هەست ناسک و بە بیروباوەڕ بەهیز بکات، ووشەکانی شاعیرانی بەتوانای تورکیە و کوردیش هەوێنی گۆرانی و موزیکی ئەو بوون. ئەو پەیوەندیە خێزانیەی لەگەل یوسف هەیالئۆغلۆ هەیبوو زیاتر بوون لە گۆرانیەکانی تا پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکەی. یوسف فرمێسک لە چاوی دڵڕەقترین مرۆڤ دێنێتە خوار کاتێ هۆنراوەی ئۆغلان رەزا یان ئەسپی کەحیلی خۆی دەخوێنێدەوە، ئەگەر شێرکۆ بێکەس وەک ئەو توانای خوێندنەوەی شعرەکانی خۆی هەبێ. لە هەمووی گرنگتر یوسفی نەمر هەرگیز کاغەزی بەکار نەدێنا کاتێ کە هۆنراوەکانی خۆی دەخوێندەوە و موزیک و شێلگیری لە شکل و شێوەی ئەم هۆنەرە بەرزە زۆر بە ئاسانی بەدی دەکران. کایا لەگەل ئەو تەواوکەری یەک بوون. تەمەن و کات لەسەر کەس ناوەستێ و گەل یش نەوەی وا بەرهەم دێنێ هەر جارێ بەجۆرێ تواناکان بەدەردەکەون. جێ باسە یوسف هەیالئۆغلو ڕاستە هەموو شعرەکانی بە زمانی تورکی نوسیەوە بەڵام ئەم شاعیرە بەتوانایە لە ئیش و ئازار و مێژوو دا زۆر زیرەکانە باسی ڕەزالەتیەکانی نەتەوەی کورد دەکات، هونراوەی گۆرانی بەختیاریش هەر ئەو نووسیوویەتی.

لە گۆرانی پێم نەگوتی حەیدەردا باس لە کۆچی مرۆڤەکان دەکات لە گوندەکانەوە بۆ ئەستەمبۆل، زۆر سادە دەڵێ کەوی سەرچیابووین و ئێستا بووین بە قەلـودالاش و ئەستەمبۆل مرۆ هەڵدەلوشی و لە شەوە بێشەرەفەکاندا مرۆ دەفرۆشێن و بووین بە مەزەی سەرمێێزی ڕاکی..هتد.

گۆرانیەکانی کایا هەموو کەس دەزانێ باس لە چی دەکات، کاتێ مرۆڤ گوێ لە ئازارەکانی دەگرێ و پرۆفشینالە موزیکەکەی یان بە سازە سادەکەی دەست بە چرین دەکات، لە گۆرانی قەراردان زۆر زەحمەتە باس لە مەلاتیا دەکات باس لە ڕۆشەنی ڕێگاکانی دەکات بەلام دوژمنان لە بۆسەدان و ئەویش دەڵێ بۆ ئەوە دەژین تا بمرین. لە کاتی هەر گۆرانیەکی سۆزیشدا ئەوە هەر باس لە عیشق و ئازارەکانی دەکات، بەنموونە لە گۆرانی سۆزە نیە گەلمادی دا باس لە چاوەڕیی دەکات وسۆزە ئەویش کاری کردووە و شەویش هەر چاوەڕوان بووە هەر نەهاتووە. ئەم چاوەڕوانیە نموونەیەکی زیندووی ژیانی پڕ حەسرەتی ئەم دەورانەیە.

هۆنراوەی سەن ئینسان سز دەلالەت لە مرۆڤایەتی و دەنگی کایا دەکات. یان ئێوە چوزانن یان هەر گۆرانیەکی دەگری پڕن لە دەنگی ناڕەزایەتی بەرامبەر نەبوونی و ئەشکەنجە و ئاوارەیی و نەگبەتی لەلایەکی تریش هەمووی ڕۆژهەلات وهیوا و ئاوات و بەیەک گەیشتنە. هیوا لە کایا نابڕێتەوەو گەش بینە بە ئازادی و یەکسانی مرۆڤەکان.

لە گۆرانی بەنی بول ئەننە، دیمەنی جوانی فرمێسکی دایک و خەونی زیندانیەک دەگێرێتەوە ئەم گۆرانیەی لەگەل سیلدا دا تۆمارکردووە.خۆ گۆرانی کاروانی کوردیەکەی خەیالاوی کایامان بۆ بەیان دەکات و دەنگ و ئاوازێکی کوردی خۆش لە دەنگێکی پڕ حەسرەت دەنگ دەداتەوە. هەر دەڵێی هەر بە کوردی گۆرانی گووتووە و ئەوەندە بەتوانایە لە ووتنی گۆرانیەکەدا کە وێنەیەکی جوانی گۆرانی و موزیکی کوردی نیشان دەدات بە کوالیتاتێکی بەرز.

لە ئاوازی گۆرانیەکانیدا موزیکی جۆراوجۆری بەکار هێناوە، هەر لە موزیکی سونەتی کوردی_تورکی بە مەقامەکانی بەیات و حجاز تا دەگاتە حوسێنیات. لە هەمان کات بە باس گیتار و موزیکی ڕۆک گۆرانی خۆشی هەن، لەگەڵ خوێندنەوەو ووتار و تێکەلاوی گۆرانی دا وەستایەکی بلیمەت بوو.

لە گۆرانی ئوچوون قوشلار ئوچوون دا بە ئاشکرا دەڵێ بفرن باڵندەکان بفڕن لێرە هەوا نیە ئێستا لە چیاکاندا گوڵی مۆر هەن ئەمە یەک دەلالەتی سادە دەکات کە جەنجاڵی ژیانی سەرمایەداری لە شارەکان ژینگەی نەهێشتۆتەوە بۆ باڵندەش، تەنها لە جیاکاندا خۆشی سروشت هەیە و وەفاداری ماوە.

هەرچەند باسی ئەم هونەرمەندە و گۆرانیەکانی بکەین تەواو نابێ، بەکورتی ئەحمەد کایا نەوەی دەورانێکی ناڕازیەتییە دژی ستەم و چەوسانەوە، مرۆڤێکە دژی ناعەدالەتی تا دوا هەناسە لە جەنگدا بوو، کایا توانی دەورانێکی گرنگ لە ژیانی هونەری کوردی لە تورکیا بپێچێتەوە و دەورانێکی نوێ دەست پێبکات، کە ئەویش لە سەرکوت و یاساغی بووە هونەرێکی ئازاد و پان و بەرین و بەتوانا هاتەوە مەیدان کە سنوورە دەستکردەکانی لە نێو برد. بەرهەمی خەباتی کایا نەوەکانی ئایندەی گەلی کورد لە دیاربەکر و مەلاتیا و ئەستەمبۆل لێی دەخۆن. تا دەورانێکی تریش دەنگ و سەدای کایا هەر دەمێنێتەوە عاشقان گوێ لە دەنگی دەگرن و سۆزە نیە گەلمادی هەر دەمێنێ و چاوەڕوانی عاشقانیش خۆشیەکەی هەر دەمێنێ ونەوە بەنەوە بۆیەک لە چاوەڕوانی دەبن. یادت بەرز وبەڕێز بێ ئەی مرۆڤی دەنگ خۆش و ساز و ئاواز ساف و ناڕازی و دژی ستەم، ئەی هیوا بەخشی ئازادی و یەکسانی پەیامی ئینسانی بەرز. شایانی باسە زۆرێ لە گۆرانیەکانی کایە وەرگێردراونەتە سەر زمانی عەرەبی و فارسی و کوردی و ئینگلیزی و ئەلمانی و فەرەنسی و چەندین زمانی تر.


## ڕێزلێنانی ئەم دواییانە

لەم دواییانە لە کۆشکی کۆماری تورکیا خێزانەکەی خەلاتکران، بەلام پرسیار ئەوەیە ئەوانەی هۆکاری مردنی کایە بوون ئێستا خۆیان خەلاتی دەکەن ئایا ئەگەر خۆی لە ژیان بمایا کایا ئەم مرۆڤە هونەر بەرزە سەری بۆ مەدالیای پان ئیسلامیزم ئاکپارتسی و عەبدوللا گویل نەوی دەکرد؟. ئێستا نازانین چۆن دەبوو بەلام لێمان ڕوونە کە مێژووی هونەری کایا زۆر بەرزترە لە زەینی ڕەنجدەران و عاشقانی گەلانی تورکیا لە دەسەلاتی ئێستای و هەردەم بەسەربەرزی دەمێنێتەوە باشترین بەڵگەش تا ئێستاش هەموو ئەلبومەکانی زۆرترین کڕیاریان هەیە. ئەمەش مانایەکی زۆری هەیە و توانایی و سەلیقەی بەسۆزی ئەم هونەرمەندە نیشان دەدەن.

یادت بەرز و بەڕێز بێت دایکی شەهیدان و عاشقانی دڵسووتاو بیرت دەکەن، بیری ئەم دەنگە زوڵاڵە وئاوازە بە جۆش و خرۆش و ساف و سادەیە دەکەن بیری مەگری و گیدەرم و دیاربکرو سۆزە و دۆستم و بەختیار و دەرسیم و مەلاتیا و سوبحی بیر عەجایب ئادەم دەکەن، خەڵکی کورد زمانیش بە هیوای گۆرانی دووەم بوون دوای کاروان وەڵڵاهی خەڵکی چەوساوەو عاشق لە تورکیا بیری تۆ دەکەن. مزگێنییش دیاربەکر وا خەریکە برینەکانی سارێژ دەبێ و مژدەی ڕۆژهەلاتنی نزیکە.

سەرچاوە: سایتی ئاشتی - ڕێکەوتی: ١٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥

## ئەحمەد کایا



کورد کۆلێکت،

ئەحمەد کایا (Ahmet Kaya) لە ٢٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٧ لە شاری مەلەدیی باکووری کوردستان لەدایکبووە

ئەحمەد کایا گۆرانیبێژ، ئاوازدانەر و مۆسیقاژەنێکی کورد بوو کە. لە دوای ئەوەی باوکی سازێکی بۆ کڕی، ئەحمەد لە تەمەنی شەش ساڵییەوە خەریکی مۆسیقا بووە.

پێش ئەوەی وەک گۆرانیبێژ دەرکەوێت، ماوەیەک لە ئەستەمبوڵ شۆفێری تەکسی بووە هەروەها لەگەڵ دۆستێکی خۆشەویستی بەناوی بەشار ئابی کاری شۆفێری پاسیشی کردووە.

کایا لە ساڵی ١٩٨٥ یەکەمین ئەلبومی خۆی بە ناوی «مەگری کۆرپەکەم» بڵاو کردەوە، بەڵام لەبەرئەوەی شێوازەکەی شێوازێکی نوێ بوو و ناوەڕۆکی شیعرەکانی شۆڕشگێڕانە بوون، هیچ دەزگایەکی هونەری ئامادە نەبوو هاوکاری بکات.

هەرچەندە ئەمە نەبووە هۆکاری ساردبوونەوەی و بەهاوکاری دۆستەکانی یەکەمین ئەلبومی خۆی بڵاوکردەوە، بەڵام حکوومەت ئەلبومەکەی قەدەغە کرد.

کایا لە منداڵییەوە ڕۆحێکی یاخی هەبووە و هەندێک جاران لەگەڵ یاسا تووشی کێشە بووە، هەر لەو کاتەوەی لە ١٦ ساڵیدا لەسەر چاپکردنی لافیتەی نایاسایی گیرا.

لەگەڵ هاوڕێکانیدا بەردەوام بوو لە مۆسیقا و گۆرانی لە «یانەی زانستەکانی خەڵک» کە وای کرد کایا زیاتر برەو بدا بە گیانە یاخییەکەی. ئەمەش دواتر لە زۆربەی ئەلبوم و گۆرانییەکانی کایادا ڕەنگ دەداتەوە و ڕووداوەکانی تری ژیانی کایاش بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

لە یەکەم هەوڵیشیدا بۆ دەرکەوتن، دوای کۆنسێرتێکی سازژەنی بەناوبانگ بە ناوی «ڕووحی سو»، چووە زانکۆی «بۆغاز ئیچی» و داوای لە ڕووحی کرد کە گوێ لە سازژەنینەکەی بگرێ. دوای ئەوەی داواکارییەکەی قبووڵ کرد، ڕووحی لە نیوەی ژەنینەکەی کایادا سازەکەی لەدەست وەرگرت و پێی وت «ساز نابێ بە شێوەیەک بژەنرێ وەک ئەوەی سواری ئەسپ بی، بەڵکو دەبێت بە نەرمی بیژەنی.» کایا لەسەر شێوازی ژەنینەکەی خۆی سوور بوو

ساڵی ١٩٩٣ لە شاری بەرلین کۆنسێرتێکی پێشکەش کرد کە لەلایەن کۆمەڵەی بازرگانانی کوردەوە ڕێکخرابوو، دوای بڵاوبوونەوەی وێنەکانی کۆنسێرتەکە لەلایەن ڕۆژنامەی حورییەتەوە، لەلایەن دادگای ئاسایشی دەوڵەتیی ئیستەنبوڵەوە دۆسیەیەکی لەسەر کرایەوە، دادگاکە کایای تۆمەتبار کرد بەوەی کە "هانی دوژمنایەتی و رقی داوە، دەستی لەگەڵ یەکەکە تێکەڵ کردووە و هاوکاری کردوون." لەسەر ئەم تۆمەتانە دوو دۆسییەی لەسەر کرایەوە و داوا کرا ١٠ ساڵ و نیو سزا بدرێت.

هەروەها سەرەتای دەستپێکردنی کاری مۆسیقای بۆ باوکی دەگەڕێتەوە کاتێک سازێکی بە دیاری بۆ کڕیووە، دوای ئەوە ئەحمەد چەندین کۆنسێرتی بچووکی ئەنجامداوە بۆ کرێکارەکانی هاوڕێی باوکی و خزمەکانی، هەروەها یەکەم کۆنسێرتی فەرمی لە تەمموزی ساڵی ١٩٩٦دا بووە لە تەمەنی ٣٩ ساڵیدا، هەموو بازنەی تەمەنی بە دەوری مۆسیقا و گۆرانییەوە بوو و دوای چەند ساڵێک لە فرۆشگایەکی تۆماری سی دی دەستی بە کارکردن کرد دوای چوون بۆ قوتابخانە.

## سەرەتای ژیان

کایا پێنجەم و دوا منداڵی خێزانەکەی بووە، باوکی کورد و دایکی تورک بوو. باوکی بە ئەسڵ خەڵکی سەمسوور بووە و ڕۆیشتووەتە مەلەدی بۆ دۆزینەوەی کار. کاتێک کایا لەدایک بوو، باوکی لە کارگەیەکی دەوڵەتدا کاری دەکرد. دایک و باوکی و هەر پێنج منداڵەکە لە خانوویەکی بچووکی کارگەکەدا دەژیان. لە نۆ ساڵیدا لە کارگەکەی باوکی دەستی بە گۆرانیبێژی کرد بۆ کرێکارەکانی تر لە شەوی جەژنی کرێکاراندا.

دوای ئەوەی گەورەتر بوو، کایا دەچوو بۆ خوێندنگە و کاتەکانی تریش لە فرۆشگەیەکی فرۆشتنی قەوان و کاسێتدا کاری دەکرد. ئیشکردن لەو فرۆشگایەدا وای لە کایا کرد کە بە شێوەیەکی باشتر شارەزای مۆسیقا و ئاوازدانان بێت.

## هاوسەرگیری لەگەڵ گولتەن



ئەحمەد کایا و گوڵتەنی هاوژینی

گولتەن کایا (پێش شووکردن بە کایا نازناوی خەیاڵئۆغلۆو بووە) دوای بڵاوکردنەوەی دووەم ئەلبوومی بەناوی "تێکئالان بە ئازار" هاوسەرگیری دەکات لەگەڵ کایا.

لە ساڵی ١٩٨٥دا گویلتەن هەڵبەستی "ئاوازی شەبەق"ی نەوزاد چەلیک دەگەیەنێتە كایا كە بۆ دایكی نەوزاد نوسراوە لە سجنەوە. لە كۆتایی ساڵی ١٩٨٦یشدا "كاتێک دێ" بڵاو دەكاتەوە. لەدوای هاوسەرگیری لەگەڵ گویلتەن، كایا دەبێتە ناسراوی یوسف خەیاڵئۆغلوی برای گویلتەن كە زۆرێک لە گۆرانییەكانی كایا هۆنراوەی ئەون.

## شەوی خەڵاتەكە ئەحمەد

گۆڕی ئەحمەد كایا لە پاریس. بە توركی نوسراوە: لەلایەن كچەكەی مەلیس و ژنەكەی گولتەنەوە دروست كراوە بەو وزە و شەرەفەی بۆی بەجێ هێشتن ئەحمەد كایا كە بە گۆرانییە كۆمەلایەتییەكانی لایەنگری خەڵكی هەژار و كوردی توركیا دەكات، ئەم شێوازەی گۆرانیوتن و لایەنگری كەمینەكان دەبێتە هۆی لە بەندیخانە كران و قەدەغە بوونی گۆرانییەكانی كایا و هەروەها ڕێگای گۆرانی گوتنیشی لێ تەنگ دەكرێتەوە.



كایا و كچەكەی

لە ١٠ی شوباتی ١٩٩٩ كایا براوەی خەڵاتێكی ڕێكخراوی ڕۆژنامەنوسانی چاپی تابلۆید دەبێت و براوەی خەڵاتەكە دەر دەچێت.

**كاتێک خەلاتی باشترین گۆرانیبێژی ساڵ كە لە بەرنامەیەكی تەلەڤیزیۆنیدا پەخش دەكرێ وەردەگرێ، ڕای دەگەیەنێت:**

**«من گۆرانییەكی كوردیم لە ناو ئەلبۆمە تازەكەم داناوە، چونكە من بە ڕەسەن كوردم. گومانم نییە گەلێ كۆمپانیای مۆسیقا حەز دەكەن ئەلبۆمە تازەكەم بڵاوبكەنەوە.»**



سەرچاوە
Serchawe

**دوای تەواو بوونی ئەم قسانە، چەند هونەرمەندێکی تورک هێرشیان کردە سەری و هاواریان کرد: (خاین! بڕۆ دەرێ).**

## دادگاییکردن و دەرکران لە تورکیا

دادگای ئاسایشی نیشتمانی تورکیا لە ٣٠ ی نیسان تۆمەتی خەیانەت بە نیشتمانی، دایە پاڵی و لە هەموو لایەکی تورکیاوە تورکە توندڕەوەکان هێرشیان کردە سەری و هەندێ ڕۆژنامە و دەزگای ڕاگەیاندن داوای حوکمی ئیعدامیشیان بۆ کرد. لەوانە ڕۆژنامەی حوڕییەت بوو کە یەکەم بابەتی دوو ڕۆژ دوای پەلامارەکەی کاتی وەرگرتنی خەڵاتەکە یەکەم بابەتی دژی کایا بڵاوکردوە بە وێنەیەکی دروستکراو گوایە کایا لە بەرلین کۆنسێرتی کردوە و پارەی بۆ پەکەکە کۆکردووەتەوە کە هەڵبەستراو بوو.

دواتریش چەن بابەتی دیکەی بە دواتا هات. بەڵام ئەحمەد کایا، لە بەردەم یەکەمین دانیشتنی دادگا ئامادەبوو، هەموو ئەو تۆمەتانەی ڕەت کردەوە کە درابوونە پاڵی. لەو ماوەیەدا، ئەحمەد کایا چووە ئەورووپا. دادگای ئاسایشی نیشتمانی تورکیا لە دوا دانیشتنیدا، بەبێ ئامادەبوونی کایا، سزای ١٠ دە ساڵ زیندانی بۆ ئەو دا. ئەمەی خوارەوە بەشێکە لەو داکۆکینامەیەی ئەحمەد کایا لەبەردەم دادگای ئاسایشی نیشتمانی تورکیا پێشکەشی کرد لە ساڵی ١٩٩٩دا:


"لەساڵی ١٩٨٥ەوە مۆسیقارێکی پیشەییم. ژنم هێناوە و دوو کیژی حەڤدەو دوازدە ساڵەم هەیە. سەدان سترانم داناوەو گەلێ ئاوازیشم بۆ کەسانی دیکە داناوە. حەڤدە ئەلبومم بلاوکردووەتەوە کە چەندان میلیۆن دانەیان لێ فرۆشراوە."..."لەولاتانی دنیا کۆنسێرتم کردوە و چەند جارێک وەک گۆرانیبێژی ساڵ لەلایەن دەزگا هونەرییە جۆراوجۆرەکانەوە هەڵبژێردراوم و خاوەن دەیان خەڵاتم. تا تەمەنی چلودوو ساڵی لەم وڵاتەدا بە تورکی بیرم کردووەتەوە، بە تورکی گۆرانیم نوسیوە و گوتوە. هاوولاتییەکی ئەم دنیایەم کە خۆی بەموڵکی هیچ ناوچەیەک نازانێ و هەست و سۆزم سنوردار نەکردوە بە هیچ شێوەیەک تا ئەو ڕادەیە کەسێکی مۆسیقاژەنم. دڵم ئەوەندە گەورەیە جێگای چاکەی گشت زمان و کولتوور و باوەڕو گۆرانییەکانی دنیای تێدا دەبێتەوە. خەڵاتێکی ترم وەرگرت (مەبەستی شەوی ١٠ی شوباتی ١٩٩٩یە) کەچی دنیام لێگۆڕا. لەلایەن هەندێ هێزی دیار و نادیارەوە بە یەک شەو تۆمەتی خەیانەت، دووبەرەکی خواز، ئەڵقە لەگوێ و بێئەدەب و بێئەقڵ و شێت یان دایە پاڵم."... "ڕوانگەو قسەی مرۆڤێک، کە بنەمای هەموو ئەم تۆمەتانە، لە هیچ ولاتێکی پێشکەوتوو و یاسا پەروەردا بە تاوان و تۆمەت ناژمێردرێن".

لە ١٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٠، کاتێ بۆ سازکردنی کونسێرت لە پاریس بوو، لەشوێنی حەوانەوەی خۆی، کۆچی دوایی کردو

لە گۆڕستانی ناودارانی پاریس «پیرلاشیز» بەخاك سپێردرا. یڵماز گونەیش هەر لەوێ بەخاك سپێردراوە كە كایا گۆرانی «ناوی یڵماز»ەی بۆ وتوە. گویلتەنی خێزانی وتویەتی: «تا لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی توركیا بە كوردی گۆرانی نەوترێ ئەمەوێ مەزاری لە فەڕەنسا بێت».

## دوای مەرگ گۆڕی ئەحمەد كایا لە پاریس.

دوای خۆی، «گوڵتەن»ی هاوسەری ئەلبوومە تەواو نەكراوەكەی بەناوی «گوێ بگرە وڵاتە خۆشەویستەكەم» بڵاوكردەوە. چەن ئەلبومێكی تریش دوای خۆی بڵاوكرانەوە و بەهاتنە سەر حوكمی ڕەجەب تەیب ئەردۆغانیش ناوبانگی كایا زیاتر گەشەی سەند. هەر لە ماوەی ئەوەی بە «كرانەوەی دیموكراسی» ناوزەندكرا، بۆ یەكەمجار دەزگای پەخشی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی توركیا TRT قەدەغەی هەڵگرت لەسەر بەرهەمەكانی ئەحمەد كایا.



تەنها دەرمانێك بە گوێ بكێشرێ ئەحمەد كایایە

### دیسكۆگرافی ئەلبومەكان

- مەگری كۆرپەكەم (١٩٨٥)

- تێكئاڵان بە ئازار (١٩٨٥)
- ئاوازی شەبەق (١٩٨٦)
- كاتێ دێ (١٩٨٦)
- دیموكراتی ماندوو (١٩٨٧)
- سەربەرزدەكەمەوە (١٩٨٨)
- خوێندنەوە-١ (١٩٨٩)
- گوڵێكی نییەت چاك - كۆد ناوی بەختیار (١٩٨٩)
- خوێندنەوە-٢ (١٩٩٠)
- دیواری خۆشەویستی (١٩٩٠)
- تووشی بەڵا بووم (١٩٩١)
- بەرم مەكەوە ئەسوتێی (١٩٩٢)
- ناجێگیر (١٩٩٣)
- گۆرانییەكانم بۆ شاخەكانە (١٩٩٤)
- بمدۆزەوە (١٩٩٥)
- ئەستێرە و مانگاشەو (١٩٩٦)
- بەرامبەر دۆست و دوژمن (١٩٩٨)

**پاشمەرگ**:


- خوات لەگەڵ چاوەكەم (٢٠٠١)
- تۆزێكیش تۆ بگری (٢٠٠٣)
- با داواكەم بمێنێ (٢٠٠٥)
- فرمێسكەكانم بوونە هەزارساڵە (٢٠٠٦)
- بابا - ئەرۆ تەنهام ئەحمەد كایا (٢٠١٢)

سەرچاوە: ماڵپەڕی كورد كۆلێكت - ڕێكەوتی: ٤ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe

## ئەحمەد کایا وەکو شاعیر، هونەرمەند، شۆڕشگێڕ




**پەیسەر**

لەم نووسینەدا دەمەوێت بە خوێنەران بڵێم، ئەحمەد کایا مێژووی لەو ڕۆژەوە نییە کە وتی کوردم، بەڵکو زۆر پێش ئەو ڕوداوانەیە. دەمەوێت وێزگەکانی ژیان و بەرهەمەکانی وردتر بکەمەوە. ئەم نوسینە لە گۆڤاری ڕۆڤاری ژمارە ٧٩ بڵاوبۆتەوە.

ناوەڕاستی هەشتاکانە، لە قاوەخانەیەکدا کایا نامیلکەیەکی شیعری (حەسەن حوسێن کۆرکمازگیل)بە دیاری وەردەگرێت. لە شاعیرێکی لاوی کوردی زازای ناوچەی دەرسیمەوە (یوسف خەیاڵۆغلوو). لەو دەمەدا تورکیا لە نێوخۆدا، بە کلپەی کودەتا و شەپۆلە تورکە کەمالچییەکان دەکولێت. ئەم شاعیرە گەنجەش، هەمان کات میوزیکژەنە.

خەیاڵۆغلوو برای خاتوو (گویلتەن کایا) یە کە لە ساڵی ١٩٨٦دا لەگەڵ کایا خێزان پێکدەهێنێت. ناسینی گویلتەن لەڕێگای سەزەر ناوێکەوەیە کە برای سەلدا باغجانی گۆرانی بێژە و خاوەنی ستودیۆی "دەیشیم"ە کە کایا کاری لەگەڵ کردوون، ئەودەم هەردوکیان لە زیندان بەیەکتر ئاشنا بوون. لە دوای خێزان دروستکردن لەگەڵ گویلتەن، ئیتر کایا و خەیاڵۆغلوو ئاوێزانی شیعرو مۆسیقا ئەبن (١،٢،٣).

سەرەتای ناسینیان کاتێک بوو، کایا لە تەنگەژەی ڕەتکردنەوەی بڵاوبونەوەی یەکەم ئەلبومی دەژیا (مەگری کوڕپەکەم - کە لەگەڵ هەمان ستودیۆ بڵاوی کردەوە(١). زۆر ئاستەم بوو، گۆرانییەکانی بەو دەقە بەرەنگاریانەوە پەخش بکرێن. ئەلبوومەکەی ٣ گۆرانی شیعری خۆی بوون،

لێ ئەوانەی تری هی ئەو شاعیرانە بوون کە مێژووی ژیانیان بە بەرهەڵستیکردنی حوکمی عەسکەر و نەتەوەپەرستەکان بردبووەسەر.

لەوانە ناویان وەکو خاینی نیشتیمان و بێشەرەفە کۆمەنیستەکان بڵاوبووبۆوە. ئەوانەش:

سەباحەتین عەلی (بە شیعری "ڕۆژگار لێرە ناڕوات")

ئەحمەد عارف (بە شیعری 'لە حەسرەتی تۆدا کەلەپچەکانم داڕزاند')

نازم حیکمەت (بە شیعری "هەمان لق و پۆپ")

بەڵام کایا ئەم ڕیتمەی هەر بەرنەدا و بەردەوام شاعیرێکی تری دەخستە پاڵ کارەکانی، کە هەمان دەردەسەری و خەونی ئەوی هەبوو. هەردووک دەرکراوی ناوچەیەکی کوردستان و نێو دوند و چیاکان بوون بۆ شارێکی تابازی وەکو ئەستەمبوڵ. هەر بۆیەشە بۆ هەموو ئەوانەی لە زێدی خۆیان دەرپەڕێنراون و ئەستەمبوڵ هاڕیونی هەڵوێستەی کردووە،

بە شیعری خەیاڵۆغلوو گۆرانی (پێم نەگوتی حەیدەر) کە لە سەرەتاکەیدا دەڵێ:

لەو کێوانە کەو بوین
لێ ئێستاکێ لەم زبڵەدا قەلەڕەشین
ئەم شارە بۆ ئێمە زۆر گەورە بوو،
هاڕینی، کردمانی بە گاڵتەجاڕ
پێم نەگوتی حەیدەر، ئیستەنبوڵ هەڵمان دەواسێ!

کایا نەیدەویست خۆی بکات بە موڵکی لایەنێک، خۆی لە حیزب و ڕێکخراوەکان بە گەورەتر دەزانی، دیارە گەورەتر لە پەیامدا. دەگەڕا لە هەر کوێیەکی ئەو نیشتمانە کەسێک بچەوسێتەوە ئەم کۆنسێرتی دەگێڕا و هەمیشە لە کۆنسێرتەکانی

پەیامی خۆی لەسەر ڕووداوەکانی ڕۆژگار دەدا. هەربۆیەشە توشی لێپێچینەوە و چاودێری و زیندان و دادگا دەبووەوە (١). کایا لە کۆنسێرتەکانیدا بە پێچەوانەی هونەرمەندەکانی ترەوە، کۆنسێرتی لە باخچە و شوێنە گشتییەکاندا دەکرد زۆر بە هاوکاری گرووپی گەنجانی شۆڕشگێڕی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و خوێندکارانی زانکۆ. بۆیە تا دەهات خۆشەویستی لە هەموو توێژەکانی کۆمەڵگە زۆرتر دەبوو. وە ئەوەندە حەقبێژ و مکوڕ بوو لەسەر هەڵوێستەکانی، دیوارێکی پتەوی ڕێزی بۆ بەرامبەرە پێچەوانەکەی دادەنا، کە ئێستاش زۆربەی تورکە نەژاد پەرستەکان سەرەڕای بیری پێچەوانەیان ڕێزی لێ دەگرن و دەڵێن: کایا شارقجی (گۆرانیبێژ) نەبوو، بەڵکو سەناتجی (هونەرمەند) بوو.

کایا دەچووە هەموو ماڵێکەوە و بە بەرزترین و پاراوترین زمانی ئەدەبی. کایا لە وشەسازی و هەڵبژاردنی شیعریشدا داهێنەر بوو.

**بۆ نموونە وشەگەلی:**

یاقاموز

لیلیشان

ماهور

کیرڤەم

کایا بێجگە لەوەی گۆرانی ئەلبومەکانی لە بڵاوترینەکان و زۆرجار یەکەمەکان بوون (دوای مردنیشی ئێستاش لە لوتکەی فرۆشتندان).

**زۆر ئاواز و گۆرانی لە لایەن گۆرانیبێژانی ترەوە وتراوەتەوە، لەوانە:**

ئیبراهیم تاتلیسەز

موسلیم گویرسەس

کڤیرجلیک عەلی

زۆری تر.

### نەجدەت ئەدالی و نامەکەی بۆ دایکی

(نەجدەت ئەدالی ١٩٥٨ - ١٩٨٠) خوێندکارێکی چەپی چالاکی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی لاوان بوو. پێش لە سێدارەدانی نامەیەکی چوارپەڕەیی بۆ دایکی دەنێرێت. ئەو کات شاعیری ئازادیخواز و ڕۆماننووس لە تاراوگە "نەوزاد چەلیک" کردویەتی بە هۆنراوە و ئەحمەد کایا کردی بە گۆرانی "ئاوازی شەبەق" کە لە کۆنسێرتێکدا و دواتر لە ئەلبوومێکدا بڵاوی کردەوە. کە بووە هۆی دەردەسەری و ئەشکەنجەدانی (٤). یەکێک لەو تۆمەتانەی ئاراستەی دەکرا ئەوە بوو، کە ئەم هۆنراوەی کەسێکی یاساغی لە حکومەت هەڵبژاردووە و بۆ کەسێکی لە سێدارەدراو بە تۆمەتی (هەوڵدان بۆ لەتلەتکردنی تورکیا). واتا دوو تاوانی گەورە!

ئەم گۆرانییە بووە بە مۆرکێک بۆ بەرەنگاربوونەوە. زیندانێک نییە، ئاهەنگێکی ئازادیخوازانێک نییە تیایدا نەخوێندرێتەوە. هەروەها لە ڕۆژی دایکیشدا. هەمان شت ئەردۆغان لە پەرلەمان وتویەتیەوە و دەستی کردووە بە (گریان) بۆی (١٠،١١).

**ئاوازی شەبەق.**

چیدی لێرە بە دوومدا مەگەڕێ
مەگـــەڕێ دایـــە...
چیتر لە دەرگاکە پرسیاری ناوەکەم مەکە..
ئەستێران بەسەر پرچتدا باریون..
هەڵیان مەکێشە
مەگـری دایـــە...
زۆر کەڕەت خۆم حازر کردووە (بۆ سێدارە(
ڕیشم تاشیوە ئامادە...
هەمیشە چاوم بڕیوەتە شەبەق..
دەستەکانم بەرز بۆ نزا، گوێشم بۆ چرپەیەک هەڵخستووە.
بیری مردن ئەکەم..
بۆ ژیانی زیاتریش شێت بووم!
مردن چی شتێکی غەریبە دایـــە!

**ليبراڵيەتی کایا**

دژە ئەتاتورک بوو وەک هونەرمەند، بە توندی دژی ئایدۆلۆژیای دەوڵەت بوو. هیچ کات دوو دڵ نەبوو لە گۆڕینی دەوڵەت لەژێر کۆنترۆڵی سوپای تورکیا، کە کاردەکەن بۆ لەناوبردنی کورد. کایا پارێزەرێکی سەرسەختی گروپە دینیەکان،

عەلەوی، وە ناموسوڵمانەکانیش بوو. کە دەچەوسێنرانەوە لەلایەن ڕژێمی ئەتاتورکیەوە (٦). هەمان کات لە هەموو گۆرانییەکانی پڕبوون لە وشەی تەواو چەپ. لە گۆرانی (مرۆڤێکی سەیر)، دا دەڵێت:

مرۆڤێکی سەیرە.. لە گیرفانێکیدا 'دەس کاپیتاڵ'

ڕادیۆی زاگرب..

دەس کاپیتاڵ(Das Kapital) ، کتێبی "سەرمایە: ڕەخنە لە ئابوری سیاسی"): ناونیشانی بەناوبانگترین کتێبی کارڵ مارکسە.

خەڵک ئەویان بەوە بیردێتەوە، کە کاتێک ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆک وەزیرانی ئێستا، زیندانی کرا لەسەر خوێندنەوەی هەڵبەستێکی دژی کەمالیزم لە نەوەدەکاندا. لە کۆنسێرتێکدا لە ٢٩ - ١٠ - ١٩٩٨دا لە گۆڕەپانی تەقسیم (ئیستەنبوڵ) دژی هەڵسوکەوتەکەی دەوڵەت بوو(١٢).

هەمان شت دژی بە زۆرەملێکردنی بەناو مەدەنیکردنی دەوڵەت بوو. لە دوای کودەتای هەڵوەشاندنەوەی حکومەتەکەی نەجمەدین ئەربەکان لە لایەن عەسکەرەوە ١٩٩٧. هەوڵێکی زۆریان دا وەکو درێژە پێدان بە ڕقیان بەرامبەر پارتە ئیسلامییەکەی ئەربەکان، سەرپۆش قەدەغە بکەن. کایا لەمەشدا کەوتە دژایەتیکردنیان و لە کۆنسێرتێکدا لە شاری ئەزمیر، لە هەمان ساڵ وتی:

"هێز نییە بتوانێت سەرپۆش لەسەری دایکم لابەرێت."



سەرچاوە
Serchawe

## كایا و دژایەتیكردنی ڕاستەوخۆی دەوڵەت و دەستور

دوای كۆمەڵكوژی كوردی عەلەوی دەرسیم ١٩٣٧ لە لایەن سوپای تورك و بە سەركردایەتی كەمال ئەتاتورك. ناوی ئەو پارێزگایەش گۆڕدرا بۆ تونجەلی. هەمان كات كوشتنی ژن و پیاو و پەرتەوازەكردنی منداڵەكانیان بەسەر شارەكانی تری توركیادا (كە لە شێوەی هەمان پرۆسەی ئەنفالی باشوری كوردستان بوو). دەوڵەت زۆر جەختی دەكردەوە، كە نابێت ناوی دەرسیم ئەو ڕووداوانە باس بكرێنەوە. كایا بە پێچەوانەوە ستران و بەستەی:

دەرسیمی یاخی، كچانی دەرسیم، پیر سوڵتان ئەبداڵ، سەید ڕزا، (كوردێكی عەلەوی پێشەوای ئەو یاخیبونەی دژی دەوڵەت بوو) دەوتەوە. دەیویست بە وتنەوەی بەردەوام خەجاڵەتیان بكات بەرامبەر بەو تاوانانەی دەوڵەت. لە گۆرانی لە بەردەم دۆست و دوژمندا دەڵێ بۆ كچانی براكوژراو و نادیار كە شیعری ڕۆژنامەنوس و شاعیری كوردی عەلەوی (ئۆرهان كۆتان)ە:

لە زینداندا بمهاڕن و بمگوشن..
دادگاییم كەن، لە "ماماك"دا توندم كەن..
بە خوێن (دیاربەكر)م مۆر كردووە..
با بمپێچنەوە لاشە لاشە، كفنم كەن..
ئەم ئاوازە!
سۆزی ئەو كێوە ئەرخەوانیانەیە..
مشتێ ئاوە بۆ زیندانییە هەڵاتووەكان..
تیكەیەكە لە گۆرانی بۆ مەحكومكراوان..
دەستماڵێكە بۆ سنگە كوتراوەكان..
شیرە بۆ مەمك..
گیانی بەرەكەتی بەهارە بۆ زەوی..
نـــە بۆ چوار دیواری تەنگ دەشێ..
نـــە لە گلۆڵەی دڕكەزیدا بەند دەكرێ..
ئەم ئاوازە!
گوللەیەكی پڕ غیرەتە، لە لولەی تفەنگێكدایە بۆ دەرپەڕین..
لە پێشیەوە قات و قڕی و زریان و زستان..
لە پاشیەوە خۆڵەمێش و سوتك، وە ئەرخەوان و گێلاس..



سەرچاوە
Serchawe

تەڵێکیان ئاشوری دەژەنێ، ئەوی دی کلدانی!
هەموو وەرزێک زندوو دەبێتەوە...
پەترۆلی شین و سورایی خوێن
لە لێوێکی وشکدا
دیجلە و فورات دەژەنێ...
هێی برا
ڕەنگدانەوەی ژیانە لە دەنوکی هەڵۆدا
عەشقی منە لەگەڵ پرچ ڕەشێکدا
لەشی دەڵێی پەڕەی گوڵە
ئەم ئاوازە!
سۆزی ئەو کێوە ئەرخەوانیانەیە..

کاتێک تیشکی خۆر ڕوومەتی بەفر دەڕوشێنێ
دڵی ئاسمانی دەخروشێنێ
تا جامانە و کراسەکەی خەڵتانن لە خوێن
عەشقی مەرگەسات
چاوانیش دەبنە پشکۆ، دەبنە خەنجەر
لێواولێو دەبن لە شەهامەت
دەبنە گوڵە مینا
دەستەکان ئازا و پڕ لە هونەر
لە پشتی کێوە ئەرخەوانییەکانەوە
سێ دنیای گەورە، سێ ئەفسانە
سێ هاوکێشە
سێ کۆد، سێ بۆمبی ئەتۆمی
لەگەڵ چەرخێک، وە پریشک و دینامیت هەن.
کاتێک تیشکی خۆر ڕوومەتی بەفر دەڕوشێنێ
ئاوازی کێوە ئەرخەوانییەکانیش دەگات



سەرچاوە
Serchawe

کە لە سنگی خۆردا کڵپە بوون
گوڵی زەمین دەژێننەوە
کە لە گولەی ناموس و شەرەفدا پێچرابوون
دڵی شۆڕش بوون
حەقیقەتێکی سپی بوون لە خەوێکی ڕەشدا
نازەنینم، ئەمە عەشقی هەزاران ساڵە

ڕامەوەستە هەی خوشکی نازدارم..
گۆرانی خۆت بچڕە بەردەوام..
بێ گریان..
بێ ڕۆڕۆ...
بێ ڕەشپۆشین..
بیڵێ لە شەوی خەنەبەنداندا،،
لە لۆرکێدا، لە گۆڤەندا..
لە تەمیرئاغا...*

* ماماک: گەورەترین زیندانی تورکیایە لە ئەنقەرە.
* تەمیرئاغا: جۆرە هەڵپەڕکێیەکی کوردی عەلەوییە.

کایا و دەنیز گەزمیش و ئاتیلا ئیلهان

دەنیز گەزمیش ( ۱۹٤۷ بۆ ۱۹۷۲) چەپێکی (کەمالیست) بوو وە لە ئەندامی چالاکی بزاڤی ٦٨ بوو وە پاشان دامەزرێنەری سوپای میللی ئازادی تورکیا بوو. ئەم لاوە و هاوەڵانی بۆ دەوڵەتێکی مۆدێرن و سیکولار دەجەنگان. لەو دەوڵەتەدا دەگەڕانەوە بۆ سەرەتای ڕێکەوتنی کورد و کەمال ئەتاتورک لە بەرەنگاری ئیستیعمار لە وڵاتدا. بەو پێیە داوای مافی یەکسانی ژیان و مافیان بۆ کورد هەموو نەتەوەکان دەویست دژ بە هەموو حوکمی عەسکەر و دەوڵەت. کە پێیان وابوو، هەموو کەس تورکە. ئەمان دەجەنگان و دەیان خۆپیشاندانیان ئەنجام دەدا. دەنیز لە تەمەنی ۲٥ ساڵیدا لەگەڵ ۲ هاوڕێی تری بە ناوی (حوسێن ئینان، یوسوف ئەسلان) لە ٦ مایسی ۱۹۷۲ لە سێدارە دران. گەزمیش ئێستا دەوڵەتی تورک، بە قارەمان و ئەفسانەی دەزانێ، لێ سەردەمانێکی زۆریش دوای لە سێدارەدانی ناوهێنانی بە ڕێکەوتیش (تاوان) و ناحەز بوو.

لەو سەردەمە و بۆ ئەو هۆقە ڕووداوانە شاعیری ناوداری تورک (ئاتیلا ئیلهان ١٩٢٥ - ٢٠٠٥) شیعرێکی زۆر ئاست بەرزی نووسی بە ناوی (ماهور- کە دەکاتە قەتار* بەستە و مەقامێکی کۆنی خەماوییە). ئەم دەقە کایا هات کردی بە یەکێک لە هەرە گۆرانییە بەناوبانگەکانی، کە خودی ئاتیلا ئیلهان خۆی لە ترسی لێپێچینەوەی دەوڵەت دەیوت بەبێ پرس براوە. کە دەڵێ:

ئەونەمامێکی پشکوتووی دارستانێکی سوتاو بوون
لەسەر خۆ تیشکیان هەڵ دەکۆڵی، پیاوانێکی بەهێز بوون
ئەو قەتارێکی دەچڕی، من و موژگانی دەخستە گریان
(کایا لە کۆنسێرتەکاندا سێ پەنجەی بەرز دەکردەوە، وەکو نیشانەیەک بۆ ئەو سێ شەهیدە)
ڕوونکردنەوە لەسەر چەپی کەمالیست

ڕەنگە وەکو چۆن لە کوردستان زۆر خەڵک بە وێنەی ستالین و لینینەوە کوردایەتی و خەباتی مرۆڤایەتی خۆیان دەکرد، تەنانەت لە بەردەمی پەتی سێدارەش دروشمیان بۆ دەوتنەوە. هەمان کات ئەو ڕژێمە دۆستێکی هەمان تاخمە بوو، کە ئەمانی لە سێدارە دەدا. وە بە لەت لەت بوونی سۆڤیەت، دەرکەوت کە ئەوانە لە دڕەندەترین دیکتاتۆرەکان بوون. لێرەش دەنیز گەزمیش و زۆر چەپی تر هەن، باوەڕیان بەوە هەبوو کە کەمال ئەتاتورک نیشتیمانی لە ژێر چنگی داگیرکەر دەرهێناوە و تورکیای دوور لە عوسمانیەت و حوکمی دەوڵەتی دینی پێک هێناوە. لای ئەمان سمبولێکی شۆڕش بوو. وە ئەمانە باوەڕیان وابوو، لەسەردەمی ئەتاتورکدا وشەی گەلانی تورکیا و کوردستان و کورد هیچ ئاریشەیەک نەبووە (لە دانیشتنی پەرلەمانی تورکیادا پارساڵ بەڕێز کاپلان، ڕەشنوسی دەقەکانی پەرلەمانی تورکی نیشان دان (١٤)، کە وشەی کوردستان و کورد زۆر ئاسایی وتراوە و نوسراوە لە پەرلەماندا). بۆیە ئەمانە پێیان وابوو، کە ڕێچکەی خەباتی دەوڵەتی مەدەنی مۆدێرنی کەمال ئەتاتورک تێک دراوە و بووە بە دەوڵەتێکی شۆڤێنی. قسەی دەنیز گەزمیش پێش لە سێدارەدانی ئەمە بوو: "بژی تورکیای تەواو سەربەخۆ. بژی بیری بەرزی مارکسی لینینی. بژی خەباتی سەربەخۆیی گەلی تورک و کورد. نەفرەت لە ئیمپریالیزم. بژی چەوساوە و لادێیەکان (ئەمەش یەکێک بوو لە گوناحە هەرە گەورەکان، ناوهێنانی تورک و کورد لە تورکیادا بە جودا).(١٥)

## کایا و بزوتنەوەی ڕزگاری باکور و کچی کورد و چوونە شاخ!

دەیویست هەمیشە خانمان وێنایەکی تری قارەمانی و ئازایەتیان پێ بدرێت، لەوەی تەنها سیمبۆلی ئیشق و جوانی

پرکردنەوەی حەزەکانی پیاو بن. بۆیە لە گۆرانییەکانی ناوی "ژنانی چیا"، "نازلێجانی یاخی"، "خوشکی نازەنینم"ـی وەکو هەوێنی هۆنراوەی شۆڕشگێری و مقاوەمەت بەکار دەبرد.

لێرەدا دەبێ بوترێ، کە کایا نەدەترسا لەوەی ڕاستەوخۆ باسی پیاوان و ژنانی شاخ بکات. وە هەتا لە بەرنامەی ڕاستەوخۆدا لێی دەپرسن ئایا بەڕاستی تۆ خەفەت بۆ "تیرۆریست"ەکان ئەخۆیت (مەبەست پەکەکەیە) ڕاستەوخۆ وەڵامی هەوادارانی ئەدایەوە و ئەیوت "واز لە فیکری خەڵک بهێنە، ئێمە خەفەت بۆ هەموو کەسێک ئەخۆین کە بمرێت" وە هەمیشە ئەیگوت کە ئامۆژگاری ئەکرێ ئەو قسانە نەکات بەڵام هەر ئەیکرد (تەماشای ٥ بکە، خولەکی ٣٤).

ئەم ئەدەبیاتەی کایا گەشتە گوێی چینی نەتەوەپەرستی توندڕەوی تورک، لێرەدا ئەم نووسەرەی ڕۆژنامەی میللیەت باسی کۆنسێرتەکەی ئیزمیر دەکات. خۆی بەبیری خۆی دێنێتەوە کە ئەو سەردەمە کاتێ کایا باسی شاخی دەکرد، لای ئەوان شاخ دوژمنی جمهوریەتی تورکیا بوو، بەڵام ئەو وەک هەموو کەسێکی تر دەپرسێ "ئەک کەسێکی سەر بە مەهەپە (حیزبی نەتەوەپەرستی تورکیا) کەس هەیە گوێی لە کایا نەگرتبێت و هەستی نەکردبێت گۆرانیەکانی باسی بەشێک لە ژیانی ئەو دەکات؟" (١٣)

لە هەرە گۆرانییە بەناوبانگەکانی کە شیعری (یوسوف خەیاڵۆغلوو)ـە باس لە ڕووداوی یاخیبونی سێ کەس دەکات بە خۆیەوە. بەدرخان و نازلێجان و خۆی.

**ئەو گۆرانیەش بە گیانی مەزڵوم دۆغان و هەڤاڵانی پێشکەشکراوە دە پارچەی یەکەمی بەم شێوەیە:**

ئێمە تەنها سێ کەس بووین
بەدرخان، نازلێجان و من
سێ دەم، سێ دڵ، سێ فیشەکی مکوڕ.
ناومان وەکو سێ سەرشێتی یاخی لەسەر بەردی چیاکان هەڵکەنرابوو.
قەدەرێکی شووم ملی ڕێگای گۆڕین، جووتێک تفەنگی بە سنگدا هەڵواسین..
پەنجە لەسەر پەلەپیتکە، گوێقوڵاغ بۆ زریکەی کتووپڕ.
پشتیشمان بە خاکەوە قایم
پەنجە تەزیوەکانمان بە سنۆبەر (مازووت) گەرم دەکردەوە.
یەکترمان بە پێخەفی ئاسمان پڕ لە ئەستێرە دادەپۆشی..
دەریامان زۆر لێوە دوور بوو.

تەنهایش پەرێشانی کردبووین
شەوانیش عەودالتر
واقەواقی چەقەڵیش لە دوورەوە
بۆ گۆشتی دەمووچاومان، نانەکانمان...
هەموو ئاوازی گۆرانیەکانی دەشێلاین ...
ئای نازلێجان، ئای
نازلێجان مان سنگی بە مێخەک دادەپۆشی
بۆنی خۆش لە خۆشترین دەهات
ڕاهاتبووین بە دزیەوە تەماشای شەنگییەکەی بکەین
ئۆف دڵی چۆن شکاندین، چی حەسرەتێک بوو نەمانی.
وابزانم "نازلێجان"مان لە بلوێری شوانێکدا ون کرد
یان بوو بە خاڵخاڵۆکە و نەخشەکانی سەر پشتی ئەوی گرت.
یاخود وەکو پەپوولەیەک لە نێوانمانا گیانی سپارد
وەکو چۆن فیشەکێک گوزەر دەکا، وەکو بڵێسەیەک تێپەڕی
ئای مامزە کێوییەکە، ئاخ نازلێجان

دوای ئەمەش بە سەدەها دەقی هەیە، کە هەمووی ئاماژەی ڕوونە بە شاخ و ڕاپەڕین و زمانی ڕەسەن و نیشتمان. ئەو هەمیشە خۆی گرێ دەدایەوە بە چیاکانەوە. وە دەیویست دڵی ئەو هەموو دایکە بداتەوە کە بەبێ کەرەستە و لە شەڕێکی نابەرابەردا دەبنە قوربانی. ئەگەر گریان و فرمێسک نیشانەی کۆست کەوتن و خەم بێ، بەڵام بەو فرمێسکانە شاخەکان سەوز دەپۆشنەوە، ئەو دوونەد و دۆڵانە پڕ دەکەن لە گوڵ و گوڵزار. پێدەشت تەڕ دەکاتەوە! تەڕایی ئەو فرمێسکانە تا زیاتر بن "تا بگرین، تاکو زیاتر بگرین" پاشان دەڵێ:

ئەو شەوەزەنگەی باڵی بەسەردا کێشاوین، ڕۆژێک دێ جڵەوی دەگرین! خۆرەتاو (ئاسۆ) هەر بە چنگ دەگرین! ئاواتمان لە مشت دەنێین! پێمان دەڵێ دەیبینی، دەیبینی ئەو ڕۆژە دێ دەیبینی! بەو فرمێسکانەت ڕووحی سروشت دەکەین بە بەری ئەو کێو و دۆڵانە! دەیبینی.

کایا دەیوست ئەو گیانی گیان فیدایی و چوونە سەر کێوانە بکاتە داستانێک و بیگەیەنێتە مێشکی هەموو ئەوانەی، کە دەوڵەت بە درێژایی تەمەنی پەروەردەی ڕقیان لە گەلان و کەمە نەتەوایەتییەکان فێر دەکات. لە گۆرانی لێ لێ قوربان:

لێ لێ قوربان،
ئەو کێوانە نهێنی نا درکێنن..
لە سەر سەریان هەڵۆ زاخ دەدەن...
گەورەیان دەکەن،
نایبەخشن بە کەس.....

کایا لە ناوەڕۆکی بیری دەوڵەت و مۆدێرنیزەکردنی ئەتاتورکی دەدا، بەوەی ئەوان بە ئێستاشەوە ڕەگەزی مێ بەکەمتر دەزانن لەوەی بتوانێت خزمەتی سنورەکانی تورکیا بکات. ئەم دیدە کۆنەپرستانە و جیاکردنەوەی مێیە، کایا بە توندی دژی دەوەستا و لە گۆرانیییەکان ژنی وەکو قارەمان و کەسی یەکەمی چیرۆکەکانی نیشان دەدا. دیارە ئەم وتنەوەی کایا لە پاڵ کۆمەڵێک نووسەر/شاعیردا ڕەنگدانەوەی خۆی هەبوو. ئێستا لە باکوردا زۆر خانمی چالاک لە پەرلەمان و ڕێکخراوەکان ژنانن. بێجگە لەوەی لە خەباتی چەکداریش چی نەخشێکیان هەیە.

بۆ ئەم دیاربەکر چەقی ململانێ و ناوەڕۆکی جەنگ بوو دژی داگیرکاری و خۆسەپاندن. بۆیە دوو شاکاری مەزنی بۆ منداڵانی خۆپیشاندەری ئەو شارە نوسیووە لەگەڵ ئەفسانەی (بەختیار) کە ئاماژەیە بە کوڕێکی دیاربەکری لە زیندان.

گۆرانی بەختیاری بە دەیان گۆرانیبێژ وتویانەتەوە، کە دەڵێ:

بە بەردەمدا بردیان بە دەنگی شووت و ئینزارەرە.
ئۆف.. دەستی بەرز، چەپکێ گوڵیش بە دەستیەوە..
لێوانی مارانگازی عەشقێکی پێوە دیارە..
سنگی دەرپەڕاندووە دەڵێی شێری نێو ئەفسانەکانە...

یان لە پیاسەی قاوشەکاندا توشی دەبووم..
یا بەدەم جگەرەکێشانەوە، یان لە بەوبەختیمدا
لە ژێر کوتەک و شەلاقی جەلادەکاندا..
ئەو کەسی نەئەدواند، وەکو چڵەبی دەلەرزی..
کاتێ ئەو گوڵانەی ئاو دەدا، کە وەکو جگەرگۆشەکانی خۆشیدەویستن...

خەڵکی دیاربەکر بوو، ناوی بەختیارە..
هەموو گوناحی ئەوەیە، سازێکی بە جۆشی ژەنیووە.

بە بەردەمدا بردیان (بەختیاری) ڕوو وەک گوڵ
کوێرایم دایە بۆ سازە بەجێماوەکەی...
(جەرگم دەسوتێنێ سازە بێخاوەنەکەی لەوناوە)

یان لە سترانی دیاربەکردا، کە ئەمیش هۆنراوەی خەیاڵۆغڵووە دەڵێ:

لە نێوەندی دیاربەکردا بە فیشەکێک دەپێکرێم
لە هەر کوێیەک بێت، دەنگی ئەم فیشەکە دەناسمەوە
کە لاوێتیم بەو کێوانەوە، کڵپە کڵپە دەسوتێ
شەوقی مانگی دەدا لە فرمێسکانی ڕوومەتم
کە شەوانە ئێشکگری دەکەم، دەمێنمەوە
کایا و یڵماز گوینەی

کایا خۆی و یوسوفی بە تەواوکەری پەیامی هونەری شۆڕشگێڕی یڵماز گوینەی دەزانی. بۆیە هەمیشە لە چاوپێکەوتن و بابەتەکانی سەری زۆر جەختی لە پاکی و بەرزی ئەو دەکردەوە. میدیای تورکی ئەو کات شەڕێکی نەگریسیان کردبوو، تاکو وێنەی یڵماز وەکو یاخییەکی تیرۆریست و نمەک حەرام بە نیشتمانی دایک نیشان بدەن. لێ ئەحمەد کایا هات و بە شیعرێکی ناوازەی خەیاڵۆغلو بە ناونیشانی (ناوی یڵمازە و بە خۆشی کۆڵنەدەرە). لێرەدا ناوی یڵماز بە تورکی دەکاتە ئەوەی کە هەرگیز کۆڵ نادات.

هەر بە منداڵی جەربەزە و چوست بوو..
هەرچەندە لە چاوما هێشتێ گچکۆلە بوو...
یەکجار توڕەیان کرد، ئیتر ملی چیای گرت..
ئێستاش نازانم، دابەزیووە یان نا؟

ڕەنگە بوو بێت بە تۆزی چیاکان..
یاخود بە ئاوازی یاخیبوونیان...
ئای چەند دڕکێکی بە ئازار بوو لە دڵما..
ئێستاش نازانم، چاک بووەتەوە یان نا؟

ناوی یڵماز (کۆڵنەدەر) بوو، بە خۆشی هەر کۆڵنەدەر..
مەقامێکی بەرزی بوو، لە هیچ کوێدا نە دەگیرا (ئەوەندە یاخی و شۆڕەسوار بوو)
جا خۆ سۆراغی لەو چیایانەش ناکرێ..



سەرچاوە
Serchawe

ئێستاش نازانم، گەڕاوەتەوە یان نا؟

چاوانی دەتوت مرواری چاوەزارن...
لە گلێنەكانی بچوكتر مەرگی دەبینی...
بە سواری ئەسپە شێتی (ئیزرائیل)ەوە...
جا نازانم گلانی یان نا؟

لە سوچێكدا گرمۆڵە بوو بوو دەگریا
كڵۆ كڵۆ بەفر دەباری بە سەریا
وابزانم دەستەكانی سوتا بوون...
جا نازانم، دایمركاندەوە یان نا؟

هەموو گۆرانییەكی كایا پڕن لە شیفرە و كۆدی نهێنی و پەیامی جۆراوجۆر. ئەو نەیدەویست وەكو قولینگێک لە جوانی گۆمێكدا ببێتە قوربانی یەک گوللەی ڕاوكەر، نەیدەویست ببێتە ڕەوە مامزی ڕێی كانی و ژیانی سورێكی كەم و بۆش خول بخوات. دەیویست خۆی وتەنی لە گۆرانی (قارەمانیی هەتاهەتاییە):

من دەڕۆم، هەرگیز ناگەڕێمەوە
لێ نەبەزینی من ئەبەدییە
مەیدانیش هەر دەمێنێ
پێ بە كەرامەتمدا مەنێ
هەی نامەرد، خۆ مەیدان ماوە..
كایا و ئەشق و ئەوین

زۆر دەقی نایابی بۆ ئەشق و ئەوین وتووە، زۆربەیان وێردی سەر زمانی هەموو گەلانی نێو توركیان. وە زۆر هونەرمەند وتونیەتەوە. دەقەكانی پڕن لە پاكی و خەمی مرۆڤایەتی ئەم پیاوە. لە هەموو دەقەكاندا هەوڵیداوە جێپەنجە و كاریگەری بیری خۆی بەسەر دەقەكانەوە دەربخات. بەوەی پەیامی تریان تێ بئاخنێ. بە نمونە لە گۆرانی (وەكو لم):

ئەو دەمەی نەورەسەكان لە قولەدا دەگریان
من و تۆش هەر پێدەكەنین بەردەوام
شارەكانیان هەموو شەوێ دەكرد بۆمباران
من و تۆش یەكتریمان خۆشدەویست بە بێ وەستان
ئێستەش ئەوەندە تورە مەبە و بڕۆ

بە جێم بهێڵی وەکو دوێنێ و بڕۆی
لێم گەڕێ لە قاچەکانت بئاڵێم
وەکو لم پێم پیامەنێ و بڕۆی

## شەوی خەڵاتەکە

کایا نەیوت من کوردم لەمەودوا بزانن ئیتر ئەوە عەرز و ئەوە گەز. بەڵکو ئەو شەوە وەکو هەموو کاتێکی تر وتی ئیتر کاتی ئەوەیە گۆرانیەکیش بە کوردی بڵێم. قسە زۆرە لەسەر ئەوەی بۆچی وای وت، دیارە خۆی لە هەموو کەس باشتر ئەزانێت. بەڵام ئەوەش ئەبێ بزانرێت کەوا هەموو ئەوانەی ئەو کارەیان کرد دواتر بە جۆرەها شێواز داوای لێبوردنیان کرد تەنها ڕۆژنامەنووسەکان نەبێت کە ئەردۆغانیش دواتر هەمان ڕاستی دووپات کردەوە. بەداخەوە چەندین ساڵ دوای مەرگی. بۆیە کایا ڕەمزی ئاشتی و برایەتی هەموو نەتەوەیەک بوو، وە خۆی ڕێڕەوی ژیری وایە کە دوای ئەو هەموو ناوبانگە ئیتر کاتی ئەوە بوو ئاوڕێکیش لە موزیکی کوردی بداتەوە. (بڕوانە ٦، ٧، ٨ و ٩)

ئەوەی گرنگە لە کۆتاییدا بوترێت ئەمەیە: وەک نوسەری بابەت لێرەدا (٦) ئاماژەی پێ ئەکات کوشتنی کایا لە ڕێگای گۆرانیبێژە ڕەگەزپەرستەکانی ئەو شەوەی ئەستەمبوڵ نەبوو، بەڵکو ڕۆژنامەنووسە ڕەگەز پەرستە تورکەکانی وەک سەرنووسەری ڕۆژنامەی حوریەت بوو وایان کرد ئەو دەربچێت لە تورکیا. لە پاریس لە تاو خەم و ئازار ژیانی لەوێ کۆتایی پێ بێت. هەمان کات لێکۆڵینەوەیەکی دروست و پزیشکی نەکراوە تاکو ئەم دەمە، کە ئایا مردنی کایا خوایی بووە یان لە ڕێگەی ژەهرەوە. تورکیا مێژویەکی ئاڵۆز و ناشرینی هەیە لەم بوارەدا. کوشتنی تۆرکەت ئۆزال کە بە نزیکەیی یەکلا بۆتەوە کە بەژەهری دەستی ڕێکخراوی دەوڵەت ئەرگەنەکۆن کوژراوە. هەمان کات تەماشای ژیانی خەیاڵۆغڵووش بکەین زۆرتر شکمان بۆ دروست دەبێت کە دەستێکی تاوان ئەنجامی دابێت!

### ڕۆژگاری داهاتوو، پەردە لەسەریان هەڵدەماڵێ!

هیوام وایە توانیبێتم ڕۆشنایەکی تر بخەمە سەر هەندێ ژیانی کایا و هاوەڵی شاعیری گەورە یوسوف خەیاڵۆغڵو. کە دوانەیەکی ئەفسانەیی جیهانی مقاوەمەت و شۆڕشگێڕی ئەدەب و هونەرن. با بگەڕێمەوە بۆ ناونیشانی ئەم نووسینە (ئەسپێکی یاخیم ناوم کەحلانە):

کوڕی هۆزم، ناوم کەحلانە*
لە پێدەشتی قیامەتی قزڵجەدا** لە دایک بووم..

لەو دوند و دۆڵانەدا...
هەڵۆم فڕاندووە،
پێلەقەم لە گورگ داوە،
لە مرۆڤم هەڵداوە،
وتوومە نامەوێ بێ کەرامەت، ڕەزیل و ڕسوا!
وەکو مێش و مەگەزی سەرم بلەوەڕێم..
کۆرپەم.. کۆرپەم...
چاوم لە نێو چاوی بەرامبەرەکەم بڕیوە..
ئاوها تیژ و مۆن ڕوانیومە..
من بشمرم، بە خواستی خۆم دەبێ بمرم..

ئەسپێکی یاخیم، ناوم کەحلانە..
دایکم ڕەشەبایە، باوکیشم غوربەت.
هەزار ساڵە لەم دەڤەرەدام..
هەرگیز برسێتی ئەژنۆی نەلەرزاندووم...
تۆم خۆشدەویست...
قاسپەی کەوێک هەموو ئازارەکانی لەبیرم بردۆتەوە...
شکۆم لەسەر سنگم داوە، وەک چۆن کێو گوڵی لەسەر ڕواوە..
بە دانەکانم لەسەر ئاسن نەخشم کێشاوە!
کەحلان: جۆرە ئەسپێکی ڕەسەنی عەرەبییە، هەروەها ناوی ئەو ئەسپەی شێخی چەلەبی بووە، کە دژی حوکمی پاشای عوسمانی ڕاپەڕینی کردووە.
قزڵجە: ناوی گوند و شوێنە لە باکوری کوردستان، بە زۆری مەبەستی دەبێ (شاری قزڵجە بێ، کە نزیکە لە جێگای شێخی چەلەبییەوە.(
شیعری ئەی هاوار، کە شاعیری بەرزی دیاربەکر ئەحمەد عارف (١٩٢٧ بۆ ١٩٩١) نوسیویەتی:
ئــەی هاوار
لە نێو ئاگردا..
لە نێو تەڵەی قەحپەکاندا..
لە نێو قریشکە و تۆقیندا...
لە کانگای دوومەڵ و لە نێو وەحشی و دڕەندەکاندا..
لە گۆمی ژەخنەبووتا، تەنراو بە چەقۆ..
وەستاویت تاقانە و بێکەس! وای بۆ ئازارت...
وای وای....
تەنها ڕووح و سەری خۆتت پێ ماوە!
بێ پشت و پەنا، بێ بەرگ، پێ خاوس!
لە سەحەردا خەو زڕاو..

لە ژێر چەپۆکی جەلادێکدا..
وای..
چەندم خۆشدەویستی..

ئەمە چی نیشتیمانێکە لە (ئێسکودارەوە) تا ئێرە؟
هێی گیانەکەم!
کێوی گۆڵزار، پڕ لە ئافات، پڕ برسێتی..
نە گوڵەکانی ئەپشکوون، نە میوەی گەیوو لە لقەکان دەکەونە خوارەوە...
ئەکێشن بە نێوچەوانمدا..
وەکو "گڕەبەردێک (نەیزەک)" بە کێڵگەیەکدا بدات..
کەرامەت شکاندن، بێ هانایی..
ڕووباری (مونزور و شاهـ مورات) خەڵتان لە خوێن...

وە منیش شـــاعــیرم!
لە پێناوی شەرەفی ڕەنجدەراندا..
بۆ ناموسی تێکۆشەران..
بە بێ ترس، پاک و بێگەرد..
کە نەبوون بە خۆڵەمێش..
نـــە وێنەیەک دەگرم..
بە ڕوانینێکی خەمبارەوە..
نە چەند کۆپلەیەک ڕەشبای یاخی هەڵدەواسم...
وای..
چەندم خۆشدەویستی..

ئازیز، بەڵێ ئێستا..
هەرچەندە دەمێکە دابڕاوین، لێ هەر ئێستا..
دەڵێی بە چەقۆیەک لە تۆ کراومەتەوە..
دەڵێی چلێکم لە قەدی تۆوە شکێنراوم...
ئەی هۆکاری ژیانم، خانمەکەم، خۆشەویستم..
برینەکەت زۆر قووڵ بووە،
چەخماخەی ئاگریش داناگیرسێ،
دەزانـــم!!
لێگەڕێ لە چیاکان (حیساب) یەکلایی دەکەینەوە..
ئومێد و هیوا لە چیاکانە...



سەرچاوە
Serchawe

بڕوانــە! پێیەکمان وا لە نێو بۆشایی گەردووندا..
کەچی ئەوەی ترمان لە نێو گۆرەوی چنراو و پێڵاوی ڕەنجبەرێکدایە
بڕوانــە! لە بیردۆزی ڕێژەیی و لە فیزیای ئەتۆمی..
لە خۆشمان و عەشقی کوێرەوەری..
لەم زەمەنە نەفرەتییە و بەرخودانەمان.
بۆ زارۆکەکانمان، بۆ خونچەی داهاتوومان..
بۆ هەر یەکێکیان بەرگێک لە ئەرخەوان
ژیانێک پڕ لە خۆشی و گەمە
هێــی گیانەکەم
تۆ تەواوی بکە...
ئــەی هــاوار...
تــو عەشقی موحەممەد، تــو عەشقی عیسا!
تــو ئەو تەختە زیوەی لەسەری ڕاکشاوی..
دەیییییی..
ئەوا بە قوڵنەکەی فــەرهاد کێوەکان دەکوتن،
تاکو بوون بە تۆز...
ستەم دەمی شمشێری لە خوێن و عارەقی لاقەبرغەمدا نوقم کردووە.
زۆر یاخی!
لغاو و تەوقی دەمم، گەر بڵێم "ئاهـ" دەپسێن.
ئەدی گوڵە کێویلە و گوڵەباخ خوشکن.
ئاوهایە عیشق...
وای چەندم خۆشدەویستی.....

* لە تورکیەکەدا دەبێژێ (لە نێو نیشانی جەلادێکدا).
* ئێسکودار ناوچە/گەڕەکێکە لە ئەستەمبوڵ لە دواهەمین کەناری کیشوری ئاسیا.
* مونزور و شاە مورات دوو ڕووباری باکوری کوردستانن.

سیا نەریمان

پێداچوونەوە و ڕاستکردنەوەی مێژووەکان و پاکنووسی کۆتایی لایەق حەمە (هیوا)

**پانووس:**

زۆر بابەتی بلاگی تایبەتی خۆم: http://www.sianariman.com/

پەڕەی ئەحمەد کایا: facebook.com/ahmetkayakurdi

**سەرچاوەکان:**


١- ڕۆژنامەی سەباح: http://www.sabah.com.tr/fotohaber/gundem/efsane_isim_ahmet_kaya/25361 :

٢- ڕۆژنامەی حوریەت: http://webarsiv.hurriyet.com.tr/2003/11/21/375006.asp

٣- ویکی تورکی: https://tr.wikipedia.org/wiki/Ahmet_Kaya#cite_ref-sezerbagcan_3-0

٤- پێگەی ئیسلامی گویندەم -http://www.islamigundem.com/afak-turkusu-sairi-nevzat-celik-konustu
haber-17028.html

٥- چاوپێکەوتن و فلیمی بەڵگەیی (کۆلارەکەم بە تەڵەوە بووە): لە یوتیوب، ئامادەکردنی گویلتەن کایا و دەرهێنانی ئومێد کشانچ www.youtube.com/watch?v=7LWQVr5iryw

٦- بلاگی لایەق حەمە (هیوا) http://layik.wordpress.com بابەتی وەرگێڕدراوی "کێ ئەحمەد کایای کوشت؟" بەستەر :http://tinyurl.com/oe6mllw

٧- ئەحمەد کایا (ویکی سۆرانی) بەشی "پاش کۆچی دوایی" /https://ckb.wikipedia.org/wiki ئەحمەد_کایا

٨- چرا تیڤی http://chra.tv/news/index.php/articles/articles/articles/10015-kaya-demucrat

٩- ماڵپەڕی کایا، هەواڵی ڕۆژنامەی تەقویم http://www.ahmetkaya.com/HaberAyrinti.aspx?id=1053

١٠- ڤیدیۆکەی ئەردۆگان لە پەرلەمانی تورکیا http://www.youtube.com/watch?v=Y-j-BcK2yQM

١١- ڤیدیۆی گۆرانیەکە پێش ئەوەی ئەردۆگان بچێتە سجن لە ١٩٩٩ http://www.youtube.com/watch?v=Bo84BN

١٢- ڕۆژنامەی تەقویم
http://www.takvim.com.tr/Yazarlar/rasim.ozan/2012/11/20/ahmet-kayayi-oldurenlerden-mutlaka-hesap-sorulacak-2

١٣- بلاگی ڕۆژنامەی میللیەت http://blog.milliyet.com.tr/cumhuriyet-ve-ahmet-kaya/Blog/?BlogNo

١٤- قسەکانی حەسیب قەپلان لە پەرلەمانی تورکیا ٩ی مایسی ٢٠١٣
www.youtube.com/watch?v=5jf1hH14Gg8

١٥- ویکی ئینگلیزی دەنیز گەزمیش https://en.wikipedia.org/wiki/Deniz_Gezmi%C5%9F



سەرچاوە: کەحلان

سەرچاوە: ماڵپەڕی پەیسەر - ڕێکەوتی: ٣ی ئەپریلی ٢٠٢١



سەرچاوە Serchawe

## ئەحمەد کایا؛ چریکەیەکی بەسۆز بۆ خۆشەویستیی و هاوارێک بۆ ئازادیی



ئەمڕۆ ٢٣ ساڵ بەسەر ژیانئاوایی هونەرمەندی کورد، ئەحمەد کایا-دا تێدەپەڕێت، کە دەنگ و هونەرەکەی کردبووە چەکێک و شۆڕشی لە دژی ستەم و دوژمنانی ئازادیی پێ هەڵدەگیرساند.

ئەو بۆ خزمەتی گەلەکەی هونەر و سیاسەتی ئاوێتە کرد و فرمێسکی دایکانی دەکرد بە وشە، هەرچەندە ژیان تەنها دەرفەتی یەک گۆرانیی پێدا بە زمانی دایک تۆماری بکات، بەڵام هەمیشە گۆرانییەکانی گوزارشت بوون لە خواستی قوڵی بۆ ئازادیی گەلەکەی و پێکەوەژیان.

ئاوازدانەر و مۆسیقار و هونەرمەندی گەورەی کورد ئەحمەد کایا، ساڵی ١٩٥٧ لە شاری مالاتیا لەدایکبووە، باوکی کورد و دایکی تورک بوو، باوکی بە ڕەچەڵەک خەڵکی سەمسوور بووە و ڕۆیشتووەتە مەلەدی بۆ دۆزینەوەی کار، کاتێک کایا لەدایک بوو، باوکی لە کارگەیەکی دەوڵەتدا کاری کردووە، دایک و باوکی و هەر پێنج منداڵەکە لە خانوویەکی بچووکی کارگەکەدا ژیاون.

لە دوای ئەوەی باوکی سازێکی بۆ کڕی، ئەحمەد لە تەمەنی شەش ساڵییەوە سەرقاڵی مۆسیقا بووە، ئەمەش بووەتە سەرەتای کاروانێک، کە کایا دەگەیەنێتە لووتکەی ناوبانگ لە دنیای هونەردا، لە تەمەنی نۆ ساڵیدا لە کارگەکەی باوکی

دەستی بە گۆرانی وتن کردووە و لە شەوی جەژنی کرێکاراندا گۆرانی بۆ کرێکارەکانی دیکە وتووە.

بەهۆی خراپی بار و گوزەرانی کوردەوە لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا لە باکووری کوردستان، خانەوادەی ئەحمەد کایا بە ناچاریی ڕوو لە ئیستەنبووڵ دەکەن، کایا بۆ دابینکردنی بژێویی خێزانەکەی پێش ئەوەی وەک گۆرانیبێژ دەرکەوێت، ماوەیەک لە ئیستەنبووڵ شۆفێری تەکسی بووە، هەروەها لەگەڵ دۆستێکی بە ناوی بەشار ئابی کاری شۆفێری پاسیشی کردووە.

کایا لە منداڵییەوە خاوەن ڕۆحێکی یاخی بووە، لە ١٦ ساڵیدا لەسەر چاپکردنی پۆستەر و لافیتە دەستگیر کرا، لەگەڵ هاوڕێکانیدا بەردەوام بوو لە مۆسیقا و گۆرانی لە "یانەی زانستەکانی خەڵک"، کە وای کرد کایا زیاتر برەو بدا بە گیانە یاخییەکەی، ئەمەش دواتر لە زۆربەی ئەلبووم و گۆرانییەکانی کایادا ڕەنگ دەداتەوە و ڕووداوەکانی دیکەی ژیانی کایاش بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

لە یەکەم هەوڵیشیدا بۆ دەرکەوتن، دوای کۆنسێرتێکی سازژەنی بەناوبانگ بە ناوی "ڕووحی سوو"، چووە زانکۆی "بۆغاز ئیچی" و داوای لە ڕووحی کرد کە گوێ لە سازژەنینەکەی بگرێ، دوای ئەوەی داواکارییەکەی قبووڵ کرد، ڕووحی لە نیوەی ژەنینەکەی کایادا سازەکەی لەدەست وەرگرت و پێی وت "ساز نابێ بە شێوەیەک بژەنرێ وەک ئەوەی سواری ئەسپ بی، بەڵکوو دەبێت بە نەرمی بیژەنی". کایا لەسەر شێوازی ژەنینەکەی خۆی سوور بوو.

لە ساڵی ١٩٨٥ ئەحمەد کایا یەکەم ئەلبوومی بەناوی "مەگری کۆرپەکەم" بڵاوکردەوە، بەڵام هەر زوو نۆبەرەکەی کایا ڕووبەڕووی ڕق و تووڕەیی دەسەڵاتدارانی تورک دەبێتەوە و قەدەغە دەکرێت.

لە ١٠ی شوباتی ١٩٩٩ کایا بووە براوەی خەڵاتێکی ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسانی "چاپی تابلۆی"، کاتێک خەڵاتی باشترین گۆرانیبێژی ساڵی لە مەراسیمەکەدا وەردەگرت، وتی"من گۆرانییەکی کوردیم لەناو ئەلبومە تازەکەم داناوە، چونکە من بە ڕەسەن کوردم، گومانم نییە چەندین دەزگای ڕاگەیاندنی بوێر هەن، کە ئەلبومە تازەکەم بڵاو بکەنەوە"، دوای تەواوبوونی قسەکانی، چەندین هونەرمەندی تورک هێرشیان کردە سەری و هاواریان کرد: خائین! برۆ دەرێ، لەو بەناو هونەرمەندانەی کە پێشەنگایەتی ئەو بێ ڕێزیانەیان دەکرد بریتی بوون لە ئیبرۆ گۆندیش، سەردار ئۆرتاچ و ڕەها موهتار.

دادگای ئاسایشی نیشتمانی تورکیا لە ٣٠ی نیسانی ١٩٩٩ تۆمەتی خەیانەتی نیشتمانیی دایە پاڵ ئەحمەد کایا و لە هەموو لایەکی تورکیاوە، تورکە نەژادپەرستەکان هێرشیان کردە سەری، لەو ماوەیەدا، ئەحمەد کایا چووە ئەورووپا، دادگای



سەرچاوە Serchawe

ئاسایشی نیشتمانی تورکیا لە دوا دانیشتنیدا، بەبێ ئامادەبوونی کایا، سزای ١٢ ساڵ زیندانی بۆ دەرکرد.

ساڵی ٢٠٠٠ ئەحمەد کایا بە یەکجاریی ڕووی لە فەرەنسا کرد، بەڵام تاراوگە نەیتوانی برینەکانی ئەو ساڕێژ بکات، لە چاوپێکەوتنێکدا لەبارەی غەریبیی خۆیەوە بە چاوی فرمێسک قەتیسماوەوە، دەڵێت: هاوین بێت و زستان بێت شەوانە زۆر سەرمام دەبێت، لەبەر ئەوە نییە کە گەرمکەرەوە نییە، بەڵکوو یەک هۆکار هەیە، ئەویش لەبەر دووری وڵاتە سەرمام دەبێت، کۆتایی تەختی ئەم سیناریۆیە بە کەوالیسێکی کوشندە دادەپۆشرێت، ڕۆژێک دێت هەر دەگەڕێینەوە.

ئەحمەد کایا لە ساڵی ٢٠٠٠دا لە فەرەنسا کۆنسێرتێکی گەورەی سازکرد، کە نزیکەی ملیۆنێک کەس بەشدارییان تێداکرد و لەو کۆنسێرتەدا بۆ یەکەم جار گۆرانییەکی بەناوی "وەڵاهی بیری ئاپۆ دەکەین" چڕی.

ژیان لە غەریبی زۆری نەخایاند و لە ڕۆژی ١٦ـی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٠ لە فەرەنسا کۆچی دواییکرد و لە تەنیشت گۆڕی سینەماکاری بەناوبانگی کورد یەڵماز گۆنایەوە ئەسپەردەی خاک کرا.

کایا و هونەرەکەی هێندە کاریگەرییان هەیە، تا ئێستاش تورکەکان لە دەنگ و ناوی دەترسن، بە شێوەیەک لە سەروبەندی بیستەم ساڵڕۆژی کۆچی دواییدا، لە پاریس لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە گلکۆکەیان شێواند.

لە ماوەی ژیانی هونەریدا ئەحمەد کایا ١٧ ئەلبوومی بڵاو کردووەتەوە، دوای خۆشی "گوڵتەن"ی هاوسەری ئەلبوومە تەواونەکراوەکەی بە ناوی "گوێ بگرە وڵاتە خۆشەویستەکەم" بڵاوکردەوە، چەن ئەلبوومێکی دیکەشی دوای خۆی بڵاوکرانەوە.

ش.ئـ

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژ نیوز - ڕێکەوتی: ١٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# ئەحمەد کایا، دەنگ و زایەڵەی چەوساوەکان و گەلە ستەم دیدەکەی



**ڕاماڵ خونچە**

**پوختە:**

ئەحمەد کایا لە تورکیا زۆرترین ئەلبومی گۆرانییەکانی دەفرۆشرا و بووە دەنگ و زایەڵەی تەواوی چین و توێژەکانی ئەو وڵاتە و هەمیشە لەگەڵ ستەملێکراو و چەوساوەکان بوو، لە کاتێکدا زۆربەی زۆری خەڵک بێدەنگی هەڵدەبژارد، ئەو هەڵوێستی دەردەبڕی و دژی ناهەقییەکان دەهاتە جواب. ئەو کە باکی بە مردن نەبوو، باجی هەڵوێستەکانی خۆی دا و بەم هۆیەوە لە غوربەت و دوور لە باوەشی نیشتمان و کەسوکاری سەری نایەوە.

کایا لە ٢٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٧ لە مەڵەتی لە دایک بوو. بەهۆی سەختی هەلومەرجی ژیان لە ڕۆژانی پشوو لە قۆناغی سەرەتایی دەستی کرد بە کارکردن لە تۆمارگایەک لە مەڵەتی، ئەمەش بووە هاندەری کایا بۆ ئەوەی گرنگی بە توانای هونەری خۆی بدات. لەمبارەیەوە ئەحمەد کایا لە تۆمارێکی ڤیدیۆییدا گوتبووی: "کە تەمەنم بوو بە شەش ساڵ ڕۆژێک بانگیان کردم و بینیم سازێک بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو وێنەیەکی بچووکی منیشی پێوە چەسپ کرابوو. سەرەتا کە پێیان گوتم سازەکە بژەنە، سازەکەم هەڵنەگرت."

مستەفا كایا'ی براگەورەی ئەحمەد كایا لەوبارەیەوە دەڵێت: "كاتێك یەكەمجار ئەحمەد سازەكەی بە دەستەوە گرت، وەك چۆن منداڵێك كە هیوایەتی ئەوەیە یارییەكی بۆ بكڕدرێت دڵخۆش دەبێت، ئەویش لە خۆشیان شاگەشكە بوو". بەم جۆرە ئەحمەد كایا فێری ژەنینی میوزیك بوو و سەرەتای كاری هونەری ئەو لەوێوە دەستی پێكرد، بەبێ ئەوەی چووبێتە هیچ خولێك زۆر شارەزایانە لەو تەمەنە بچووكەوە فێری ژەنینی ساز بوو.

دوای خانەنشینبوونی باوكی، ماڵی ئەحمەد كایا چوونە ئیستانبوڵ. بەهۆی سەختی ژیانەوە نەیتوانی قۆناغی ئامادەیی تەواو بكات و وەك خزمەتگوزار، شاگرد، ئۆتۆمبێلشۆر و دەستگێڕ كاری كردووە.

كایا پەیوەندییەكی ڕۆحانی ئەوەندە قوڵی لەگەڵ سازدا هەبوو، وەك بڵێی ئاوێزانی یەكتر دەبوون. ئەو بەو شێوازە ڕازی نەبوو كە هونەرمەندە كارامەكانی ئەو سەردەمە بۆ ساز بەكاریان دەهێنا و شێوازێكی تایبەت بە خۆی داهێنا .

ئەحمەد كایا بەشداری لەو چالاكییەدا كرد كە بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی كرێكاران لە ١ی ئایاری ١٩٧٧ لە گۆڕەپانی تەقسیم لە ئیستانبوڵ ڕێك خرابوو، لە ئاكامی ئەو شەڕەی لەنێوان دوو گروپ ڕووی دا لەوێ ٣٤ كەس كوژران و سەدان كەس بریندار بوون. هەرچەند كایا بە سەلامەتی لەو ڕووداوە ڕزگاری بوو، بەڵام دواتر دەستگیر كرا .

دوای ئەوەی كایا كاتی چوونی دێت بۆ خزمەتی سەربازیی زۆرەملێ، نایەوێت بچێت بۆ سەربازی، بەڵام دوای تێپەڕینی ساڵێك باوكی ئەحمەد كایا بۆ ئەوەی كوڕەكەی تووشی دەردەسەری نەبێت، هەوڵی لێ دەدات و مستەفای برا گەورەی بە زۆر دەیبات بۆ سەربازی.



دوای کودەتای ١٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠ ئەویش هاوشێوەی زۆرێک لە ئازادیخوازان خرایە زیندان و نۆ مانگ لە زیندان مایەوە. بەهۆی دەستکورتییەوە ماوەیەک بوو بە شۆفێری تەکسی. دواتر لەگەڵ هاورێیەکی بریاری دا هۆڵی بچووک بە کرێ بگرن و کۆنسێرتی بچووک رێک بخەن. بەمەش ورده ورده خەڵکانێکی زیاتر دەچوون بۆ کۆنسێرتەکانی کایا.

لە کاتێکدا بەهۆی ئەنجامدانی کودەتاوە هاوشێوەی زۆربەی شتەکانی دیکە سانسۆر خرابووە سەر گۆرانییەکانیش، کایا درێ بەو شەوەزەنگی نائومێدییە دا و گۆرانی "مەگری کۆرپەکەم"ی بڵاو کردەوە. ئەو گۆرانییە بە تەواوی لەو دوو شێوازە گۆرانییانە جیاواز بوو کە ئۆرهان بێیگەنج و سوزان ئاکسوو تۆماریان کردبوون. بەمەش بووە دەنگی تەواوی ئەو ستەملێکراوانەی خەون و هیواکانیان لەژێر تانکی کودەتاچییەکاندا نێژرابوون .

کایا لە رێگای گۆرانییەکانییەوە ئازاری تەواوی ستەملێکراوان و ئەوانەی دەهێنایە سەر زمان کە بە ناهەق زیندانی کرابوون. هەرچەند ئەحمەد کایا کەسێکی چەپ بوو، بەڵام راستەکانیش خۆیان لە گۆرانییەکانی ئەودا دەدۆزیەوە. بە جۆرێک تورکە نەتەوەپەرستەکان لە ریزی هەرە پێشەوەی کۆنسێرتەکانی ئەودا دادەنیشتن.

ئەو لە رێگای گۆرانییەکانییەوە بە جۆرێک بوو بە دەنگ و زایەڵەی ستەملێکراوان، خەم و ئازاری ئەو دایکانەی دەهێنایە زمان کە چاوەرێی هاتنەوەی رۆڵەکانیان بوون لە زیندان، لەژێر ئەشکەنجەدا جگەرگۆشەکانیان کوژرابوون یاخود رۆڵەکانیان بە لەسێدارەدان حکوم درابوون.

کایا لە بەرامبەر ئەو ستەمەی دەرهەق بە گەلی کورد دەکرا لە باکووری کوردستان و لە تورکیا هەمیشە دەنگی نارەزایەتی خۆی دەردەبری، لە کاتێکدا لەو سەردەمە ژمارەیەکی زۆر لە کوردان ناچار بوون بۆ خۆ بە دوورگرتنیان لە کێشە، ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بشارنەوە .

جگە لەوەی ئازاری گەلە چەوساوەکەی لە هونەرەکەیدا رەنگی دەدایەوە، بەردەوامیش جەختی لەسەر هەڵوێستی ئاشتیخوازانەی خۆی دەکردەوە و دەیگوت: "من هەم بۆ گیانلەدەستدانی سەربازانی تورکیا نیگەرانم هەم بۆ گیانلەدەستدانی گەریلاکان لە چیا. با کۆتایی بێت بە رشتنی خوێنی مرۆڤ و بە ئاشتییانە بژین."

لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستە کوردپەروەرانەیشیدا گەورەترین باجی دا و جگە لە چەند جار زیندانیکردن، لە وڵاتی خۆی دەرپەرێندرا و لەلایەن تورکە راسترەو و نەتەوەپەرستەکان و کوردە خۆفرۆشەکانەوە وەک ناپاکیکەر لە نیشتمان لەقەڵەم درا.



سەرچاوە
Serchawe

كاتێكیش لە توركیا بە زۆرەملێ دەویسترا لەچك لە سەری كچان بكرێتەوە، ئەو بە هەموو جۆرێك پشتیوانی ئەو كچانەی كرد و گوتی: "سیستەم هەرچییەك بێت، كەس ناتوانێت لەچك لە سەری دایكم بكاتەوە."

## ئەحمەد كایا چۆن لە دەست توركە توندڕەوەكان ڕزگاری بوو؟

كاتێك خەڵاتی ئەستێرەی میوزیكی ساڵی لە ١٠ی شوباتی ١٩٩٩ پێ بەخشرا، كایا لە دەسپێكی گوتارەكەیدا گوتی: "من ئەو خەڵاتە تەنها بە ناوی خۆمەوە وەرناگرم، بەڵكوو بە ناوی ڕێكخراوی داكۆكیكار لە مافی مرۆڤ و دایكانی شەممە وەردەگرم". بەڵام هێشتا لە گوتارەكەی نەببووەوە كە ئاڵۆزی لە هۆڵەكە دروست بوو و دوای ئەوەی ئەحمەد كایا گوتی: "لەبەر ئەوەی بە ڕەچەڵەك كوردم لە كاسێتە نوێیەكەمدا گۆرانییەكی كوردی دەڵێم و كلیپی بۆ دەكەم" زۆربەی ئەوانەی لەوێ بوون كە زۆربەی گۆرانیبێژان و دەستبەژێرێك لە خاوەنكاران بوون هەستانە سەرپێ و دەستیان كرد بە هۆیها لێدان. دوای ئەوانە وەك تەحەدایەك بەرامبەر كایا سەردار ئۆرتاج هاتە سەر سەكۆ و مارشی نەتەوەیی توركی گوتەوە و زۆربەی ئامادەبووەكانی ئەوێ دروشمەكەیان دەگوتەوە. جارێكی دیكە ئاڵۆزی ڕووی دایەوە و دەست كرا بە پەلاماردانی كایا و گوترا "بڕۆ بۆ دۆزەخ"، "شتێك نییە بە ناوی كورد ."

لە كاتێكدا دۆخەكە خەریك دەبوو ئارام دەبووەوە. یەكێكی دیكە هاتە سەر سەكۆ و داوای كرد هەموویان بەیەكەوە گۆرانی "وڵاتەكەم" بڵێنەوە. لە بەرامبەردا ئەحمەد كایا گوتی: "من بەردەوام داكۆكیم لە پاراستنی یەكپارچەیی توركیا كردووە و تا هەزار ساڵی دیكەیش داكۆكی لەوە دەكەم، بەڵام ئەو وڵاتەیش ناچارە دان بە كورددا بنێت". تەواوی ئامانج لەو كارانەیش ئەحمەد كایا بوو كە لە گۆشەیەكی دوور دانیشتبوو و هەوڵی دەدا لە دۆخەكە تێ بگات كەچی چنگاڵی تێ دەگیرا.

خاتوو گولتەن'ی هاوسەری كایا هەروەها مەهمەت ئەسلان توغ كە لە دژی ئەو بێڕێزییانە وەستایەوە بەرامبەر كایا كران و ساڤاش ئای لە لای ئەحمەد كایا بوون و دەیانپاراست.

**لەبارەی ئەم دۆخەوە ساڤاش ئای دەڵێت:** "زۆربەی كرێكارانی هۆڵەكە كورد بوون، ئەو گەنجە كوردانە هێڵێكی بەرگرییان بۆ پاراستنی كایا دروست كرد. ئەو كۆمەڵەیەی چالاكییەكەیشیان ڕێك خستبوو ئەو كات زۆر بە هەڵوێست بوون. ئەوانیش هێڵێكی دیكەیان دروست كرد. ئەوانەی كایەیشیان خۆش دەویست هێڵێكی دیكەیان دروست كرد. بۆیە ئەوانەی دەیانویست بۆی بێن، نەیانتوانی ."

تاكە ڕێگایەك مابوویەوە ئەوە بوو ئەحمەد كایا بە سەلامەتی لە هۆڵەكە دەربهێنرێت. سەرەڕای ئەوەیش لە كاتی

هێنانەدەری کایا لە هۆڵەکە بەردەوام مەترسی ئەوەی لەسەر بوو پەلامار بدرێت. لەبری ئەوەی دادگا لێکۆڵینەوە لەوانە بکات هەوڵیان دا پەلاماری کایا بدەن، دەستی کرد بە لێکۆڵینەوە لە ئەحمەد کایا بە تۆمەتی هەوڵدان بۆ جوداخوازی. دواتر زۆربەی میدیاکانی تورکیا بە تایبەت ڕۆژنامەی حوڕییەت هەموو هەوڵێکیان خستە گەڕ بۆ سووکایەتیپێکردن و دژایەتیکردنی کایا .

**مستەفا کایا لەمبارەیەوە دەڵێت:** "لە یەکێک لە دادگاکان پێیان گوتبوو ماوەیەک بڕۆ بۆ ئەورووپا و بۆ خۆت بگەڕێ، هاتوچۆی دەرەوەی وڵاتت لێ قەدەغە ناکەین. ئەحمەد پێی گوتم ئەمە بەو واتایە دەهات لێرە بڕۆ، دەنا لەناوت دەبەن. ئەو کاتێک ناچار بوو وڵات جێ بهێڵێت، پێی گوتم من دەڕۆم بۆ مردن."

تەنانەت کە ئەحمەد کایا ناچار کرا وڵاتیش جێ بهێڵێت، کەچی تورکە ڕاستڕەوەکان وازیان لێ نەدەهێنا و لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانەوە سووکایەتی پێ دەکرا.

## مردنێک لە چاوەڕوانی گەڕانەوە بۆ باوەشی نیشتمان

ئەو هەر بە خەونی ئەوەوە سەری نایەوە بێتەوە ناو کەسوکار و هاوڕێکانی و لە ١٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٠ لە تەمەنی ٤٣ ساڵیدا بە هۆی تووشبوونی بە نۆرەی دڵ گیانی لەدەست دا و لە پاریس لە نزیک گۆڕی یلماز گوینەی بە ئامادەبوونی زیاتر لە سێ هەزار کەس بە خاک سپێردرا .

**موستەفا کایا لەبارەی ئەگەری هێنانەوەی تەرمی براکەی بۆ تورکیا، دەڵێت:** "ئەحمەد پێی گوتم 'کاکە تۆ برا گەورەی منی، ئەگەر لە تاراوگە مردم، لەو دۆخەدا تەرمەکەم مەهێننەوە تورکیا. کەی لە تورکیا بە ڕاستی دیموکراسی بەدی هات، مرۆڤەکان ئازاد بوون، لەسەر گۆرانی گوتن خەڵک دادگایی نەکرا، لەسەر نووسین خەڵک بریندار نەکرا و نەکوژرا، ئەو کات تەرمەکەم بهێننەوە تورکیا."

## ئەو ڕەخنانە چین کە ئاراستەی ئەحمەد کایا دەکرێن؟

وێڕای ستایشکردنی هەڵوێستە بوێرەکانی ئەحمەد کایا، ژمارەیەک لە هونەرمەندانی کورد ڕەخنەی ئەوەی لێ دەگرن کایا خزمەتی هونەری تورکی کردووە، نەک هونەری کوردی. بەڵام کاتێک مرۆڤ ئەوە لێک بداتەوە کایا دایکی تورک بووە و خۆیشی لە مەڵەتی لە دایک بووە، هۆکاری ئەوەی بۆ ڕوون دەبێتەوە کە هەرچەند داکۆکیکاری سەرسەختی گەلە

ستەملێکراوەکەی بووە، بەڵام بۆچی خزمەتی هونەری کوردی نەکردووە.

کایا لە زۆربەی گوتەکانیدا ئاماژەی بەوە داوە کە ئەو بە ڕەچەڵەک کوردە، ئەوەیش دەکرێت وا بخوێندرێتەوە کە تواندنەوەی کورد لەناو تورکدا ئەویشی گرتووەتەوە، ئەگینا بەردەوام دەیگوت کوردم نەک ڕەچەڵەکم کوردە.

مەڵەتی یەکێکە لەو پارێزگایانەی باکووری کوردستان کە هاوشێوەی گومگوم (مەرعەش)، ئەرزنگان و سێواس و ژمارەیەک پارێزگای دیکە لە زووەوە پرۆسەی سڕینەوەی کورد بە دوو شێوازی جیاوازی سیستەماتیک تیایدا ئەنجام دراوە.

یەکەمیان لە ڕێگای کۆچپێکردنی کورد و هێنانی تورک و تورکمان بۆ جێی ئەوان، قۆناغێکی دیکەی پرۆسەکەیش تواندنەوەی ئەوانەی کوردن لەناو تورکدا و هێشتنەوەیان بەو مەرجەی نکۆڵی لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بکەن. بۆیە کاتێک لە زۆرێک لە کوردانی مەڵەتی دەپرسی: "کوردی؟"، دەڵێن:

**"دایک و باوکمان کوردن، بەڵام ئێمە تواوینەتەوە و بووینەتە تورک."**

بە هۆی ئەوەی کایا دایکی تورک بووە و لە مەڵەتی لەدایک بووە و دواترماڵیان چووەتە ئیستانبوڵ، دەرفەتی ئەوەی بۆ نەڕەخساوە فێری زمانی کوردی ببێت، لەو سەردەمەیشدا نەک هەر خول نەبووە بۆ فێربوونی زمانی کوردی، تەنانەت ئاخاوتن بە زمانی کوردییش قەدەغە بووە.

ژمارەیەکی زۆر لە دایک و باوکانیش نەیانویستووە منداڵەکانیان فێری کوردی ببن بۆ ئەوەی دواتر کێشەیان بۆ دروست نەبێت. خاتوو گولتەنی هاوسەری ئاماژەی پێ دەدات ئەحمەد کایا هەمیشە نەزانینی زمانی کوردی وەک کەموکوڕییەک بینیووە لە خۆیدا. ئاماژە بەوە دەدرێت دوای ئەوەی ئەحمەد کایا لە فەڕەنسا دەگیرسێتەوە، لە بەرنامەی دابووە ژمارەیەک گۆرانی بە کوردی بچڕێت، بەڵام تەمەن ڕێگەی پێ نادات.

ڕەخنەیەکی دیکە کە ئاراستەی کایا دەکرێت ئەوەیە کە بەردەوام جەختی لەوە کردووەتەوە داکۆکی لە پاراستنی یەکپارچەیی خاکی تورکیا دەکات، بەڵام هەمیشە ئاماژەی بەوە داوە کە دەبێت لەنێو ئەو دەوڵەتەدا کورد نەچەوسێندرێتەوە و هەوڵ نەدرێت بۆ پاکتاوکردن و تواندنەوەی.

جگە لە گۆرانیی کاروان، کایا لە دوایەمین کۆنسێرتێ خۆیدا کە لە ٢٠ی ئەیلوولی ٢٠٠٠ دوو مانگ و دوو ڕۆژ بەر لە



سەرچاوە
Serchawe

مردنی لە فینلەندا بۆی ساز کرابوو گۆرانی: "کوردنۆ مەردنۆ پڕ خوەشە سەرخوەبوون"ی گوتەوە.

کایا لە فێستیڤاڵێکدا لە ئەورووپا وتبووی: "ئێمە ناسنامەی کوردایەتی خۆمان دەپارێزین کە هەزاران ساڵە بە شانازی و شکۆدارییەوە پاراستوومانە و وێڕای ئەو هەموو ستەمەی لێمان کراوە و بە هۆیەوە ئازار دراوین، دەستبەداری نەبووین."

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - ڕێکەوتی: ٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## ئەحمەد كایا



**میكائیل عەبدوڵڵازادە**

ئەحمەد كایای گۆرانیبێژو ئاوازدانەرو مۆسیقار، لەساڵی ١٩٥٧ لەشاری مەلاتیەی باكووری كوردستان لەدایك بووە. دواتر بنەماڵەكەیان بەئومێدی ژیانێكی باشتر روودەكاتە ئەستانبۆڵ. ئەحمەد لەئەستانبۆڵ تێكەڵی سیاسەت دەبێ. لەگەڵ سیاسەتیش خۆی فێرە مۆسیقا دەكاو شیعر دەنووسێ و لەپێناوی بژێوی ژیانیشیدا هەموو جۆرە كارێك دەكا، دەبێتە شۆفێری لۆری و فرۆشیاری گەڕۆك و كرێكار. لەساڵی ١٩٨٥ بڕیاردەدا یەكەمین ئەلبومی گۆرانییەكانی بلاوبكاتەوە، بەلام لەبەرئەوەی شێوازەكەی، شێوازێكی نوێیە ناوەڕۆكی شیعرەكانی شۆڕشگێڕانەن. هیچ دەزگایەكی هونەری ئامادەنابێ هاوكاری بكات. هەڵوێستا دەزگاكان ساردی ناكەنەوە، بەهاوكاریی دۆستەكانی یەكەمین ئەلبوومی خۆی بەناوی (مەگری بچكۆل) بلاودەكاتەوەو رەواجێكی باشی لەلای خەڵكی دەبێ، بەلام حكومەت قەدەغەی دەكات.

گۆرانیبێژی هەژاران ئەحمەد كایا كە بەگۆرانییە كۆمەلایەتییەكانی دەبێتە گۆرانیبێژی خەڵكی هەژارو كوردی ستەمدیدەی توركیا، گۆرانییەكانی بەچەكێك دەزانێ لەدژی بێ دادی و دوژمنانی بوونی كوردو بەوهۆیەوە گەلێ جار دەگیرێ و گۆرانییەكانی قەدەغەدەكرێن و رێگای گۆرانی گوتنیشی لێ تەنگ دەكرێتەوە. لەئاداری ١٩٩٩، كاتێ خەلاتی باشترین گۆرانی ساڵ لەبەرنامەیەكی تەلەفزیۆنی وەردەگرێ، رایدەگەیەنێ: (من گۆرانییەكی كوردیم لەناو ئەلبومە تازەكەم داناوە،

چونکە من بەرەسەن کوردم! گومانم نییە گەلێ کۆمپانیای مۆسیقا حەز دەکەن ئەلبومە تازەکەم بلاوبکەنەوە! تورکیا گرفتێکی هەیە بەناوی (کوردستان)، لەبەرئەوە من هەرگیز لەباسکردنی ئەم گرفتە بۆ ئەوانەی دان بەراستیدا نانێن، ماندوو نابم). دوای تەواو بوونی ئەم قسانە، چەند هونەرمەندێکی شۆڤێنست هێرشیان کردە سەری و هاواریان کرد: (خاین! برۆ دەرێ)، بەلام ئەحمەد سوورتر بوو. (دادگای ئاسایشی نیشتمانی تورکیا) لە ٣٠ ی نیسان تۆمەتی خیانەت لەنیشتمانی دایە پاڵی و لەهەموو لایەکی تورکیاوە تورکە توندڕەوەکان هێرشیان کردە سەری و هەندێ رۆژنامەو دەزگای راگەیاندن داوای حوکمی ئیعدامیشیان بۆ کرد، بەلام ئەحمەد کایا، بێباک لەبەردەم یەکەمین دانیشتنی دادگا ئامادەبوو، هەموو ئەو تۆمەتانەی رەت کردەوە کە درابوونە پاڵی. لەو ماوەیەدا، ئەحمەد کایا چووە ئەوروپا. دادگای ئاسایشی نیشتمانی تورکیا لەدوا دانیشتنیدا، بەبێ ئامادەبوونی، سزای ١٠ دە ساڵ زیندانی ئەحمەد کایای دا. لە ١٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٠، کاتێ بۆ سازکردنی کۆنسێرت لە پاریس بوو، لەشوێنی حەوانەوەی خۆی، کۆچی دوایی کردو لەگۆڕستانی ناودارانی پاریس پیرلاشیز بەخاک سپێردرا، دوای خۆی، گوڵتەنی هاوسەری ئەلبوومە تەواو نەکراوەکەی گوێ بگرە ولاتە خۆشەویستەکەمی بلاوکردەوە. ئەمەی خوارەوە، بەشێکە لەو داکۆکینامەیەی ئەحمەد کایا لەبەردەم دادگای ئاسایشی نیشتمانی تورکیا پێشکەشی کرد: (من لەسەر چەقۆ راوەستاوم! کەسێک کە لەپێناوی گەلەکەیدا دەجەنگێ. ئەم داکۆکینامەیەتان لەبیربێ... لەساڵی ١٩٨٥ مۆسیقارێکی پیشەیی بووم. ژنم هێناوەو دوو کیژی حەڤدەو دوازدە ساڵەم هەیە. سەدان سترانم داناوەو گەلێ ئاوازیشم بۆ کەسانی دیکە داناوە. حەڤدە ئەلبومم بلاوکردۆتەوە کە چەندان ملیۆن دانەیان لێ فرۆشراوە. لەولاتانی دنیا کۆنسێرتم کردووەو چەند جارێک وەک گۆرانیبێژی ساڵ لەلایەن دەزگا هونەرییە جۆراوجۆرەکانەوە هەڵبژێردراوم. تەمەنم چل و دوو ساڵەو لەتورکیا دادەنیشم. بەتورکی بیرم کردۆتەوەو بەتورکی نووسیومەو بەتورکیش گۆرانیم گوتووە. من مۆسیقارم و هاوولاتییەکی ئەم دنیایەم کە خۆی بەموڵکی هیچ ناوچەیەک نازانێ و هەست و سۆزی رووی لەمرۆڤە. دڵم ئەوەندە گورەیە جێگای چاکەی گشت زمان و کولتوورو باوەڕو گۆرانییەکانی دنیای تێدا دەبێتەوە. تۆمەتێکم پێوە لکێنراوە کە ژیانی هەڵگێڕاومەتەوە. تۆمەتی خیانەت. پێیان گوتووم کە من کەسێکی دووبەرەکی خوازم، ئەڵقە لەگوێ و بێ ئەدەب و بێ ئەقڵ و شێتم. ئەم سیفەتانە تۆمەتی کەس و گرووپگەلێکی ناسراون. روانگەو قسەی مرۆڤێک- کە بنەمای هەموو ئەم تۆمەتانەیە- لەهیچ ولاتێکی پێشکەوتوو و یاسا پەروەردا بەتاوان و تۆمەت ناژمێردرێن.



سەرچاوە
Serchawe



## ئـەحمەد کـایا

کوردبـوون مـن لەئەلبـوومە تـازەکەمـدا گـۆرانییەکی کـوردیم گوتـووە، چـونکە مـن کـوردم. کلیپیشم بـۆ کـردووە. بـاوەڕم وایە کەسـانێک هەن پێیانخۆشە لەتەلەفزیۆنەکانیانـدا بـلاوی بـکەنەوە. ئەگەر وانەکەن، دەبـێ گومـان لە کـورد بـوون و مـرۆڤ بوونیان بکرێ. ئایا ئەو کەسانەی کە بەخاین و دووبەرەکی خوازو دوژمن زانینی من، هەستی سەلبی هەوادارانم دەورووژێنن و دەبنە هۆی جودایی چینایەتی و نەژادی، کەمینە نین؟ ئەو چەند ملیۆن کەسەی گوێ لەقسەکانی من دەگرن، خەڵک نین؟ من لەو هۆڵە، بەبیستنی (خاین، بڕۆ دەرێ!)، تووڕە بووم، چونکە ئەم قسەیەم لەدەمی کەسانێک بیست، هەر کـاتێ وشەی (کورد)یان گوێ لێ دەبێ، جوێن دەدەن. لێرەوە پێیان دەڵێم، وازناهێنم تا واقیعیەتی بوونی کوردان قبـوڵ دەکەن. بەبـڕوای مـن، رێـک هەر ئەم کەسـانە بـوون کە وشەی (برایەتی)یـان پێشـێل کـردو بوونەهـۆی دروسـت بـوونی درز لەنـاو کولتـووری هاوبەشی ولاتەکەمان. گەورەترین چەکی گۆرانیبێژێک گۆرانییەکانیەتی و من رێگا نادەم گۆرانییەکانم خراپ لێک بـدرێنەوەو مانایەکی دیکەیان بۆ داتـاشن. بۆ نموونە، ئەگەر من بمگوتبا گۆرانییەک بەزمانی ئیتاڵی، یـان عەرەبی و ئینگلیزی دەڵێم، ئایـا هەراو هۆریـایەکی لەم جـۆرە دروسـت دەبـوو؟ ئەم تـۆمەت و سـزا خواسـتنە، بەرای مـن هەوڵـی هەنـدێ کەنـاڵی تەلەفزیـۆنییە بـۆ پەیـداکردنی شتێک لەنـاو قسـەکانم، تـا زنجیـرەی تەلەفزیـۆنی لـێ دروست بـکەن. ئەگەر من لەهەموو کۆنسێرتەکانمدا کە هەزاران کەس ئامادەی دەبن. شتێکم گوتبا و بووبا بەهـۆی دووبەرەکی نێوان خەڵکی، ئەودەم دەمتوانی ئەم تۆمەتـانەت قبوڵ بکەم، بەلام هیچ نییە... کاتێ وێنەی ڤیدیۆیی ئەو شەوە لەلایەن زەینێکی رۆشن و بەویـژدانەوە شی بکرێتەوە، ئەوجا دەزانین پیلانێک لەدژی من بەڕێوەیە. هونەرمەنـدان لەهەر جێگـایەکی دنیـابن، یەک زمـان و یەک شێوازی تایبەت بەخۆیان هەیە کە بەهـۆیەوە خۆیـان دەردەبـڕن. من لەبەر ئەوەی حەزی هەوادارەکـانم لەکۆنسێرتەکانم بەنیشـانەی سـەرکەوتنی خـۆم زانیـوە. بەنیشـانەی سـەرکەوتن بەخێرهـاتنم کـردوون. ئەمە بـۆتە ئـارمی مـن و لەتەواوی دیـدارە

تەلەفزیۆنییەکانیشمدا بینیوتانە. ئەم ئارمە، بەخێرهاتنێکی هەمیشەییەو لەهەموو دنیادا لەلایەن سیاسەتمەدارو هونەرمەندو ئەستێرەکانی وەرزشەوە بەکاردەهێنرێ. ئەم نیشانەی (٧)یە، سەرەتای وشەی Victoria بەمانای سەرکەوتنەو نابێ بەدوای مانایەکی تردا بگەڕێن.

دەربڕینێکی ئاشکرا خەڵکی ئێمە دەبێ تێبگەن کە چەند لەدنیای ئەمڕۆ دوورن، تا نیگەرانی دابەشبوونی ولات نەبن، بەهۆی گۆرانییەکی کوردی. ئەو شتەی ئەوانی تر لەژێر لێودا دەیلێن، من بەهاوار دەریدەبڕم. ئێمە لەم ولاتەدا دەژین و ئەگەر لەڕاستییەکان بگەین، ژیان و ولاتێکی باشترو پێشکەوتووترمان دەبێ. وادیارە دەبێ من ئیدی لەگۆڕینی گۆرانییەکانم بەپارێزتربم و لەڕاستیدا ئیتر مۆڵەتی ئەو گۆڕینە بچووکانەشم نابێ، بەلام ئێوە پێتان وایە لەهەلومەرجێکی وادا من هەست بەئازادیی بکەم؟ ئەم دادگایە، بەدروستبوونی، بەڵگەو مەنتیق و حوکمی دادپەروەرانەی لەبەرچاو نەگرتووەو هەموو یاساو رێساکانی دنیای پێشێل کردووە. من ئیدی ئەم ولاتە بەجێ دەهێڵم کە من بە(دووبەرەکی خواز)و( خاین) ناو ببەن). ئەلبوومی گۆرانییەکانی ئەحمەد کایا: (یاخی دەبم، ناو: خۆشبەخت، گرفتاری دەردەسەرم، سترانی بەیان، دیواری ئەشق، سەردەمێک دێ، گۆرانییەکانم بۆ چیاکان، دەستم لێ مەدە دەسووتێی، مەگری بچکۆل).

هەڵبەستەکان:

### یاخی دەبم

وەرامیان بۆ دەگێڕمەوە
ئەو دایکانەی دەستیان خستۆتە سەر دڵیان
باسی زیندانەکان دەکەم، لەژان دەدوێم
ئاژاوەیەک بەرپا دەکەم
چونکە لەوانە دەترسم کە سەریان خستۆتە ژێرخاک!
یاخی دەبم
کۆلانەکانی پڕماتیک رووت دەکەمەوە
پێناوە پیسەکانیش
ناوەکان گۆناکەم
من شەپۆلی دەریای گەلم
ئەو گوللەیەی پشتی لەخەڵکە
یاخی دەبم... هێی
دێم باوەڕ بکەن... دێم...
هاوارەکانم بەردەوامن...
لەو چاوانە دەدوێم کە خۆیان بەدەمامک شاردۆتەوە

لەقەدەغەکان و
حوکمی دادگا...
ناترسم
چونکە بەگازی شەمشەمەکوێرەیەک شێت بوومە
یاخی دەبم
سوێند بێ بەخوێن
تەسلیم نەبم...
گوڵێکم لەدارستانی گەل
ئێی... حیلەبازی بێ شەرەف
من ئەو خەنجەرەم شەڕ رادەگەیەنێ
گوللەیەکی تەقێنراوم
یاخی دەبم! ئایی
دێم... باوەڕم پێ بکەن
خەڵکینە... دێم!.

## فریام کەوە

نەشاخ دەڕمێ، نە ئەم دیوارە
ئاە هەڵدەکێشم! گریانم دێ!
وەرە لەکوێی؟/ پونگەکان وشک هەلاتوونن بەهاریش ژاکاوە
چۆک دادەدەم! گریانم دێ!
فریام کەوە، وەرە لەکوێی؟
گوڵم لەکوێی؟
گیانم لەکوێی؟
چاوەڕوانم دەکەی بمرم.
ئەو دەمی دێی؟
دەست بەسەر بالیفی چۆڵدا دێنم...
ئاە هەڵدەکێشم، دەگریم،
بگە فریام!
سووتام، تەنیا خەڵووزم لێماوە
چۆک دادەدەم! دەگریم، وەرە لەکوێی؟
گوڵم لەکوێی؟
گیانم لەکوێی؟
چاوەڕوانم دەکەی بمرم

ئەو دەمێ دێی؟
دەڵێن گەورە دەبی، بچکۆڵ!
تۆ نازانی زیندان چییە
لەمانای زەردیی پاییزیش ئاگەی
گریانی من نابینی،
لەکونجی زیندانی ساردوتاریک...
دەڵێن گەورە دەبی، گچکەل
ئەشق هی منەو حەسرەت هی تۆیە
ئێواران بەدوای تاریکیدا دەگەڕێن
شەوەکان، دەبنە ڕۆژ،
یەک بەیەک!
شەوانە بەدوامدا مەگەڕێ
لەتاریکی پڕ لەدەرد مەڕوانە
من لەناو هەتاودا دەگەڕێم
بەڕۆژی ڕۆشن، بەدوامدا بگەڕێ
ڕۆژێک دێ، دێمەوە...
بەباریێ خۆشویستن، ڕامووسان
ئێواران بەدوای تاریکی دەکەون
شەوەکان، دەبنە ڕۆژ، یەک بەیەک

## تۆو

ڕۆژان تێپەڕین، سالان ڕابردن
تۆم نەبینی، کیژە جوانەکە!
بەداخەوە بووم بۆ وێنەکەی تۆ
ماوە لەدڵدا داخی دووریی تۆ!
پرسیم لەمانگی ڕووخۆش، هەواڵت!
یەکسەر تووڕە بوو، ڕووی لێ وەرگێڕام
بەلام ئەو دەمەی ئەستێرەم دواند،
یەکسەر پێکەنی و پێم دا هەڵشاخا...
شەوان کە ئاسمان هێلانەی مانگە
تۆوی ژێر زەوی زۆر زۆر دڵخۆشن،
ئەگەر ئەم جارە نەگەڕێیتەوە،
سینەم پڕ دەبێ لەدەردو ئازار...!

خەنجەری ئەشقم لەسینگی خۆدا
زامە کۆنەکان، گریان تێبەردام
ئەگەر کازیوە، نەگەڕێیتەوە
بزانە دەمرم، ئیتر من فەوتام!

## ئیدی بەسە

شتێک بڵێ کە نەزانم
بۆ نموونە (خۆشبەختی)م پێ بناسێنە
تاحەز بکەی درۆم بیستن،
شتێک بڵێ کە نەیزانم
سترانێکی نوێ بێژە،
باسی لێکدابڕان نەکا
واز لەگۆرانییە کۆنەکان بێنە
لەو بەهارە مەدوێ
کە لەمێژە نەهاتووە!
شتێکم پێ بڵێ، نەزانم!
زۆر بێزارم لەو هەموو چیرۆکە کۆنە
فێرە پێکەنینم بکە
شیعرێک بخوێنەوە کە شوێن پێی خەم،
لەچاوەکانمدا جێ نەهێڵێ.
شتێک بڵێ کە نەزانم!.

## مەرگیش دەلەرزێ

لەو چۆڵە، لەداریان بەستەوە
بەشێوەیەک چاوی لێکنا
دەتگوت دەچێتە خەوێکی پڕ لەخەون.
باسرمەیەک هەڵی کردو
هەتا مەرگیشی دەلەرزاند
ئەمە خوێنەکەی خۆیەتی
کە بەدەنگە سپییەکەی-
داستانان دەبێژێ!
چۆکیان دادا

تەقیان لەتفەنگان هەستاند
دڵی بووە لانەی رەوە داڵی قورِقوشم
باسرمەیەک هەڵی کردو
هەتا مەرگیشی دەلەرزاند!
ئەوشەوە کۆترێک
لەلەپی دەستیدا، هەڵکورِما
لەکەی خوێنیش کەلەپچەکەی رازاندەوە
– ئەمە خوێنی ئەوە،
کە بەدەنگە سپیەکەی–
داستانان دەبێژێ!.

سەرچاوە: ویبلاگی نووسەر - رێکەوتی: ٢٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢



سەرچاوە
Serchawe

## ئەحمەد کایا، هونەری کرد بە چەک بۆ ئازادیی گەلەکەی




**بەرهەم لەتیف**

دوای تەواو بوونی ئەم قسانە، چەندین هونەرمەندی تورک هێرشیان کردە سەری و هاواریان کرد: (خاین! بڕۆ دەرێ)، لە هەموو لایەکەوە فاشیستە تورکەکان هێرشیانکردە سەری، هەندێک ڕۆژنامە و دەزگای ڕاگەیاندنی تورکیا داوای حوکمی لەسێدارەدانیان بۆ دەکرد.

ئەمە ئەو ساتە بوو ئەحمەد کایای لە نیشتمانەکەی هەڵکەند و بەناچاریی پەنای بۆ غەریبی برد، ئەو بۆ خزمەتی گەلەکەی هونەر و سیاسەتی ئاوێتەکرد و فرمێسکی دایکانی دەکرد بە وشە، هەرچەندە ژیان تەنها دەرفەتی یەک گۆرانیی پێدا بە زمانی دایک تۆماری بکات، بەڵام هەمیشە گۆرانییەکانی گوزارشت بوون لە خواستی قوڵی بۆ ئازادیی گەلەکەی و پێکەوەژیان.


ئاوازدانەر و مۆسیقار و هونەرمەندی گەورەی کورد ئەحمەد کایا، ساڵی ١٩٥٧ لە شاری مالاتیای تورکیا لەدایکبووە، باوکی کورد و دایکی تورک بوو، کایا پێنجەم و دوا منداڵی خێزانەکەی بووە، باوکی بە ئەسڵ خەڵکی سەمسوور بووە و ڕۆیشتۆتە مەلەدی بۆ دۆزینەوەی کار، کاتێک کایا لەدایک بوو، باوکی لە کارگەیەکی دەوڵەتدا کاری کردووە، دایک و باوکی و هەر پێنج منداڵەکە لە خانوویەکی بچووکی کارگەکەدا ژیاون.



لە دوای ئەوەی باوکی سازێکی بۆ کڕی، ئەحمەد لە تەمەنی شەش ساڵییەوە سەرقاڵی مۆسیقا بووە، ئەمەش بووەتە سەرەتای کاروانێک، کە کایا دەگەیەنێتە لووتکەی ناوبانگ لە دنیای هونەردا، لە تەمەنی نۆ ساڵیدا لە کارگەکەی باوکی دەستی بە گۆرانیبێژی کردووە و لە شەوی جەژنی کرێکاراندا گۆرانی بۆ کرێکارەکانی دیکە وتووە.

دوای ئەوەی گەورەتر بووە، کایا دەچوو بۆ خوێندنگە و کاتەکانی تریش لە فرۆشگەیەکی فرۆشتنی کاسێتدا کاری دەکرد، ئیشکردن لەو فرۆشگایەدا وای لە کایا کرد کە بە شێوەیەکی باشتر شارەزای مۆسیقا و ئاوازدانان بێت.

بەهۆی خراپی بار و گوزەرانی کوردەوە لە ساڵانی ۷۰کانی سەدەی ڕابردوودا لە باکوری کوردستان، خانەوادەی ئەحمەد کایا بەناچاریی ڕوو لە ئیستەنبوڵ دەکەن، کایا بۆ دابینکردنی بژێویی خێزانەکەی پێش ئەوەی وەک گۆرانیبێژ دەرکەوێت، ماوەیەک لە ئیستەنبوڵ شۆفێری تەکسی بووە، هەروەها لەگەڵ دۆستێکی بەناوی بەشار ئابی کاری شۆفێری پاسیشی کردووە.



کایا لە منداڵییەوە ڕۆحێکی یاخی هەبووە و هەندێک جار لەگەڵ یاسا تووشی کێشە بووە، هەر لەو کاتەوەی لە ١٦ ساڵیدا لەسەر چاپکردنی لافیتەی نایاسایی دەستگیرکرا، لەگەڵ هاوڕێکانیدا بەردەوام بوو لە مۆسیقا و گۆرانی لە «یانەی زانستەکانی خەڵک» کە وای کرد کایا زیاتر برەو بدا بە گیانە یاخییەکەی، ئەمەش دواتر لە زۆربەی ئەلبوم و گۆرانییەکانی کایادا ڕەنگ دەداتەوە و ڕووداوەکانی دیکەی ژیانی کایاش بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

لەیەکەم هەوڵیشیدا بۆ دەرکەوتن، دوای کۆنسێرتێکی سازژەنی بەناوبانگ بە ناوی «ڕووحی سوو»، چووە زانکۆی «بۆغاز ئیچی» و داوای لە ڕووحی کرد کە گوێ لە سازژەنینەکەی بگرێ، دوای ئەوەی داواکارییەکەی قبووڵ کرد، ڕووحی لە نیوەی ژەنینەکەی کایادا سازەکەی لەدەست وەرگرت و پێی وت «ساز نابێ بە شێوەیەک بژەنرێ وەک ئەوەی سواری ئەسپ بی، بەڵکو دەبێت بە نەرمی بیژەنی.» کایا لەسەر شێوازی ژەنینەکەی خۆی سوور بوو.

کایا دووجار ژیانی هاوسەرگیریی پێکهێناوە، یەکەم جار ساڵی ١٩٨٢ لەگەڵ ژنێکی گەنج بەناوی ئەمینە هاوسەرگیریی دەکەن و بەرهەمی پێکەوەبوونیان کچێک دەبێت، بەڵام دواتر لەیەک جیادەبنەوە، دواتر لەگەڵ ژنە شاعیر گوڵتان کایا هاوسەرگیریی دەکەن.



لە ساڵی ١٩٨٥ ئەحمەد کایا یەکەم ئەلبوومی بەناوی "مەگری کۆرپەکەم" بڵاوکردەوە، بەڵام هەرزووی نۆبەرەکەی کایا ڕووبەڕووی ڕق و تووڕەیی دەسەڵاتدارانی تورکیا دەبێتەوە و قەدەغە دەکرێت.

لە ١٠ی شوباتی ١٩٩٩ کایا بووە براوەی خەڵاتێکی ڕێکخراوی ڕۆژنامەنوسانی چاپی تابلۆی، کاتێک خەلاتی باشترین گۆرانیبێژی ساڵی لە مەراسیمەکەدا وەردەگرت، وتی"من گۆرانییەکی کوردیم لەناو ئەلبومە تازەکەم داناوە، چونکە من بە ڕەسەن کوردم، گومانم نییە چەندین دەزگای ڕاگەیاندنی بوێر هەن کە ئەلبومە تازەکەم بڵاوبکەنەوە"، دوای تەواو بوونی قسەکانی، چەندین هونەرمەندی تورک هێرشیان کردە سەری و هاواریان کرد: خاین! بڕۆ دەرێ.

دادگای ئاسایشی نیشتمانی تورکیا لە ٣٠ ی نیسانی ١٩٩٩ تۆمەتی خەیانەتی نیشتمانیی دایە پاڵ ئەحمەد کایا و لە هەموو لایەکی تورکیاوە تورکە توندڕەوەکان هێرشیان کردە سەری، لەو ماوەیەدا، ئەحمەد کایا چووە ئەوروپا، دادگای ئاسایشی نیشتمانی تورکیا لە دوا دانیشتنیدا، بەبێ ئامادەبوونی کایا، سزای ١٢ ساڵ زیندانی بۆ دەرکرد.



ساڵی ٢٠٠٠ ئەحمەد کایا بەیەکجاریی ڕووی لە فەرەنسا کرد، بەڵام تاراوگە نەیتوانی برینەکانی ئەو سارێژ بکات، لە چاوپێکەوتنێکدا لەبارەی غەریبیی خۆیەوە بە چاوی فرمێسک تێدا قەتیزماودا، دەڵێت: هاوین بێت و زستان بێت شەوانە زۆر سەرمام دەبێت، لەبەر ئەوە نییە کە گەرمکەرەوە نییە، بەڵکو یەک هۆکار هەیە، ئەویش لەبەر دووری وڵاتە سەرمام دەبێت، کۆتایی تەختی ئەم سیناریۆیە بە کەوالیسێکی کوشندە دادەپۆشرێت، ڕۆژێک دێت هەر دەگەڕێینەوە.

ئەحمەد کایا لە ساڵی ٢٠٠٠دا لە فەرەنسا کۆنسێرتێکی گەورەی سازکرد، کە نزیکەی ملیۆنێک کەس بەشدارییان تێداکرد و لەو کۆنسێرتێەدا بۆ یەکەم جار گۆرانییەکی بەناوی وەڵاهی بیری ئاپۆ دەکەین چڕی، ژیان لە غەریبی زۆری نەخایاند و لە ڕۆژی ١٦ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٠ لە فەرەنسا کۆچی دواییکرد و لە تەنیشت گۆڕی سینەماکاری بەناوبانگی کورد



سەرچاوە
Serchawe

یەڵماز گۆنایەوە ئەسپەردەی خاککرا.




لەماوەی ژیانی هونەریدا ئەحمەد کایا ١٧ ئەلبوومی بڵاوکردووەتەوە، دوای خۆشی "گوڵتەن"ی هاوسەری ئەلبوومە تەواو نەکراوەکەی بەناوی "گوێ بگرە وڵاتە خۆشەویستەکەم" بڵاوکردەوە، چەن ئەلبوومێکی دیکەشی دوای خۆی بڵاوکرانەوە.

س.ح

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژی نیوز - ڕێکەوتی: ٢٤ی فێبریوێری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

# نامەیەکی ئەلیف شەفەق بۆ ئەحمەد کایا



محەمەد عەطا

وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی

دەقی نامەکە:

تۆ منت نەدەناسی. نە لە یەک شاردا هاتبووینە دونیاوە و نە لە قوتابخانەیەکدا پێکەوە خوێندبوومان، نە بە یەک زمانیش یەکەمین لایلایە و حیکایەتەکانمان بیستبوو. خێزانەکەی ئێوە زۆر بوون، خوشک و برای زۆرت هەبوون، لە کاتێکدا من بەتەنها دایکێکی بێوەژن و داپیرەیەکم هەبوو. باوکی تۆ کرێکاری کارگەیەکی قوماش بوو، باوکی من مامۆستای زانکۆ بوو، گەرچی زۆرم نەدیبوو. تۆ لەگەڵ هەژاری و نەداریدا گەورە بوویت، بەڵام ئازارەکەی من جۆرێکی تر بوو؛ ئازارێکی پەنهان بوو. زمانەکەی تۆ قەدەغە بوو، لەکاتێکدا من هیچ کێشەیەکم لەگەڵ ئەو وشە و پەیڤانەدا نەبوو کە بەکارم دەهێنان.

ساڵانێک بەسەر ڕووداوەکەی دوانزدەی سێپتەمبەردا تێپەڕیبوو. تانکەکان بەسەر خاکی ئەم نیشتمانەدا گوزەریان کردبوو.

نەمدەزانی، نەماندەزانی ، لەودیو شیشە ئاسنینەکانی زیندانەوە چی ڕوودەدات. چ بەلایەکیان بەسەر نەیارە چەپ یا ڕاستەکاندا دەهێنا. ئەشکەنجەدانەکان چۆن ڕوویان دا، هاونیشتمانان هیچیان سەبارەت بەمە نەدەزانی. دراوسێکەمان، پووره حیکمەت، دڵی خۆش بوو بەوەی هەراوزەنا لە کۆڵان و شەقامەکاندا نەمابوو و چالاکییە ئەنارشیستەکان کۆتاییان هاتبوو. هەر کە کەنعان ئاڤرەن لە شاشەی تەلەڤزیۆنەوە دەرکەوت، ڕەزای بەقاڵ سڵاوی لێ کرد. من بە ماوەیەک دوای ئەوە، تورکیام جێهێشت، بە مەبەستی خوێندن چووم بۆ دەرەوەی تورکیا. هەندێ کەس پێیان وایە من زۆر درەنگ تۆم ناسی، بەڵام ئەگەر لە خۆم بپرسن، ئەوا دەڵێم ڕێک لە کاتی خۆیدا تۆم ناسی. خوێندکاری زانکۆ بووم، ڕۆژێکیان دەمەدەمی زەردەپەڕ بوو، بە ڕێکەوت گوێم بۆ گۆرانییەک شل کردبوو، سەرەتا بەلامەوە نامۆ نەبوو، ڕاستت بوێت، زۆر پیاوانە هاتە گوێم. بۆ منێک کە سەودای تایبەتمەندیی پیاوانەم لە ژناندا و هیی ژنانەم لە پیاواندا، تۆ دڵنیا بوویت لەوەی کێ لەسەر هەقە و کێ لەسەر هەق نییە. وەلێ من لە پەنای ئەو کەسانەدا زیاتر هەستم بە ئاسوودەیی دەکرد کە مێشکیان شپرزە بوو و نیگەران بوون.

تۆ باست لە قارەمان دەکرد، بەڵام من هەڵوەدای کۆمەڵگایەک بووم پێویستی بە قارەمان نەبێت، وەکو برتۆڵت برێشتیش دەڵێت:" هیچ بە هاوڕێ مەڵێ و مەبەرە هۆی شپرزەیی مێشکم" ئەوە حاڵەتێکی زبر و مەردانەی هەبوو لای من. ئەو جەختەی تۆ لەو دێڕەتدا "بەبێ چرپنی سروود، مەرگ شایستەی ئێمە نییە" دەیکەیتەوە، منی لە تۆ دوور خستەوە. وەختێ دەتوت:" ئەی ئەڤینی ڕەسەنم"، لە وشەی ئەڤینەکە دەگەیشتم، بەڵام سەرم لە "ڕەسەن"ەکە دەرنەدەکرد. کێشەم لەگەڵ ئەو وەسفانەدا هەبوو کە بەکارت دەهێنان. لێ گوێم بۆ وشەکانت شل کرد، گوێم لە بانگەوازەکەت بوو، پاشان گوێم لە گۆرانییەکەت گرت، دوای ئەویش گۆرانییەکی تر و... کاتێک چاوم هەڵهێنا، سەیرم کرد بە کونجکاوییەوە گوێ بۆ گۆرانییەکانت هەڵدەخەم.

کەمێک لە یەک جیاواز بووین، تۆ حەزت لە ڕاکی و پاستورمە بوو، لێ من زۆر حەزم لێیان نەبوو. ئەگەر خوانێک من و تۆی پێکەوە کۆبکردایەتەوە، لەوانە بوو گاڵتەت بە خۆراکەکانم بهاتایە، یان منت بە "کەیبانوو" یان "ئاشپەزێکی فەرەنگی"بزانیایە. منیش هەندێجار خۆشیم لە ڕەفتارت دەهات و ئیرەییم پێت دەبرد؛ بە تۆیەک کە هەمیشە لەسەر هەق بوویت.

وەلێ تۆ بە شێوەیەکی سەیر دڵ بەئازار بوویت و نەدەکرا ئەوە هەست پێ نەکرێ. لەژێر ئەو جلانەی بەرتەوە، مناڵێک خۆی حەشار دابوو. مرۆڤێک بوویت سەرشار لە خەم، بە دەرد و ژان ئاشنا بوویت، تۆ لە کەس نەدەچوویت. تۆ تاقانە بوویت و پیاو بوویت، سەرڕاست بوویت و قسەی دڵی خۆت دەکرد. لەو قسەیەتدا کە جارێکیان کردبووت: "نە دیاربەکر لە

من تێگەیشت و نە تۆ، بەڵام من هەردووکتانم خۆش ویست" درکێک هەبوو کە چەقییە ناو دڵم.

وێڕای هەموو ئەمانەش، کەچی هەر ژیانت خۆش دەویست، بە ویژدان بوویت، باوەڕت بە مرۆڤدۆستی هەبوو، ئەگەر دراوسێکەت برسی بووایە، نەتدەتوانی بە سکی تێرەوە سەر بخەیتە سەر سەرین. ئەگەر خوێن لە پەنجەی کەسێک بهاتایە، تۆ ئازارت پێ دەگەیشت. خۆت دەخستە ژێر باری کاری وەهاوە، کە پەیوەندیی بە تۆوە نەبوو. چونکە بەرگەی ستەم و ناعەدالەتیت نەدەگرت. هەر بۆیە هەرگیز لەگەڵ ئەو قسەیەدا تەبا نەبوویت، کە دەڵێت:"هەر کەسە هەقی بەسەر کاری خۆیەوە هەیە". ئاوازی دەنگت لە دڵمدا دەنیشت. ئەوەم بەلاوە گرنگ نەبوو کە هەندێجار لەگەڵ قسەکانتدا نەبووم. تۆ "پیاوی باران و زریان" بوویت. تۆ هێندەی وتنی "من بۆ شەڕی دونیا دەچم" سەرچڵ بوویت. من لە تۆوە فێر بووم بڵێم "نووری چاوم".


ساڵانێک تێپەڕین. بۆ ساتێک لە تەلەڤزیۆندا دەنگی "هووها" و هەڵدانی چەقۆ و چەتاڵ و دروشم وتنەوە... چ شتێک ببووە هۆی ئەو هەموو نارەزایی و توندوتیژییە؟! چی دەبوو گەر ڤیدیۆیەکت بە زمانی کوردی تۆمار بکردایە؟ دەتوت باهۆزێک هەڵیکردبوو، ئەقڵ کۆچی کردبوو. نۆرەی توندوتیژی بوو. تۆ بە خاکەکەی خۆتەوە وابەستە بوویت. گەرچی دەتوت:"شەو من دەناسێ، هەندێجار دەمێنمەوە و هەندێجار دەڕۆم". کەچی هەر مانەوەت هەڵبژارد.

هەست دەکەم هەموو خوو و خدەکانت لایەنێکی مرۆییان هەبوو. هاوڕێیەتییەکانی جاران، سفرە ئاشناکان، هەستکردن بۆ بەردەوامی. دیارە مردن لە مەنفادا مایەی ئازار بووە بۆ دڵت. ئاخر بۆچی ئەو وڵاتەی کە تا ئەو ڕادەیە خۆشت ویست، هێندە ئازاری دایت؟! سەیر لەوەدایە کەس وەڵامی ئەم پرسیارە نازانێت.

ئێستا نازانم لەو سەرەوە چۆن ئێمە دەبینیت؟ بەڵام هەواڵەکانمان زۆر دڵخۆشکەر نین. تەنانەت لەو تۆزە دیمۆکراسییەش کە بەدەستمان هێنابوو، پاشەکشێمان کردووە، بە خێراییەکی زۆریش. ئەوەتانێ دووبارە ڕەوایەتی بە سزای لە سێدارەدان دراوەتەوە. تۆیەک وتبووت:"ئەی باڵندەکان، بەرەو زێدی من لە شەقەی باڵ بدەن، ئەوەتانێ لەسەر چیاکانم گوڵە ئەرخەوان شکۆفەیان کردووە". گوڵە ئەرخەوان نا، ئێستا هەرا و پێکدادانێکی سەیرە. دیمۆکراسییەکەمان بەرەوە نابووتی دەڕوات. بۆچی ناتوانین ببینە وڵاتێک، کە ژیان پیرۆز ڕابگرێت و تازە ناشتوانین ببین؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی زەمەن - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٣

# ئەحمەد کایا دیموکراتی ماندو



**وەرگێرانی لە فارسیەوە؛ ئازاد نجم**

ئەحمەد کایا دیموکرات و ئازادیخواز، هونەرمەندی پرفرۆشترین کاسێت لە مێژوی تورکیا بە یەکێک لە داڕێژەرانی سەبکی موزیکی (پرۆتێست)، لەمێژوی تورکیا دێتەئەژما ر. هونەرمەندی بەناوبانگ ئەحمەدکایا لەساڵی (١٩٥٧) لە شاری مەلاتیە هاتۆتە دنیاوە.پێنجەمین و دوا هەمین منداڵی خێزانەکەیان بو، لەتەمەنی منداڵیەوە ئاشنایەتیی لەگەڵ سازیباغلەمە پەیدا کرد. یەکێک لەگۆرانیەکانی سەردەمی منداڵی کایا ، گۆرانیەک بو کەبۆ برا گەورەکەی (یاشار) داینابو کەشیعرێکی لەم شێوەیەی هەبو: ڤولکس واگۆنیک دەکرم نێوی لێ دەنێم یاشار...

لە تەمەنیی هەرزەکاریدا بەهۆی هەل ومەرجی سەختیی ژیانی خێزانەکەیانەوە، ناچار بون مەلاتیە جێبێڵن و ڕوبکەنە ئەستانبول. باوکی پێشتر لەمەلاتیە لە کارخانەیەکی ڕستن و چنیندا کاری دەکرد، لەئەستانبوڵ بەشۆرینی ئۆتۆمبێل، گوزەرانی خێزانەکەی بەڕێوە دەبرد.

کایا، بۆخۆی لەبارەی ئەو ڕۆژانەوە دەڵێ: ڕۆژانە کە لە قوتابخانە دەگەڕامەوە ماڵێ دەمبینی باوکم سەرگەرمی شۆرینی ئۆتۆمبێلە، زۆر نیگەران دەبوم و لە دڵی خۆمدا دەمگوت کاتێ گەورەبوم پێشانگایەک بۆباوکم دەکرم تا بۆخۆی سەربەست بێت و کەس فەرمانی بەسەر دا نەکا.

بەڵام ئەم ئارەزووەی کایا، لە خەونێک زیاتر نەبو، چونکە هێندەی نەبرد باوکە بەمەرگی خۆی کایا و خێزانەکەی جێهێشت و کایاش کەبچوکترین ئەندامی خێزانەکەی بو، لەهەلومەرجێکی زور سەخت و دژواردا دەژیا. بۆخۆی لەم بارەیەوە دەڵێ: ئەو ڕۆژانە تەنانەت بۆ پارەی کرێ پاسیش داددمام.

سەردەمی لاوێتی کایا، هاودەم بو لەگەڵ کودەتا سەربازیەکەی (کنعان ئیڤرن) کەشەپۆلێکی توندی سەرکوت و خەفەقان، کەش و هەوای سیاسی تورکیای گرتبۆوە.

ئەلبومی یەکەمی، بەتوندی دژی ئەو هەل و مەرجەزاڵە بو کەسایەی بەسەر کەش و هەوای تورکیادا کردبو. بەگوتەی خۆی هیچ ئومێدێکی بەوە نەبو کە لەلایەن خەڵکەوە پێشوازی لێ بکرێت و تەنیا مەبەستی ئەوە بوە دەنگی نارەزایەتی خۆی بەدژی هەل و مەرجی زاڵ، لەڕێگەی گۆرانیەکانیەوە ڕابگەیەنێت، کەسەرەتا هیچ کام لە کۆمپانیاکان و ناوەندەکانی بڵاو کردنەوە ، ئامادە نابن سەرمایەی خۆیان لەبەرهەمێکدا بخەنەگەڕ کەنازانن ئەو گۆرانیانە سەر بە چ سە بک و شێوازێکن. سەرەنجام لەساڵی ١٩٨٥ بەیارمەتی هاوڕێکانی ئەلبومێکی گۆرانیەکانی بەنێوی (مەگری مناڵەکە) بڵاو کردەوە. چەند ڕۆژ دوای بڵاو بونەوەی ئەلبومەکەی، کارمەندانی ئاسایشی تورکی، بەبیانوی بونی چەند گۆرانیەکی سیاسی لەئەلبومەکەیدا کەوتنە کۆکردنەوەی کاسێتەکانی لەبازاڕەکاندا. سەرەنجام دوای نارەزایەتیەکی زۆر، فرۆشتنی کاسێتەکانی ئازاد کران. هەر ئەم کار و کاردانەوەیەش بوە هۆکاری زیاتر ناساندنی کایا لەلای خەڵکی و لەگەڵ پێشوازیەکی تاڕادەیەک باش، بەرەو ڕو بۆوە، ئەمەش بوە دڵگەرمیەکی زیاتر بۆی. لێرە بەدواوە، کایا بوە دەنگی نارازی چینی چەوساوەی کۆمەڵگا و کوردە ماف خوراوەکان. گورانی و سرودی کردە چەکێک بە دژی سیاسەتی نابەرابەری و چەوسانەوەو کپکردنی دەنگی کوردەکان. بەگۆرانیەکانی دوژمنانی ئازادی ئازار دەدا. لەم ڕێگایەشدا چەندین جار دەسگیر و زیندانی دەکرێت و لێی دەپێچرێتەوە و ئەلبومەکانی ڕادەگیرین و کۆنسێرتەکانی لێ هەڵدەوەشێننەوە. جارێک لە بەرنامەیەکی تەلەفزیونیدا گوتی:

**من ناترسێم من کفنی خۆمم هەمیشە لە گەڵ خۆمدا هەڵگرتوە، هەمیشە بە سەر لێواری کەندەڵانێکدا ڕێ دەکەم، هەردەم ئامادەی مەرگم لە پێناوی ئازادیدا.**

ئەو جارانەش کەحکومەت مۆڵەتی ساز کردنی کۆنسێرتی دەداتێ، لەسەرانسەری وڵاتدا لە گەڵ پێشوازی بێوینەی خەڵکیدا

بەرەو ڕوو دەبێتەوە. زۆر جاران بەپێخواسی لە سەر شانۆ دەبینرێ و هەردو پەنجەکانی بەنیشانەی سەرکەوتن هەڵدەبرێ. لەگۆرانیەکانیدا زۆرجۆر ستایل بەکار دێنێ. لەموزیکی فۆلکلۆری و ناوچەییەوە بگرە تا ڕاپ و ڕۆک. کە لەهەمویاندا سەرکەوتوو بو ..جگە لەکارەکانی خۆی، سودی لەشیعر و گۆرانیەکانی کەسانی ناسراوی وەک؛ **(نازم حیکمەت، ئورهان ولی ، ئەحمەدعارف، ئەنوەرگوکچە، حسن حسینی گیل، ئاتیلا ئیلهان، نواز چلیک، ئوولکو تامیر، یوسف هایال ئوغلو و، جان یوجل، علی جینار، ئورهان کوتان و هاوسەری وەفاداری (گولتەن کایا)**، وەرگرتوە. ئەلبومەکانی لەریزی باشترین ئەلبومەکانی ساڵدا جێدەگرن. هەرگۆرانیەک کە دەیچڕێ ڕوداوێک و کێشەیەک بە دوای خۆیدا دێنێ. لە دادگاکاندا داوای لەسەر تومار دەکەن. بۆخۆی لەم بارەیەوە دەڵێ: ناو نیشانی دووەمی من، فەرمانگەی ئەمنیەت و ئاسایشی تورکیایە. لەگەڵ هەمو ئەم گیر گرفتانەی کە بۆیان ساز دەکرد، لەو ماوە کورتەی تەمەنی هونەری خۆیدا، توانی چەندین ئەلبوم بەرهەم بێنێ کە بریتین لە؛ **(مەگری مناڵەکە)، (دڵتەنگی بۆ غەمەکان)، (گۆرانی سپێدە)** - کە شیعرەکانی ئەم ئەلبومەی هی ئولکو تامر بون کە بەهۆی هەبونی فیکری سیاسی لەزینداندا چاوەروانی پەتی سێدارەی دەکرد - (ئەوساتە هەر دەگا)، (دیموکراتی ماندوو) کە دیموکراتی ماندو نێوی یەکێک لە گۆرانیەکانی نێو ئەم ئەلبومەی بو و دواتر لەمەوە نازناوی دیموکراتی ماندوو بەکایاوە لکا .**(هەڵدەستینەسەرپێ)، (بەختیار)، (دیواری عەشق)،(ڕیستالەکان)، (گرفتاری بەڵا بوم (بمدۆزەوە)، (ئەستێرەومانگەشەو)، (بەرامبەردوست ودوژمن)، (ماڵاوایی)، (لێم نزیک مەکەوەگەرنادەسوتێی)، (گۆرانیەکانم بۆ کێوەکان)**.

سەرەنجام حکومەتی تورکیا ناچار دەبێ شتێکی جارسکەر بەنێوی ئەحمەد کایا و گۆرانیەکانی، کە زۆربەیان زوڵم و ستەم و بێدادیان ڕیسوا دەکرد، قبوڵ بکا.

ئامادە بونی کایا، لەهەر بەرنامەیەکی تەلەفیزێونیدا بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ئاماری بینەرانی دەبردە سەرێ، چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ هەر ڕۆژنامەیەکدا، بەڕێژەیەکی بەرچاو ڕێژەی فرۆشتنی ئەو ڕۆژنامەیەی زیاد دەکرد. لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا کۆنسێرت و ئاهەنگ ساز دەکات و لەسەر هەمان ئەو ئامانج و ڕێگایەی کە لەسە رەتاوە باوەڕی پێی هەبوو، درێژەی بە کارەکانی دەدا. لەماوەی ئەوچەند ساڵەدا چەندین خەڵاتی ڤیستیڤالەکانی ناوخۆ و دەرەوەی وەرگرتبو. تاوەکو سەرەنجام لە ئەلبومی (گۆرانیەکانم بۆ کێوەکان)، کە لەساڵی ١٩٩٤ دا ڕیکوردی پڕ فرۆشترین ئەلبومی سەدەی تورکیا دەشکێنی و زیاتر لە١٥٠٠٠٠٠ لێ دەفروشرێ. دواتریش لەساڵی ١٩٩٨ دا خەڵاتی یەکەمی باشترینەکانی ساڵ بەهۆی ئەلبومی (ڕوبەڕو لە گەڵ دۆست و دوژمن) لەلایەن (ئەنجومەنی ڕۆژنامەنوسان) وە وەردەگرێ، کە گۆرانی (گیدەریم) دەڕۆم، لەو ئەلبومەیدا دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبو.

لەو ڤیستیڤاڵەشدا ڕایدەگەیەنێت کەئەو بە رەگ و ریشە کوردە و هەر بەوهۆیەشەوە لەئەلبومە تازەکەشیدا گۆرانیەکی



سەرچاوە Serchawe

کوردی بەناوی (کاروان)، ئامادەکردو و زۆر کومپانیای موزیکیش هەن کە ئامادەن بۆی بڵاو بکەنەوە. وەهەروەها دەڵێ لە نێو تورکیاشدا شتێک هەیە ناوی کوردوستانە و منیش لەگوتنی ئەم قسانەم بەو کەسانەی کە نایانەوێ ڕاستیە کان ببینن، هەرگیز ماندو نابم،

دواتریش ڕەخنەی لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن گرت کەکلیپەکانی پەخش ناکەن دەبێ لەم بارەیەوە وەڵامی خەڵکی بدەنەوە. .

**ئەم قسانەی ئەحمەد کایا، بونە هۆی توڕەبونی ناسیۆنالیستە توندڕەوەکانی نێو هۆڵی ڤیستیڤالەکە.**

دوا بە دوای قسەکانی کایا، نۆرەی سەردار ئارتاج بو کەئەویش خەڵاتی پەپولەی زێڕینی ڤیستیڤاڵەکەی وەرگرتبو. سەردار دوای وەرگرتنی خەڵاتەکە بەرەو سەکۆکە وەڕێکەوت وەک وەڵامێک بۆ قسەکانی ئەحمەد کایا دەستی کرد بەخوێندنەوەی چەند شیعرێک کە هەموی ستایش و پیاهەڵدان بو بەسەر ئەتاتورکدا. ڕوون بو کە ئەو شیعرانەی لە دژی قسەکانی کایا خوێندەوە. دوای ئەوەش کەوتە گوتنی مارشی سەربازی دەوڵەتی تورکیا. بەم کارەشی کەش و هەوای نێو هۆڵی مەراسیمەکەی لە دژی ئەحمەد کایا گۆڕی. لەم نێوەدا هێندێک لە هونەرمەندانی تورک کە ئامادەی مەراسیمەکە بون، دەستیان کرد بە هوتاف کیشان: (خائین برۆ گوم بە). پاشان هێرشیان بردە سەر کایا. لەو کاتەدا کایا زۆر تەنیا بو، تاکە پشتیوانیی گوڵتەنی هاوسەری و ئازادی بون. بەڕونی دیار بو کە پیلانێکی لە پێشدا نەخشە بۆکیشراو لە ئارادایە. سەرەنجام پۆلیس کایای لەدەستی هێرشبەران ڕزگار کرد و لە گەڵ هاوسەرەکەیدا بەدڵێکی پڕ خەم و بەچاوێکی پڕ لەگریانەوە بەسواری تاکسیەک گەڕانەوە ماڵێ. ڕۆژی دواتر هێرشی ڕوژنامەکان لەدژی کایا دەستیان پێکرد. ڕۆژنامەی (حوریەت) نوسیبوی: (ئەی بێشەرەف ئەم کارەت ڕەوا نەبو). کە ڕۆڵێکی زۆرخراپی گێرا لەروی هاندان و ژەهراویتر کردنی ڕقی ناسیونالیستە تورکەکان بەرامبەر بە کایا. دادگای ئەمنیەتی نەتەوەیی تورکیا فەرمانی دەسگیر کردنی کایای بە هۆی ڕوداوەکەی ئەو شەوەو تومەتی چەندین ساڵ پێشتری دەرکرد و لەژێر بارانێکی بەخوڕدا کاتژمێر چواری بەیانی، کایایان لەماڵ دەرکرد و گرتیان. بەڵام دوای چەند کاتژمێرێک پارێزەرەکانی بە کەفالەت ئازادیان کرد. دادگا بڕیاری دا لە ٣٠ نیسانی ١٩٩٩ لە دادگا ئامادە بێت. ڕوون و ئاشکرا بو کەدادگا بەدوای بیانویەکدا دەگەڕا تا کایای پێ تاوانبار بکات و ئەو تۆمەتانەش کە بریار بو کایای لەسەر دادگایی بکەن، بریتی بون لە سازکردنی کونسێرتێک لە ساڵی ١٩٩٣ بە مەبەستی پشتیوانی کردن لە پ.ک.ک، گوتنی گۆرانی بە زمانی کوردی، بەرز کردنەوەی دو پەنجە بە نیشانەی سەرکەوتن. ئەحمەد کایا لە ڕۆژی دیاریکراودا لەبەردەم دادگادا ئامادە دەبێت. دانیشتنی دادگاش ڕاستەوخۆ لە تەلەفیزیۆنەکانەوە پەخش دەکرێت. خەڵک بەرگرینامەکەی ئەویان گوێ لێ دەبێ، بەڵام ئەمجارە گۆرانی ناڵێ، بە ڵکو قسەکانی بەوێنەی شەپۆلەکانی زەریا، جار جار ئارام و جار جار دەخرۆشین و هەمو شتێک پێکدادەدەن لەبەشێکی بەرگرینامەکەیدا دەڵێ: لە

ساڵی ۱۹۸۵ وە گۆرانی دەڵێم، هاوسەر و دو کچی تەمەن ۱۲ و ۱۷ساڵم هەیە، سەدان گۆرانیم هەیە کۆنسێرت و ئاهەنگم لەزۆر وڵاتان ساز کردوە ۱۷ ئەلبومم هەیە کە بەملیونان دانەیان لێ فروشراوە، چەندین جار لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بە باشترین هونەرمەندی ساڵ دەستنیشان کراوم ٤٢ ساڵە لە تورکیا دادەنیشم، بەتورکی بیرم کردۆتەوە، بەتورکی نوسیومە بەتورکی گۆرانیم گوتوە، من موزیککارم خۆم بەهیچ شوێنیک لەسەر نەخشەی ئەم جیهانەوە نابەستمەوە، هاوڵاتیەکی ئەم جیهانەم، هەست و نەست و نرخی مرۆڤ لای من گرنگن، نەک هۆز و بنەماڵەو نەتەوە و زمانێکی دیاریکراو. دڵم هێندە گەورەیە کەجێگای پێشوازی لە شتە جوانەکانی نێو فەرهەنگ و باوەڕ و گۆرانیەکانی هەموو دنیای تێدا دەبێتەوە. تۆمەتێکیان داوەتە پاڵم کە کە ژیانمی هەڵگێراوەتەوە، تۆمەتی خیانەت. بە کەسێکی ئاژاوەچی و غوڵامێکی ئەڵقە لە گوێی و بێ ئەدەب و بێ ئەقڵ و شێت وەسفیان کردوم. کە ئەمانە هیچیان لەهیچ وڵاتێکی پێشکەوتووی ئەم جیهانەدا، بە تاوان ناژمێردرێن. من لە ئەلبومە نوێیەکەمدا گۆرانیەکی کوردیم گوتوە، ئەویش بەو هۆیە سادەیەی کە کەسێکی کوردم، کە ئەو گورانیەم کلیپ کردوە و پێموایە لەنێوماندا کەسانێکی زۆر هەن کە حەز دەکەن ئەم بەرهەمە لە کەناڵەکانیانەوە پەخش بکەن، گەر ئەوەش نەکەن دەبێ گومان لە کورد بون و مرۆڤ بونیان بکرێت. ئایا ئەو کەسانەی کە تۆمەتی خیانەت دەدەنە پاڵم و بەم قسانەشیان هەست ونەستی هۆگرانی من دەبزوێنن و جیاوازی چینایەتی و نەتەوایەتی دروست دەکەن، کەمینە نین؟ ئەو ملیۆنان کەسەی کە گوێ لە گۆرانیەکانی من دەگرن، خەڵکی ئەم وڵاتە نین؟ ئەوساتە من لە هوڵەکە زۆر لەو قسانەتوڕە بوم کە دەیانگوت خائین بڕۆ دەرێ. چونکە ئەو کەسانە هەر کاتێک گوێیان لە وشەیەکی کوردی دەبێت، دەست دەکەن بە جنێو دان. هەر لێرەوە بەو کەسانە دەڵێم تا ئەوان هەقیقەتی بونی کورد قبوڵ نەکەن، منیش دوا جارم نابێت. بەباوەڕی من هەر ئەم جۆرە کەسانە بون کە دەستەواژەی برایەتییان لە نێوماندا سڕیەوە و بونە هۆکاری درزێک لە فەرهەنگی هاوبەشی وڵاتەکەمان. بەهێز ترین چەکی دەستی هونەمەندێک گۆرانیەکانیەتی. من لێناگەریم ئەم جۆرە لێکدانەوانە بۆ گۆرانیەکانم بکرێت. بیری لێ بکەنەوە! گەر هاتباو ڕامگەیاندبا گۆرانیەکی ئیتاڵی یان عەرەبی و ئینگلیزی دەڵێم، پێتان وابو ئەم هات و هاوەرەیان لە دژی من وەڕێخستبا ؟؟؟ من هەمیشە گۆرانی کۆمەڵایەتیم گوتوە، هەر شتێک لەوڵاتەکەمدا ڕویدابێت و لایەنێکی خراپەی هەبوبێت بە ئاشکرا ناڕەزایەتی خۆمم لە سەری دەربڕیوە. هەرکاتێکیش پێشکەوتن و گەشە کردنێکم بینیبێ، ڕای خۆمم لەسەر دەربڕیوە، دەبینن ئەمە لە گۆرانیەکانیشمدا ڕەنگی داوەتەوە و گورانیەکانیشم هەڵگری هەمان پەیامن. ئەم تۆمەتە هەوڵی هێندێک کەناڵە کە بەوردی تاوتوێی قسەکانم دەکەن تا درامایەکی تەلەفیزیۆنی لی ساز بکەن. ئەگەر من لە تەواوی کۆنسێرتە چەند هەزار کەسیەکانمدا، شتێکم گوتبو کە ببێتە هوکاری درز خستنە نێو خەڵکەوە، ئەوا دەمتوانی قبوڵی بکەم کە ئەم تومەتانەی بۆیان داتاشیوم ڕاستن... بەڵام وانیە. ئەگەر بێتو دەقی ڤیدیۆیی ڕوداوەکەی ئەو شەوە، بە بیر و هزرێکی ڕۆشنەوە، سەیربکرێ و هەڵسەنگێنرێ، دەردەکەوێ کە ئەمە پیلانە و ئەم تۆمەتانە، بنەمایەکی دروستیان نیە. لەمێشکی خۆتاندا بەرجەستەی بکەن، ئەگەر هونەرمەندێک لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا ڕایگەیاندبا ئیدی لەمەولا گۆرانی بەشێوەی بلوز یان جاز دەڵێ وەک من دوچاری ئەم چارەنوسە

دەبۆوە؟ پێیان دەگوت جیاوازی لەنێو خەڵکدا دروست دەکەیت؟ موزیک زمانێکی جیهانیە، هیچ گۆرانیەک ناتوانێ خەڵکی جیهان لێک دابڕێ و درز و کەلێن لە نێوانیان دا دروست بکات. ئەگەر ئەو کەسانەی ئەو شەوە ساتێک بۆ ویجدانیان بگەڕێنەوە و دەست لەدابەش کردنی مرۆڤەکان بۆ ئیمە و ئەوان، هەڵگرن، ئەوا بە دڵنیاییەوە کۆمەڵگایەکی دروست و پێشکەوتوترمان دەبێت.

هەروەها کایا لە وەڵام بە تۆمەتی بە رزکردنەوەی پەنجەکانی بە نیشانەی سەرکەوتن دەڵێ: ئەم تۆمەتە ڕەت دەکەمەوە هونەرمەندان لە هەمو شوێنیکی ئەم دنیایەدا سەبک و شێوازی تایبەت بە خۆیان هەیە هەریەک بە شێوازیک خۆشحاڵی خۆی دەردەبڕێت منیش لەکۆنسێرتەکانمدا ئەو  کارە بەنیشانەی سەرکەوتنی خۆم و بەخێرهاتنی ئامادەبوانی کۆنسێرتەکانم دەکەم. کە ئەمە بۆتە یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی من. کە ئێستا لە دنیاشدا بۆتە نیشانەی دەربڕینی خۆشحاڵی زۆرێک لە یاریزانانی وەرزش و هونەرمەندان. ئەم نیشانەی حەوتە، جگە لە دەربڕینی هەستی خۆشی و سەرکەوتن، نابێ لێکدانەوەیەکی تری بۆ بکرێت. هەروەها سەبارەت بە تۆمەتی پشتگیری کردن لەپ .ک.ک. گوتی:

تەنیا و تەنیا بە داهاتی ئەلبوم و کۆنسێرتەکانم بژێوی خۆم و ماڵ و منداڵەکانم دابین دەکەم. جگە لەمە دەرامەتێکی ترم نیە و ئەو قسانە بە درۆ دەخەمەوە. تەنانەت یەک (پەن) یم لە هیچ حیزب ڕێکخراوێک وەرگرتبێ. هەروەها کایا لەبەشێکی تری قسەکانیدا دەڵێت: بەڕای من نوسەرانی دەستور و یاسای تورکیا، دەبێ وەڵامی ئەم نوکتە گاڵتە جاڕیە بدەنەوە. دەبێ خەڵک بزانێت کە ئەوان چەندە دورن لە جیهانی ئەم سەردەمەوە. بۆ ئەوەی چیتر خەڵکی نیگەرانی دابەش بونی وڵاتەکەی نەبیت بەهۆی گورانیەکی کوردیەوە. دەبێت ئەم جۆرە تێڕوانینە بۆ هونەر و موزیک، لە بەین بچێت. دەبێ بواری هەناسەدان بهێڵنەوە بۆ هونەرمەندان. دواتر کایا گوتی: ئەگەر ڕاستیەکان ببینین ئەوا بە دڵنیاییەوە ژیانێکی باشتر و وڵاتیکی پێشکەوتوترمان دەبێت. لەوانەیە منیش لێرە بە دواوە گۆڕانکاری بەسەر گۆرانیەکانمدا بێنم بەڵام ئایا دەکرێ من بەو هەمو کۆت و پێوەندەوە هەست بە ئازادی بکەم؟ ئەم دادگایە بەم هەموو کەم و کوڕیانەیەوە کە تەواوی یاسا و ڕێساکانی ئەم سەردەمەی جیهانی بەهێند نەگرتوە. منیش لێرە بە دواوە ئەم وڵاتە جێدەهێلم کەتێیدا بە خائین و ئاژاوەچیم بزانن. ئەویش لەسەر بنەمای تێروانینێکی هەڵە لەبەرهەمیک ، کەچەندین ساڵ لەمەوبەر بەرهەمم هێناوە. دوای بەرگرینامەکەی کایا، بێدەنگییەکی قوڵ باڵ بەسەر دادگادا دەکێشێ. دوای ٥ خولەک دادگا دانیشتنی دواتری خۆی دوا دەخا بۆ ١٥ی ژوئەن.

### مەرگی پڕ لە گومانی کایا

کایا دوای چەند ڕۆژێک لەدادگایکردنی، بەمەبەستی زنجیرە کۆنسێرتێک بەرەو فەرەنسا وەرێدەکەوێ. دادگای ئەمنیەتی

میلی تورکیا لە دانیشتنی دواتریدا کە ئەحمەد کایا تێیدا ئامادە نابێت، بڕیاری ١٠ ساڵ زیندانی بۆ دەردەکات. بێئاگا لەوەی کە ئەم هونەرمەندە مەزنە ئیدی هەرگیز ناگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو خاکەی کە عیشق و خۆشەویستیەکی زۆری بۆی هەبوو. لە ڕێکەوتی ١٦ - ١١ - ١٩٩٩ تەرمی کایا لە ژوری میوانخانەیەک لەپاریس دەدۆزنەوە. هۆکاری مەرگی وی دەگەڕێننەوە بۆ جەڵدەی دڵ. بەڵام ئاشقانی ئاشتی و ئازادی و زۆرێک لە دیموگراتە بێدەنگراوەکانی جیهان دەزانن هۆکاری مەرگی کایا چی بو. تەرمەکەی لە گۆرستانی (پرلاشنز) لە پاریس بە خاک دەسپێرن هەزاران کیلۆ مەتر دور لەو خەڵکەی کەخۆشیدەویستن. لەم یەک دوساڵە ی دواییدا دەوڵەتی تورکیا هەوڵیدا تەرمەکەی بگەڕێنتەوە تورکیا بەڵام هاوسەرەکەی ڕەزامەندی نیشان نەداو گوتی: تورکیا شایستەی ئەوە نیە مرۆڤێکی مەزنی وەک کایا بگرێتەخۆ.

دوای مەرگی کایا بە هەوڵ و کۆششی هاوسەرەکەی، دو ئەلبوم لە گۆرانیەکانی بڵاو بونەوە بەنیوی (؟) (تۆش هێندێک بگری) دواتریش لە تورکیا ئەلبومیک بڵاو بۆوە بە ناوی (گوێ بگرە سەرزەمینی خوشەویستم) کە تێیدا ٢٠ کەس لەهونەرمەندە لاو و ناسراوەکانی تورکیا، ٢٠ گورانی ئەحمەد کایایان گوتبۆوە. مێژوی موزیکی تورکیا هەرگیز ئەحمەد کایا لەیاد ناکات بە هۆی ئەو کاریگەریەی کە لەسەر مێژوی سیاسی و هونەری ئەو وڵاتەدا داینا .. ئەمەش یەکێک لە گۆرانیەکانی کایایە بەناوی دەرۆم دەڕۆم

ئیدی لە گەڵ تۆدا ئارام ناگرم
ئێوارانێک ملی ڕێ دەگرم و دەڕۆم
ڕۆژی دوایی ئەمەت لە گەڵدا یەکلایی دەکەمەوە
دەستت لێ هەڵدەگرم و دەڕۆم
---
ئیدی هیچ خوت نیگەران مەکە
وەک ئاو بێدەنگ و ئارام و لە سەرخۆ
لە سەر نوکی پەنجەکانم شۆڕ دەبمەوەو دەڕۆم
---
شاد بژی لەمەودوا بێ من
نە جەستەم جێ دەمێنی نەجەفام
ئەمجار ئیدی گلەیت لی ناکەم
لە تورەیدا دانم بە سەریەکدا دەگرم و دەڕۆم
---
تۆ ڕەنجەکانی من لە نێو دەبەی
خۆم دوچاری کارەسات دەکەم و دەڕۆم
وەکو فیشەک وەک سەرەنێزە

کێو ئاسا دەتەقمەوە و دەڕۆم

---

ئەگەر هەمو شتێکیش لە دەست دەم
دوایی بەم عیشقە دێنم و دەڕۆم
ڕۆیشتنم ئارام و بێدەنگ نابێت
دەرگاکە پێک دادەدەم و دەڕۆم

---

ئەو گۆرانیەی بو تۆم چڕی
لە سازەکەمی دەکەمەوەو دەڕۆم
دەزانیت حەزم لە گریان نیە
ڕوخسارم دەشێوێنم و دەڕۆم

---

هەمووسەگ و باڵندەکانم
لە پارچەی گیانم دەکەمەوەو دەڕۆم
هەمو ئەو شتانەی لێم وەرگرتوی
دەیدەمەوە دەستت و دەڕۆم

---

لای تۆ خۆم ناکەم بە درک
بونم لە ئاگر هەڵدەکیشم و دەڕۆم
نیگەران مەبە نەفرەتت لێ ناکەم
تۆ لە میشکی خۆمدا خاڵی دەکەمەوەو دەڕۆم

nagmkaya@yahoo.com

سەرچاوە؛ دیوارها سخن نمیگویند - ترجمە یغما گلرویی - ایدین اقاخانی - نشرنگا

سەرچاوە: ماڵپەڕی چرا تیڤی - ڕێکەوتی: ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢



سەرچاوە Serchawe

## ئەحمەد کایا ٢٠ ساڵ پێش بە خاک سپێردرا بەڵام هێشتا لە دڵی کوردەکاندا زیندووە



### “ئەو بە ژیان و گۆرانیەکانی شۆڕشێکی دژ بە ستەم بەڕێوە برد”

ماوەی ٢٠ ساڵە ئێمە ئەحمەد کایامان لەدەستداوە، بەڵام ئێمە هێشتا ئەو ئێش و ئازارانە دەبینین کە ئەو بە ڕێگای گۆرانیەکانیەوە وەکوو تابلۆیەکی هونەری بێ هاوتا وێنای دەکردن. هەنووکەش گورنیەکانی کایا بە حەزو خولیاوە گوێیان بۆ رادەگیردرێت.

ماوەی ٢٠ ساڵە ئێمە ئەحمەد کایامان لەدەستداوە، ئەحمەد کایا کە بەهۆی جەڵتەی دڵەوە لە ١٦ی نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٠٠ دا لە پاریس گیانی بەخت کرد، لە گۆڕستانی Peré Lachaise (پیرلاشێز)ی پاریسدا بە خاک سپێردرا. نزیکەی ٣٥٠٠٠ کەس لە ڕێوڕەسمی ناشتنەکەیدا بەشدارییان کرد. ئێستاشی لەگەڵدا بێت گۆرانیەکانی ئەحمەد کایا زیندوون. کایا بە ژیان و گۆرانیەکانی شۆڕشێکی دژ بە ستەم بەڕێوە برد.

### کایا بەهۆی کوردایەتیەوە تووشی ستەم و نەفی کردن بوو

ئەو لە ٤٣ ساڵ تەمەنی خۆیدا هەر لە ئادیامانەوە هەتا پاریس لەناو ئێش و ئازارەکانی نەتەوەکەیدا ژیانی بەسەر برد. ئەو بەهۆی کوردایەتیەوە تووشی ستەم و نەفی کردن بوو هەربۆیە لەپێش چاوی گەلەکی گەورەو جێگای ڕێزە.

ئەحمەد کایا لە ٢٨ی ئۆکتۆبەری ١٩٥٧ لە مەلاتیا لە دایک بووە. کایا پێنجەم و دوا منداڵی خێزانەکەی بووە، باوکی بە ئەسڵ خەڵکی سەمسوور بووە و ڕۆیشتۆتە مەلەدی بۆ دۆزینەوەی کار، کاتێک کایا لەدایک بوو، باوکی لە کارگەیەکی دەوڵەتدا کاری کردووە، دایک و باوکی و هەر پێنج منداڵەکە لە خانوویەکی بچووکی کارگەکەدا ژیاون.

لە دوای ئەوەی باوکی سازێکی بۆ کڕی، ئەحمەد لە تەمەنی شەش ساڵییەوە سەرقاڵی مۆسیقا بووە، ئەمەش بووەتە سەرەتای کاروانێک، کە کایا دەگەیەنێتە لووتکەی ناوبانگ لە دنیای هونەردا، لە تەمەنی نۆ ساڵیدا لە کارگەکەی باوکی دەستی بە گۆرانیبێژی کردووە و لە شەوی جەژنی کرێکاراندا گۆرانی بۆ کرێکارەکانی دیکە وتووە.

دوای ئەوەی گەورەتر بووە، کایا دەچوو بۆ خوێندنگە و کاتەکانی تریش لە فرۆشگەیەکی فرۆشتنی کاسێتدا کاری دەکرد، ئیشکردن لەو فرۆشگایەدا وای لە کایا کرد کە بە شێوەیەکی باشتر شارەزای مۆسیقا و ئاوازدانان بێت.

بەهۆی خراپی بار و گوزەرانی کوردەوە لە ساڵانی ٧٠ کانی سەدەی ڕابردوودا لە باکوری کوردستان، خانەوادەی ئەحمەد کایا بەناچاریی ڕوو لە ئیستەنبوڵ دەکەن.

کایا لە منداڵییەوە ڕۆحێکی یاخی هەبووە و لەگەڵ هاوڕێکانیدا بەردەوام بووە لە مۆسیقا و گۆرانی لە «یانەی زانستەکانی خەڵک» کە وای کرد کایا زیاتر برەو بدا بە گیانە یاخییەکەی، ئەمەش دواتر لە زۆربەی ئەلبوم و گۆرانییەکانی کایادا ڕەنگ دەداتەوە و ڕووداوەکانی دیکەی ژیانی کایاش بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

لەیەکەم هەوڵیشیدا بۆ دەرکەوتن، دوای کۆنسێرتێکی سازژەنی بەناوبانگ بە ناوی «ڕووحی سوو»، چووە زانکۆی «بۆغاز ئیچی» و داوای لە ڕووحی کرد کە گوێ لە سازژەنینەکەی بگرێ، دوای ئەوەی داواکارییەکەی قبووڵ کرد، ڕووحی لە نیوەی ژەنینەکەی کایادا سازەکەی لەدەست وەرگرت و پێی وت «ساز نابێ بە شێوەیەک بژەنرێ وەک ئەوەی سواری ئەسپ بی، بەڵکو دەبێت بە نەرمی بیژەنی.» کایا لەسەر شێوازی ژەنینەکەی خۆی سوور بوو.

لە ساڵی ١٩٨٥ ئەحمەد کایا یەکەم ئەلبوومی بەناوی "مەگری کۆرپەکەم" بڵاوکردەوە، بەڵام هەرزووی نۆبەرەکەی کایا ڕووبەڕووی ڕق و تووڕەیی دەسەڵاتدارانی تورکیا دەبێتەوە و قەدەغە دەکرێت. لەماوەی ژیانی هونەریدا ئەحمەد کایا ١٧ ئەلبوومی بڵاوکردووەتەوە، دوای خۆشی "گوڵتەن"ی هاوسەری ئەلبوومە تەواو نەکراوەکەی بەناوی "گوێ بگرە وڵاتە خۆشەویستەکەم" بڵاوکردەوە، چەن ئەلبوومێکی دیکەشی دوای خۆی بڵاوکرانەوە.

کایا: "دەمهەوێ گۆرانی کوردی بڵێم و کلیپی بۆ بکەم، دڵنیام کەسانێک لەناو ئێوەدا هەن کە ئەو کلیپە بڵاو دەکەنەوە".
لە ١٠ی شوباتی ١٩٩٩ کایا بووە براوەی خەڵاتێکی رێکخراوی رۆژنامەنوسانی چاپی تابلۆی، کاتێک خەلاتی باشترین گۆرانیبێژی ساڵی لە مەراسیمێکدا لە هۆڵی شازادەی ئۆتێلدا وەردەگرت، وتی: "من ئەم خەڵاتە بەناوی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، بە ناوی دایکانی شەممە، کە هەموو رۆژانی شەممە لە دەبستانی گالاتاسارا مان دەگرن، بەناوی سەرجەم هونەرمەندەکان، بەناوی سەرجەم خەڵکی تورکیا وەردەگرم. پێویستە شتێکیشتان پێ بڵێم من بە رەچەڵەک کوردم و گۆرانییەکی کوردیم لەناو ئەلبومە تازەکەم داناوە، چونکە من بە رەسەن کوردم، گومانم نیە چەندین دەزگای راگەیاندنی بوێر هەن کە ئەلبومە تازەکەم بڵاوبکەنەوە، ئەگەر بڵاویشی ناکەنەوە نازانم لەبەرانبەر نەتەوەی کورددا چی دەڵێن؟ سپاستان دەکەم". دوای تەواو بوونی قسەکانی، چەندین هونەرمەندی تورک هێرشیان کردە سەری و هاواریان کرد: خاین! برۆ دەرێ، هیچ شتێک لە تورکیا نیە بەناوی کورد و زۆر بێرێزی دیکە بە نەتەوەی کوردو هونەرمەندە بوێرەکەی کرا. لەو بەناو هونەرمەندانەی کە پێشەنگایەتی ئەو بێ رێزیانەیان دەکرد بریتی بوون لە ئیبرۆ گۆندیش، سەردار ئۆرتاچ و رەها موهتار.

دادگای ئاسایشی نیشتمانی تورکیا لە ٣٠ی نیسانی ١٩٩٩دا تۆمەتی خەیانەتی نیشتمانیی دایە پاڵ ئەحمەد کایا و لە هەموو لایەکی تورکیاوە تورکە توندڕەوەکان هێرشیان کردە سەری، لەو ماوەیەدا، ئەحمەد کایا چووە ئەوروپا، دادگای ئاسایشی نیشتمانی تورکیا لە دوا دانیشتنیدا، بەبێ ئامادەبوونی کایا، سزای زیندانی کرانی بۆ دەرکرد.

### ئەو کەسانەی گۆرانی دەڵێن نابێت لە ترس بترسن

ساڵی ٢٠٠٠ ئەحمەد کایا بەیەکجاریی رووی لە فەرەنسا کرد، بەڵام تاراوگە نەیتوانی برینەکانی ئەو سارێژ بکات. ژیان لە غەریبی زۆری نەخایاند و لە رۆژی ١٦ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٠ لە فەرەنسا کۆچی دواییکرد و لە تەنیشت گۆڕی سینەماکاری بەناوبانگی کورد یەڵماز گۆنایەوە ئەسپەردەی خاککرا.

ئەحمەد کایا لە دیمانەیەکیدا لە ئەورووپا دەڵێت رۆژێک دێت کەسێک ئەو بەسەرهاتە بنووسێت کە مرۆڤێک دەیەویست گۆرانی کوردیی بڵێت لەبەر ئەوەی کە کورد بوو بەڵام رێگای پێ نەدرا. ئەو هیچ وڵاتێک پارچە پارچە ناکات. ئەو کەسانەی کە ئەو بەسەرهاتە دەخوێنن دەزانن کە ئەو کەسانەی گۆرانی دەڵێن نابێت لە ترس بترسن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی دارکا مازی - رێکەوتی: ١٧ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## ئەحمەد كایا ١٦ی نۆڤامبری ٢٠٠٠



**عەزیزی سیامەندی**

**دەساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژێکی ئاوا دا ئێمە دۆست، هونەرمەند، شاعیر، گۆرانیبێژ و پارێزەرێکی مافی مرۆمان لە دەست دا. ئەمن لە ژیانم دا ئەو ڕۆژە قەت لە بیر ناکەم کاتێک دوکتور پێی گوتم ئیدی هیچی لە دەست نایە و ئەحمەد ناژی. ئەحمەد لە ئاویلکەدان دا دەستی دە دەستی گویلتەن و کچەکەی دا بوو. ئەمن بە بەرچاومەوە دوادەمی ژیانی پارێزەرێکی مافی مرۆم دەدی کە لە ماوەی ژیانی دا بوێرانە بۆ پاراستنی مافی کەمایەتییەکان و ئازادییان لە هەر شوێنێک خەباتی دەکرد. ئەحمەد کایا دەیزانی گەلی کورد زوڵمی گەورەی لێ کراوە و دەیەویست ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی بە سەر شێوەی فەرمانڕەوایی لە وڵاتەکەی دابێ، ئەو لەو کوشتوبڕە بە کۆمەڵەی کە ئەرتەشی ترکییە بە دژی کوردەکانی کردبوو ئاگادار بوو، دەیزانی منداڵانی دێرسیم بە ساوایی کوژراون،دەیزانی خەڵک بە کۆمەڵ لە زێدی خۆیان دوور خراونەتەوە و ئەرتەشی ترکییە گوندی کوردانی خاپوور کردووە و بە هەزاران کەسی دڵڕەقانە لە زیندانان دا توند کردووە.**

**ئەمن یەکەم جار بە دەم کۆنفرانسێکی چاپەمەنییەوە لە پاریس لە گەڵ ئەحمەد ناسیاویم پەیدا کرد و ئەوە بووە سەرەتای دۆستایەتییەک کە هەتا سەر بەردەوام بوو. پێش ئەحمەدیش من یەڵماز گونەییم ناسی و ئەویش لە غەریبایەتی لە سێپتامبری ١٩٨٤ سەری نایەوە.توانایی و مرخی ئەحمەد لە گۆرانیبێژێکی ئاسایی، لە شاعیرێکی ئاسایی زیاتر بوو. ئەو لە ماوەیەکی کورت دا زۆر کاری گەورە گەورەی لە بواری موسیقا دا پێشکێش کرد. نێوەرۆکی شێعری گۆرانییەکانی کە زۆربەی بۆ**

خۆی دەینووسین چیرۆكی ناعەدالەتی دەگێرنەوە؛ چەمكێک كە ئەو قەت نەیدەویست سەری لە بەر دانەوێنێ و بەردەوام خەباتی بەدژی دەكرد. ئەو داوخوازی ئەوە بوو بتوانێ بە زمانی بە ناحەق قەدەغە كراوی خۆی، كوردی، بچڕێ.لە ساڵی ١٩٩٨ كە خەڵاتی باشترین گۆرانیبێژی ساڵی پێ بەخشرابوو لە ڕێوڕەسمی وەرگرتنی خەڵاتەكە دا كاتێک ڕایگەیاند لێبڕاوە بە كوردیش گۆرانی بڵێ و كلیپێک بڵاو بكاتەوە، دڵڕەق و خێرنەخوازان هەر لەو ڕێورەسمەدا هێرشیان كردە سەری و هەڕەشەی كوشتنیان لێ كرد.

ئەو بۆ ئەوەی هەر وا بە خۆڕایی نەكەوێتە زیندان و بەر ئەشكەنجەی نامرۆیانە، بە نابەدڵی ناچار بوو وڵاتی خۆی بە جێ بهێڵێ. ئەگەر مابایە وەک زۆر هونەرمەند و نووسەری دیكە بە پێی مادەی ٣٠١ی قانوونی سزا بە تاوانی "خیانەت بە وڵات" حوكم دەدرا. ئەحمەد زۆریش دڵپەشێوی ئەندامانی بنەماڵەكەی بوو. لە ساڵی ١٩٩٩ توركییەی بە جێ هێشت و لە دوای ناسیاویمان تا ١٨ مانگ بەردەوام لە گەڵی دە پێوەندی دا بووم. ئەمن لە ئەحمەد كایا دا ئینسانێكی گەورەی ووشیارم بەدی كرد كە دڵێ بۆ وڵاتەكەی لێی دەدا و هەمیشە لە بیری ئەوە دابوو ڕۆژێک زووتر بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی. كاتێک یەكتریمان ناسی نە ئەو كوردی باش دەزانی و نە ئەمن توركییەكەم تێری دەكرد بەڵام دوای ماوەیەک بە هاسانی لە یەكتری تێدەگەیشتین. لەو ماوە كورتەی دا كە لەهەندەران بوو لە سوید، سویس، دانمارک، ئینگلیستان و ئەڵمان چەند كۆنسێرتی پێشكێش كرد. دەساڵ لەوەپێش لە ڕۆژێكی وەک ئەمڕۆ لە ١٦ی نۆڤامبری ساڵی ٢٠٠٠ لە سەعات ٧ی بەیانی ئەمن لە نەخۆشخانە لە لای بووم كە دوكتوران هەرچی حەولیان دا نەیانتوانی ڕزگاری كەن و گیانی پاكی ئەسپارد. دوای ئەوە ئەمن واقم وڕمابوو، باوەڕم نەدەكرد ئەحمەد وا زوو بمرێ. دەمدی ئەوە گەلی كورد ڕۆڵەیەكی بە ئەمەگی خۆی لە دەست داوە. ئێستا ئەحمەد لە نێومان دا نییە ببینێ كە لە سایەی تێكۆشانی هونەرمەندی وەک ئەو ئیتر چیرِ گۆرانی گوتن بە كوردی قەدەغە نییە و خەباتی ئەو گەڵە بۆ داوخوازە ڕەواكانی هەر بەردەوامە.

سەرچاوە: ویبلاگنووسی روانگە - ڕێكەوتی: ١٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١٠

## کچەکەی ئەحمەد کایا: باوکم زۆر حەزی دەکرد فێری زمانی کوردی بێت



**ئارا هێمن**

**لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتی گۆڤاری "کوردستان کرۆنیکڵ" لەگەڵ مێلیس کایا کچی گۆرانیبێژی ناوداری باکوری کوردستان ئەحمەد کایا، چەند نهێنییەکی کایا وەک باوک ئاشکرا دەبێت.**

**ئاشکرایە باوکت گۆرانیبێژێکی ناودارە و جێی شانازیی زۆرینەی خەڵکە، ئەلبوومەکانی باوکت ڕیکۆردیان شکاند و گۆرانییەکانی لە یەکەمەکان بوون، سەرەڕای هەموو ئەوانە، بەهۆی ئەوەی کورد بوو و دەیویست بە کوردی گۆرانی بچڕێت، دووچاری دەربەدەری بووەوە و لە دەرەوە لە تەمەنێکی گەنجیدا سەری نایەوە، تۆ وەک کچی کایا لە دەرەوە لەگەڵی بوویت، غەریبی مانای چی دەگەیاند لای کایا؟**

ژیانکردن لە دەرەوەی وڵات لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، لای هەندێک دەرەوەی وڵات دەکرێت شوێنێک بێت بۆ دووبارە خۆدروستکردنەوە و لای هەندێکی تر وەک ئەوە وایە ئازارێکی زۆرت لەسەر شان بێت و باجەکەی بدەیت، هونەرمەندان پێویستە هەستەکانی خۆیان ئاو بدەن بۆ ئەوەی بەرهەمێکی باش پێشکەش بکەن، هەندێک کەس هەستەکانیان بەو خاکە ئاو دەدەن کە لێی هاتوونەتە دنیا، باوکیشم یەکێک بوو لەو کەسانە. باوکم لە دەرەوە هەستی

بەوە دەکرد پەراوێز کەوتووە، لە هەمان کاتدا بەخۆهاتنەوەیەک بوو بۆی، لە شەو و ڕۆژێکدا تەواوی ژیانی گۆڕا لەبەر ئەوەی گوتی: "من کوردم". کوردبوونی ئەو بووە هۆی ئەوەی سەر لە نوێ ژیانێکی تر دەست پێ بکاتەوە، لە وڵاتێک کە نازانی کوێییە و نازانی چییە، لەوێ تۆ چیتر ئەحمەد کایا نیت لەسەر شەقامەکان، ئیتر تۆ تەنیا دەبێ بۆخۆت بژیت. بەداخەوە باوکم زۆر بێتاقەت بوو بەو هەموو ڕقەی کە هەیانبوو بەرانبەری و دەربەدەری ئەوی بێزار کردبوو، باوکم زۆر دڵڕەنجاو بوو لە دەربەدەری، ئەوی دیویست بڵێ، "ساڵەهای ساڵە چەندان گۆرانیم بە زمانی ئێوە گوت، بەڵام هیوام وابوو یەک گۆرانی تر بڵێم کە بە زمانی خۆم بێت".

**پرسیار**: تا ئێستە سەردانی باشووری کوردساتانت کردووە (هەرێمی کوردستان)؟

**وەڵام**: بەدڵنیاییەوە، چەندان جار سەردانی هەریەکە لە هەولێر و دهۆک و سلێمانیم کردووە، گەشتم کردووە بەرەو دۆڵی بالیسان و سەردانی مەزارگەی شەهیدانی کوردستانم کردووە، هەر ئەوەندەی هەلێکم بۆ ڕێک بکەوێت دووبارە سەردانی باشوور دەکەمەوە.

**پرسیار**: کایا بە ڕواڵەت کەسێکی تووڕە دیار بوو، ئایا وەک باوکیش وابوو؟ چ جۆرە باوکێک بوو، لەبارەی کەسایەتییەکەی، ئارەزووی بە چ شتێک بوو؟

**وەڵام**: باوکم کەسێکی ڕووخۆش و قسەخۆش بوو، ئەو کەسێکی لیبراڵ بوو و لەسەرخۆ بوو، باوکێکی زۆر دڵسۆز و خەمخۆر بوو. حەزی لەوە بوو ببەخشێت، ئەگەر لە نزیکەوە تێکەڵی بیت، لە ژیانی تایبەتی خۆیدا ڕێک پێچەوانەی ئەو وێنەیەی بوو کە لە دوورەوە خەڵکی دەیبینی و وایاندەزانی تووڕەیە، لە ژیانیدا حەزی بە زۆر شت هەبوو، وەک یارییەکانی ناو کۆمپیوتەر، هەروەها ئاژەڵی زۆر خۆشدەویست، لە ماڵی خۆمان سەگ و بولبول و ماسیشمان هەبوو. بە بیرمە جەژنێکی قوربان مەڕێکی کڕی و نیازی وابوو بیکاتە قوربانی، لە باخچەکە داینا و گوتی، "زۆر خەمبارە مەڕەکە، ناتوانم و نامەوێت ئەمە سەرببڕێت!" چونکە نەیتوانی مەڕەکە سەرببڕێت، ماوەیەکی زۆر لە باخچەکەی خۆمان بەخێومان کرد و لای خۆمان هێشتمانەوە.

**پرسیار**: خۆشترین یادگاری چییە کە لەگەڵ باوکتدا هەتبووە و بە چ شتێکدا ئەوت بەبیر دێتەوە؟

**وەڵام**: زۆر یادگاری هەن، هەردەم یاریی لەگەڵ دەکردم و لە خوێندن و ئەرکەکانمدا یارمەتی دەدام، هیچ کات خێزانەکەی

خۆی پشتگوێ نەدەخست تەنانەت لە سەرقاڵترین کاتەکانی ژیانیشیدا. باوکم زۆر کەسێکی تایبەت بوو، زۆر کەسێکی دڵپاک و ڕاستگۆ بوو لەگەڵ ئەم دنیایەدا، بە شێوەیەک ئەوم بە بیر دێتەوە کە وا دەزانم کەسی ترم نەناسیوە لە ژیانمدا هێندەی ئەو خاوەن دڵێکی باش و جوان بێت.

**پرسیار**: بێجگە لە گۆرانی "کاروان"ی هونەرمەند خۆشناو تێلۆ، باوکت هیچ گۆرانییەکی کوردی تۆمارنەکردووە، ئایا کایا کوردی دەزانی و لە ماڵەوە بە کوردی قسەی دەکرد لەگەڵتان؟ پێوەندی باوکت چۆن بوو لەگەڵ زمانی کوردیدا؟

**وەڵام**: خۆت دەزانی باوکم منداڵی خێزانێک بوو کە بەرەو ڕۆژئاوای تورکیا کۆچیان کردبوو، ئەو ژیانی منداڵی و گەنجی لە ئیستانبوڵ بەسەر برد، بە گەنجی بە تەواوەتی لە زمانی دایک دابڕابوو، زۆر حەزی دەکرد فێری زمانی کوردی بێت، ئەوەی کە وای لێ کردبوو کەسێکی کامڵ نەبێت لە ژیانی، بریتی بوو لەوەی نەیدەتوانی بە زمانی دایکی بدوێت، ئەو هەردەم لە دڵیدا ئەو خەمەی قەتیس کردبوو کە کوردی نازانێت، و زۆر تووڕە بوو لە سیستەمەکە، کە وای لێ کردبوو زمانی دایکی نەزانێت. ئەگەر کوردی بزانیایە چەندان گۆرانیی کوردی جوانی بە زمانی کوردی تۆمار دەکرد. کە دەربەدەر کرا لە پاریس، مامۆستایەکی تایبەتی گرت بۆ ئەوەی فێری زمانی کوردی بێت.

**پرسیار**: کایا لە شیعرەکانی هەریەکە لە یوسف حەیالۆغلو، ئۆرهان کۆتان، ئەحمەد عارف، جان یوجەل، ئاتیلا ئیلهان، حەسەن حوسەین کۆرکمازگیل، ئێنڤەر گۆکچە، نەڤزات چەلیک، ئەحمەد ئێرهان، سەباحەدین عەلی و چەندانی تر گۆرانییەکانی ئامادە کردووە، ئەو چ هەستێکی هەبوو بەرانبەر بە شیعر؟

**وەڵام**: باوکم پێوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ شیعردا هەبوو، لەگەڵ ئەوشدا خۆی چەندان شیعری نووسیوە و کردوونی بە گۆرانی، لەگەڵ هەموو ئەو شاعیرانەی کە باست کردن، بۆ خۆیشی گۆرانی نووسیوە.

**پرسیار**: خەونی کایا چی بوو بەرانبەر بە کوردستان و دنیا؟

**وەڵام**: کایا خەونی ئەوە بووە کوردستان و دنیا لە ئاشتیدا ببینێت. بە ئاواتەوە کاری دەکرد بۆ هێنانە کایەی سیستمێک کە جیاوازی نەکات لە نێوان ڕەگەزەکان و نەبێتە هۆی دووبەرەکی، دەیویست ڕای ئازاد و بیری ئازاد ڕێزی لێ بگیرێت، دەشیویست سیاسەت ئامرازێک بێت بۆ بەدیهێنانی ئامانج، نەک ببێتە ئامانجێک، لە گۆرانییەکانیدا هەموو ئەوانە بەدی دەکەیت کە ئاماژەم پێی دا.



سەرچاوە
Serchawe


**پرسیار**: هەستت چۆنە کە کچی هونەرمەندێکیت؟ ئایا حەزت لە گۆرانیبێژی هەیە؟

**وەڵام**: لە ناو هونەر و موزیکدا گەورە بووم، ئەمە زۆر شتی بە من بەخشیوە و وای لێ کردووم چەند دیدگەیەکی جیاوازم پێ ببەخشێت بەرانبەر بە دنیا، موزیکی کلاسیک و پیانۆم لێ دەدا بۆ ماوەی چەند ساڵێک، بەڵام زۆر پرۆفیشناڵ و لێهاتوو نیم تێیدا و پلانم نییە ببمە هونەرمەند.

**پرسیار**: هەر کەسە و گۆرانییەکی ئەحمەد کایای پێ تایبەتە، تۆ حەزت لە کام گۆرانییەی کایایە و چ ئەلبوومێکی ئەوت پێ تایبەتە؟

**وەڵام**: بەڕاستی ناتوانم هەڵبژێرم، بۆ هەر کاتێک و لەگەڵ هەر هەستێکدا گۆرانییەکی تایبەتی ئەو لێ دەدەم، بەگوێرەی بار و دەروونی خۆم، چۆن هەست بکەم  و لە چ دۆخێکدا بم ئەو جۆرە لە گۆرانی پێدەکەم کە لەگەڵ ئەو کاتە گونجاوە، هەموو گۆرانییەکانی تایبەتمەندی خۆیان هەیە و جیاوازن لە گۆرانییەکانی تر.








سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە  ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠٢٤

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خاکەلێوەی ٢٧٢٥ی کوردی = ئەپریلی ٢٠٢٥ی زایینی

---





سەرچاوە
Serchawe




# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو نووسەران بۆ ئامادەکردن و نووسینی وتار و نووسراوەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**